
# رواندز

## له ئێستا و رابردوودا



بەسەرکردنەوەیەکی خێرای لایەنە ژیارییەکانی سنووری رواندز

نووسین و ئامادەکردنی: حوسێن مستەفا

٢٠١٣

رواندز له ئێستا و رابردوودا
بەسەرکردنەوەیەکی خێرای لایەنە ژیارییەکانی سنووری رواندز
نووسین و ئامادەکردنی: حوسێن مستەفا
٢٠١٣

# رواندز

# له ئێستا و رابردوودا

بەسەرکردنەوەیەکی خێرای لایەنە ژیاریەکانی سنووری رواندز

نووسین و ئامادەکردنی: حوسێن مستەفا

٢٠١٣

# رواندز لە ئێستا و رابردوودا

**بەسەرکردنەوەیەکی خێرای لایەنە ژیاریەکانی سنووری رواندز**

**نووسین و ئامادەکردنی: حوسێن مستەفا**

ناوی کتێب: ڕواندز لە ئێستا و ڕابردوودا

نووسین و ئامادەکردنی: حوسێن مستەفا

دیزاینی ناوەوە: سامی فەتاح

دیزاینی بەرگ: تەیب موعتەسم

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ : ( ) دینار

چاپی یەکەم: ٢٠١٣

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی( ) ساڵی( ٢٠١٣)ی پێدراوە

لەچاپخانەی ( ) لەچاپ دراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

# ناوەڕۆك:


| | | | |
|---|---|---|---|
| پێشەکییەکی کورت | ٦ | بزاڤی ڕۆژنامەنووسی لە ڕواندز | ٦٣ |
| ڕۆژی ڕواندز و سەردەمی زێڕینی | ٨ | بواری هونەری | ٧٠ |
| ناوی ڕواندز | ١٢ | بواری وەرزشی | ٧٤ |
| هەڵکەوتەی ڕواندز | ١٤ | ڕۆڵی ڕواندز لە شۆڕش و ڕا پەڕینەکان | ٧٦ |
| سنووری کۆن و ئێستای ڕواندز | ١٩ | بواری شوێنەوار | ٨١ |
| کورتەی مێژوو | ٢٦ | ئەشکەوتەکان | ٨٣ |
| بۆردومانکردنی ڕواندز لەلایەن ئینگلیزەکانەوە | ٣٤ | قەلاتەکان | ٨٩ |
| ڕۆڵی هەندێك کەسایەتی لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان | ٣٤ | پردەکان | ٩٤ |
| پارێزگارەکان و قائمقامەکانی سەردەمی عوسمانی | ٣٩ | گۆڕستانەکان | ٩٧ |
| ناوی قائمقامەکانی سەردەمی حکومەتی عێراق | ٣٩ | شوێنە کەلتوورییەکان | ٩٨ |
| ناوی بەڕێوەبەرەکانی ناحیەی ڕواندز | ٤٠ | سروشت و گەشت و گوزار | ١٠١ |
| ڕۆڵی زانایان و کەسایەتییە ئایینیەکان لە ڕواندز | ٤٣ | بواری پەروەردە و خوێندن | ١٠٧ |
| کتێبخانەی گشتی لە ڕواندز | ٤٧ | (شارەوانی، ئاو، کارەبا، تەندروستی ) | ١١٠ |
| بواری ڕۆشنبیری | ٥٠ | مافووری دەستکرد | ١١٧ |
| ڕەگە سەرەتاییەکانی لایەنی ڕۆشنبیری لە ڕواندز | ٥٠ | نووسەر لەچەند دێڕێکدا | ١٢٠ |

## ♦ پێشەکییەکی کورت :

لەسەروبەندی ئامادەکاریدابووین بۆ فیستیڤاڵی رۆژی رواندز، کە ساڵانە لە (١٩–٥)دا ساز دەکرێتو ئەمساڵیش بڕیاروایە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریو هونەری رواندز لەسەر بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان یادی بکاتەوە، لەکاتی دانانی بڕگەکانی فیستیڤاڵەکە، قائمقامی رواندز کاك سیروان سیرینی رووی لێنام تا بۆ ئەم یادەو لەو فیستیڤاڵە، رێبەری رواندز یان کتێبێك لەسەر رواندزو دەوروبەری بنووسم و وەك دیارییەکی جوان لە فیستیڤاڵەکە پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیو خوێنەرانو تامەزرۆیانی کتێبو ژیانو ژیاری رواندزی بکەم. لە راستیدا پێشنیارەکەم پێ پەسەند بوو، بەڵام هێندەی هێنامو بردم دیتم هەویرەکە ئاوی زۆر هەڵدەگرێو چەندین لێکۆڵینەوەو کتێب دەرەقەتی مێژووی ئەو شارە نایەن، بۆیە هاتمە سەر ئەو بڕوایەی کە بە کورتیو بە پوختی تیشکێك بخەمە سەر لایەنە ژیاریەکانی ئەو شارەو دەوروبەریو بەخێرایی بەسەریان بکەمەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وێڕای قەڵەمی خۆم، پێویستم بە چەندین سەرچاوەو کەسی شارەزاو لایەنی پەیوەندیدار بوو کۆمەکم بکەن، بە خۆشحاڵییەوە زۆربەیان ئامادەییان دەربڕیو ئەوەی پێیان کرا کردیان، بۆیە ئەم بەرهەمە هی هەموو ئەو پێنووسانەیە کە چ وەك سەرچاوە چ وەك نووسەر ناویان دە باسەکاندا هاتووەو شایانی دەستخۆشی لێکردنن، هەروەها جێی ئاماژەدانە کە وێنەکانیش بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی هەریەك لە بەڕێزان (م. زرار محەمەد مستەفا) و (م. سەعید ئەسعەد) و (تەیب موعتەسم) و (بنکەی شوێنەواری سۆران)و ( ئازاد محەمەد) و(سیروان حەسەن)و هەندێکیش کە پێویستی کردبێ لە ئینتەرنێت وەرگیراون.

ئەوەی زۆر مەبەستیشمە بیڵێم ئەوەیە، کە ئەم کتێبە بێ کەموکوڕی نییە، بەتایبەتی کە تا ئێستاش وەك پێویست سەرچاوەی جۆراوجۆرمان لەبەردەست دانین، ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ زۆر لە دامودەزگاکان داتاو زانیارییەکی ئەوتۆیان دەربارەی مێژوو و چالاکییەکانیانی خۆیان نەنووسیوەتەوە، هەروەك چۆن ئەم

کتێبە توێژینەوەیەکی زانستیانەش نییە، هەرچەندە پشتیشی بە هەندێ سەرچاوەو قەڵەمی شارەزا بەستووە، بەڵکو هەوڵێکە دەکرێ کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی رواندز لە داهاتوودا سوودی لێوەربگرنو بەرهەمی بەپێزتری لێ بەچاپ بگەیەنن.. درێژەی نادەمێو وەك چۆن کتێبەکەشمان بە کورتی لێبڕیوەتەوە، منیش لێدەبڕمەوەو بە دڵی خۆشەوە داوەتی خوێندنەوەی کتێبەکەتان دەکەم، کە بەسەرکردنەوەیەکی پوختو خێرای ژیانی رواندزو دەوروبەریە لە مێژووی ئێستاو رابردوویدا، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریو رووداوە تاڵو شیرنانەی، کە بوونەتە ناسنامەو سامانێکی گەورە بۆ ناوی رواندز بە خاکو خەڵکەکەی، بە شارو گوندەکانی. بەهیوام کە ماندووبوونەکەم مایەی سوود بێت بۆ هەموو لایەك.....

حوسێن مستەفا

نیسانی ٢٠١٣– رواندز

## • ڕۆژی ڕواندز و سەردەمی زێڕینی

خولیایەکی لەمێژینەی هزرمان بوو بەرهەمێکی ناوازە پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکەین بۆ سوود گەیاندن بە توێژی خوێندەواران و نەوەی نوێی ڕواندز، بۆ بەرچاو ڕۆشنیو شارەزابوون بە ڕووداوگەلو مێژووی شاری پاشا، ئەوەبوو ئەم بەرهەمە لەچەشنی بەرگێکی قەشەنگو ناوازە لەسەر شاری ڕواندز فەراهەمهات.

دەستخۆشییەکی گەرم لەم بەرهەمە جوانە دەکەم و ئەرك و ماندوبوونی برای دەستڕەنگینی ئامادەکار (کاك سەید حوسێن) بەرز دەنرخێنین، کە ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرتو پرژایە سەر نووسینو ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە.

بۆ بەرز ڕاگرتنو ڕێزگرتن لەتەواوی هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی ڕواندزو دەوروبەری، هەروەها ڕۆڵی بەرچاویان لە شۆڕشو ڕاپەڕینەکان دژ بە سیستەمە دیسپۆتیزمەکان بەدرێژایی دیرۆك، لەئەنجومەنی قەزای ڕواندزو بەپاڵپشتی سەرۆكو ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیو تەواوی لایەنە سیاسییەکانو گشت چینو توێژەکان بڕیارمان دا کە (١٩/٥)ی هەموو ساڵێك بکرێ بە ڕۆژی ڕاوندز. ساڵانەش بەفستیڤاڵێکی هونەری کەلتووری ڕەنگاو ڕەنگ یاد بکرێتەوە.

نووسین لەسەر مێژووی ڕواندز ماندووبوونو شەونخوونی دەوێ، چونکە سەرچاوەکان زۆر کەمن، بەڵکو دەتوانم بڵێم دەست ناکەون! ئەوەی هەیە (مێژووی میرانی سۆران) ی مێژوونووسی کورد (حوسێن حوزنی موکریانی)، کە ئەویش لە کتێبی "مەلیخا"ی وەرگرتووە (مەلیخا ــ پەرتووکێکی مێژووی وڵاتی سۆرانە بەفرمانی میر محەمەد لەسەردەمی خۆیدا لەلایەن میرزا محەمەد بەفارسی لەسەر شێوەی هەڵبەست تۆمارکراوە) ، بەڵکو دەتوانم بڵێم تاکە سەرچاوەی پشت پێ بەستوو بۆ گێڕانەوەی مێژووی ڕواندز، کە پشتی پێ ببەسترێت، سەربردەو باس و گێڕانەوەی پیرە پیاوە بەتەمەنەکانی شاری ڕواندز بووە. بۆ ئەوەی لەیادی نەکەم پەرتووکێکی نایابی دیکەشم بینیوە لەسەر ڕواندز، بەناونیشانی (مێژووی ڕواندز) لە نووسینی (مەمدوح مزوری) ، کە بەهەقیقەت جێگەی دەستخۆشیو سوپاسە، چونکە بەم بەرهەمەی

بەڕێزیان، وەك مەرجەعێك بۆ مێژووی ڕووداو و باس‌و خواسەکانی ڕواندز، کتێبخانەی کوردی لەلایەنی مێژوویی‌و جیۆگرافی و...تد دەوڵەمەندو تۆکمەتر کردووە. وە بە شیعرێکی ناسك‌و جوانیش دەستی بە نووسینی کتێبەکە کردووە..

وەك مێژووی قائیمقامەکانی شاری ڕواندزو ڕۆڵی تەواوی بەرپرسانی کارگێڕی، هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە تاکو ئیمڕۆ، لەناویشیاندا سەید تەها ئەفەندی نەهری‌و فەوزی بەگ، کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە خزمەتکردنی هاونیشتمانیان‌و بەرەوپێش بردنی ڕواندز. نموونەی (سەید تەها ئەفەندی) نەوەی شێخ عەبیدوڵڵای نەهری، کە لەساڵی ١٩٢٣ وەك یەکەمین قائیمقام لەڕواندز دەستبەکار بووە، بەدەستوورێك ڕواندزی ڕووەو ئاوەدانی وەرچەرخاندووەو بەردی بناغەی ئاوەدانی‌و پێشکەوتنی دامەزراندووە. کارە نایابەکانی سەید، لەهیچ لایەکمان شاراوە نیە، هەر لەڕێگاوبان‌و ڕاکێشانی شەقامی ئۆتۆمبێل‌و دامەزراندنی چاپخانەو دەرکردنی گۆڤاری زاری کرمانجی‌و هێنانی ماکینەی هەنگوین‌و دەستگای جووجەڵە دەرهێنان‌و کەرەستەی ئاوریشم، تا دەگاتە دروستکردنی قوتابخانە درێغی نەکردووەو کۆڵی نەداوەو ڕۆژ بەڕۆژ ڕواندزی بەرەو پێشکەوتن‌و ئاوەدانی‌و گەشەسەندن بردووە. هەرگیز ئەم هەوڵ‌و تێکۆشانەی سەید تەها ـ لەوان سەردەمان ـ لەیاد ناکرێ و لەبەرچاوان ون نابێت..

لە ١٢–٥–٢٠٠٨، دوای (٢٩) ساڵ بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران (کابینەی پێنجەم) ژمارە (١١٣٢) ڕواندز جارێکی دیکە کرایەوە بەقەزا. ئەم شارە وێران‌و خاپوورە هەر لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە بگرە تا حکومەتە داگیرکەرو ستەمکارە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، پایتەختێکی بێناز بووەو بێبەش بووە لە بوژانەوەو ئاوەدانی‌و بیناکردنی تاکەکانی، تەنانەت بێبەش نەبووە لە وێرانی‌و زوڵم و زۆرداری‌و خاپوورکردن، ئاوڕی ئاوەدانی لێ نەدراوەتەوەو فەرامۆش‌و پشتگوێ خراوە، چەندین جار ئەم شارە دڵگیرو جوانە کاولکراوە، بەتایبەت لەسەردەمی بەعسی فاشی.

لەدوای بەقەزا بوونەوەی ڕواندز، وەك قائمقامێك، پشت ئەستوور بەخودای گەورە، لەپاشان بەپاڵپشتی سەرۆکایەتی هەرێم‌و هەوڵ‌و هیممەتی خەڵك‌و حکومەت توانیمان

ئەم ئەركە لەئەستۆ بگرینو ئاوێزانی ئەم ئەركە پیرۆزە بین.

بەندە، لەبواری كارگێڕیو ڕێبەرێتی لە وڵاتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا خوێندوویەتیو ماستەری لە (پەروەردەو لیدەر شیپ) وەرگرتووە. بەفەرمانی سەرۆكایەتی هەرێم لە ١٨-٣-٢٠٠٩ شەرەفی ئەم پۆستەی پێ سپێردراوە. وەك خزمەتكارێك، ئومێد دەكەم بەگوێرەی تواناو ئەو ئیمكانیەتەی بەردەست ئەگەر خزمەتێكی بچووكیش بێ پێشكەشی هاوڵاتیانی دەڤەرەكەمو شاری ڕواندزی (تا ئێستا بێنان)م كردبێ، ئەگەر توانیبێتم بەو ئەركەی لەسەر شانم بووە هەڵسابمو لەئاست پێداویستییەكانی شارو هاوڵاتیانی خۆم دابووبم، جێگەی خۆشحاڵیمە. بەڵێنم داوە خزمەتكارێكی بەوەفاو دڵسۆز بم بۆ خزمەتكردنی هاوڵاتیانی ئەم دەڤەرە. بەخزمەتكردنی ئەم شارە دێرینو پڕ لەشەهامەتیە بەختەوەرم. هەمیشە سەروەری خۆم لەوەدا بینیوەتەوە كە بە برا بچووكی خۆتانم قەبوڵ بكەنو بە ڕەخنەو سەرنج و تێبینیەكانتان دەوڵەمەندو هەمیشە ئاراستەم بكەن. سروشتی مرۆڤ وایە كە كەسمان لە كەمو كوڕیو هەڵەو كێماسی بەدەرنین. ئەوەی پێمان كرابێو لەتوانستی ئێمەدا بووبێت بەگوێرەی ئیمكانیاتی بەردەستمان تەقەلامانداوە بۆ خزمەتكردنو پێشكەشكردنی چەند پرۆژەیەكی خزمەتگوزاری، كە تا ئێستا زیاتر لە (٢٠٠) پرۆژەی خزمەتگوزاریو ئاوەدانكردنەوە لەدەڤەركەمان چوونەتە واری جێبەجێكردن.

هەروەها پرۆژەكانی ڕێگاوبانو پرۆژەی گەشتیاریو جێبەجێكردنی بەنداوی ڕواندزو جووت سایدی (هاملتۆن)و پردی پەڕینەوەی ئۆتۆمبێل بۆ بناری هەندرێنو نەخۆشخانەی (٥٠) قەڵەوێرەیی و دروستكردنی شاری ڕواندزی نوێو گەشتیاری لەبناری هەندرێن، وا كاریان لەسەر دەكرێتو بەتەواوبوونی ئەو پرۆژانەش ستراكچەری شارەكەمان دەگۆڕێتو دەبێتە خاڵێكی وەرچەرخانی گەورە.


ئەم پرۆژە خزمەتگوزارییانەی لە دەڤەرەكەمان چوونەتە واری جێبەجێ كردن، پێیانەوە خۆشحاڵینو سوپاسگوزارین گەر منەت بەسەر هاوڵاتیانمانەوە نەكەین بەو خزمەتانەی پێشكەشیان دەكەین، چونكە ئەمە ئەركی سەرشانمانە لەبەرامبەر ئەو متمانەو ئەركەی پێمان سپێردراوە. دەكرێ بڵێین گەر بە ویژدانەوە هەڵسەنگاندن بكەین لە ڕووی پرۆسەی خزمەتگوزاریو ئاوەدانیو بوژانەوەی شاری ڕواندز، ئیمرۆ

ڕواندز بەسەردەمی زێڕینیدا تێپەڕ دەبێت. هەڵبەتە بەپاڵپشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجوومەنی وەزیرانو پەرلەمانو پارێزگای هەولێرو هەماهەنگی فەرمانگەکانی سنووری قەزای ڕواندزو دەستبارگرتنی هاوڵاتیانی خۆشەویستی سنوورەکەمان، ئەم پرۆژانە چوونەتە واری جێبەجێ کردن. ئومێد دەکەین لەداهاتوویەکی نزیکدا بەرهەمی ئەو پرۆژانەی کە ماون بیانبینینو خەڵکی دەڤەرەکەمان خۆشنوود بکەین. دووبارە خۆمان بە بەختەوەرو خۆشحاڵ دەزانین، کە سوپاسگوزارین بۆ ئەو دەستبارگرتنو هەماهەنگیو هاوکاریو پشتگیریو پاڵپشتیەی خەڵكو حکومەت. ژیانێکی پڕ شادی و بەختەوەری بۆ گشت لایەك بە ئاوات دەخوازم. خوازیارم ئەم پەرتووکە ببێتە چەپکێکی بۆندارو پڕشنگدار بۆ کتێبخانەی کوردیو نەوەکانی ئێستاو داهاتوو، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی مێژووی ڕواندزی پڕ خەباتو خۆڕاگر. سەرکەوتوو بن، لەگەڵ حورمەتو خۆشەویستیمان بۆ گشت لایەك.

سیروان عەبدوڵڵا ئیسماعیل (سیروان سیرینی)

## ♦ ناوی رواندز:

سەبارەت بە ناوی رواندز چەند لێکدانەوەیەك هەیەو لە چەند سەرچاوەیەکدا هەر مێژوونووسە بۆچوونو دیدگای خۆی دەبڕیوە، ئێمە لێرەدا بەکورتی چەند نموونەیەك دێنینەوە، هەریەکە لە عەونی و مام هەژار[١] لە پەراوێزی فەرمانڕەوایانی سۆران ئاماژە بۆ ناوی رواندز دەکەن، عەونی دەڵێت:" {ئەوان، لە وڵاتی سۆران نیە، هەر رەوانەو گۆڕاوەو (ئە) لەجێی (ر) داندراوە، (دن) قەڵایە. ڕەواندز: قەڵای ڕەوان. ڕەواندز ناوێکی تازەیەو تەمەنی ناگەڕێتەوە بۆ پێش هەزاری کۆچی. ڕەوان رەنگە لە ڕاوەندەوە هاتبێ بە ناوی ئەو شارەوە کە ڕاوەندی گەورە بنیاتی ناوەو بە گفتی (معجم البلدان) بە ئالیەتی موسڵ ناسراوە، ئەوسا دەبێتە قەڵای ڕاوەند} ". هەرچی مام هەژارە دەڵێت:" {وێشدەچێ دزی ڕەوان بێ. ڕۆ، چۆمەو دز، دژە. واتا قەڵای چۆمان} ". بەپێی بۆچوونی مامۆستا مەلا



دیمەنێکی شاری رواندز

عەبدولکەریمی بیارە[٢]، رواندز لە دوو وشە پێکهاتووە، روان– واتە نێوان، دز– واتە دوو زێ، پاشان وشەی دوو زێ کورت کراوەتەوەو بۆتە دز. رواندز واتە نێوان دوو زێ، چونکە کەوتۆتە نێوان دوو زێ (خەلەندو خالەڕەش) بە زاراوەی ناوچەکە پێیان دەگوترێ (خەرەندو خارەڕەش). رای سەید حوسێن حوزنی[٣] سەبارەت بە ناوی رواندز دەڵێت:" {دوور نیە وشەکان بەمجۆرە بن (رەوەند) یانی کۆچەر، (دن) یانی قەڵات، (رەوەندن) یانی قەڵاتی کۆچەر، پاشان گۆڕاوەو بوویتە رواندز، چونکە ئەم شارە قەڵاتو قۆناغێکی کۆچەریان بووە} ". ئومێد شێرکۆ[٤] رایەکی مەلا ئەحمەد وەرتی دێنێتەوە لە کتێبی (رسالة ستراتيجية مدينة رواندز) کە دەڵێت:" {مەبەست لە رووان واتە دوو رووبارانەو دز مانای دژە واتا قەڵایە، واتا قەڵای رووباران} ".

ژمارەیەکی زۆری گەڕیدە، ڕۆژنامەوان، وەفدو نێردراو هاتوونەتە ڕواندزو هەریەکەو بەجۆرێكو بەپێی سەرچاوەیەکەوە، چ لە زاری خەڵکەوە بێ، یان لەڕێی ئەو کتێبو بابەتانەی لەسەر ڕواندز نووسراون، ئەمانیش رای خۆیان لەسەر ناوی ڕواندز دەربڕیوە.

تەنانەت ڕێنووسی وشەی (ڕواندز) ئێستاشی لەگەڵ دابێ بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە نەچەسپاوەو هەندێك بە ڕواندز، ڕواندز، رەواندز، ڕواندوز، رەواندوز، راوندوز. .دەینووسنو لەم کتێبەشدا کە نووسینو ئامادەکردنە، هەر نووسەر یان سەرچاوەیەك شێوەیەکی بەکارهێناوە، ئەگەرچی من بۆ خۆم پێموایە ( ڕواندز) گونجاوترینیانەو لە ناوهێنانی زارەکیشدا هەر دەگوترێ ڕواندز، لەگەڵ هەندێش شێوەی نووسینی ناوەکەم چ لە سەرچاوەکانەوە یان لە نووسەرانەوە پێگەیشتبێ کە بەرهەمیان لەم کتێبەدا هاتووە، وەك خۆیم هێشتۆتەوەو ساغکردنەوەم بۆ کەسانی پسپۆر بەجێ هێشتووە. بۆیە ئەگەر خوێنەر لەهەر جێگایەو ناوێکی جیای لەوەی تر بەرچاوکەوت، واباشە ئەویش تایبەتمەندی نووسینو دەربڕینی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێ، تا ئەو ڕۆژەی ناوی هەموو شارو گوندەکان لەناویشیاندا ڕواندز، ساغ دەکرێنەوە.

---

١– سەرچاوە: کتێبی (شەڕەفنامە. مێژووی ماڵە میرانی کوردستان– میر شەرەف خانی بەدلیسی/ و: هەژار)

٢– سەرچاوە: کتێبی (مێژووی ڕواندز)ی مەمدوح مزوری.

٣– سەرچاوەی پێشوو

٤– سەرچاوە: کتێبی (ڕواندز لە لاپەڕەکانی مێژوودا).

## • هەڵکەوتەی رواندز:

هەرچی سەبارەت بە هەڵکەوتەو جوگرافیای رواندزە، ئەوا لە سەرچاوەی کۆنو نوێدا باسی لێوەکراوە، مامۆستا ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر(٥) نموونەی بە هەندێك لەو گەڕیدانە هێناوەتەوە، کە هاتوونەتە رواندز یان لەسەر رواندزیان نووسیوەو دەڵێت:" {نیبور (١٧٦٥-١٧٦٦) گەشتێکی بە ناوچەکەدا کردووەو باسی رواندز دەکاتو دەڵێ (رواندز لەسەر چیایەکی سەخت رۆنراوە، لە هەردوو لای دۆڵی بچکۆڵە هەیەو تاکە رێگایەك هەیە هەڵدەکشێ بۆ ناو شارەکە)} ". هەروەها دەنووسێت:" {کلۆدۆس جێمس ریچ (١٨٢٠)، لە(گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠) لە باسی رواندزدا دەڵێت (رەواندز قەڵای هۆزێکی سەربەخۆی کوردەو مستەفا بەگ فەرماندەیە، ئەو قەڵایە کەوتۆتە سەر کێوی زۆر بەرزی گەلی (زاگرۆس)و (زێ)،


بەشێك لە زنجیرە چیای کۆڕەك

لایەکیانی کەل کردووە، لایەکەی تریشی لە هەندێ گەلی زیاتر رێگەی وا نزیکی تێدا نییەو بۆ بەرگری کردنیش زۆر چاك قایمکراوە} ". هەروەها نموونەی وەسفێکی عەبدولڕەزاق حەسەنی (٦) هێناوەتە بۆ رواندزو دەڵێت:" {بە یەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی بازرگانی دادەنرێتو بارەگای سەرکردەکانی کورد بەسەر هەموو خانووە بەرزەکانی دەوروبەری خەرەندو دۆڵو سەختەنە سەیرە سروشتیەکاندا زاڵە، بەسەر کەرتە شاخێکدا پەرشو بڵاوبۆتەوە، کە لە چیای بەرزی کۆڕەك دەبێتەوە تا دەگاتە لێوارێکی شاخی تەخت بەسەر رووباری رواندزەوەو بە تیژی بەرەو دۆڵەکەدا دەکشێو لەنێوان دوو دیواری بەرزو بەسامی شاخدا دەڕوات، سەرچاوەی

رووبارەکەی بۆ کانییەکانی چیاکانی دەوروبەرو کانییەکانی نزیك بە شار دەگەڕێتەوە...تد} ". شاری رواندز هەڵکەوتەیەکی سەختو دژواری هەیەو بە چیای بەرزو خەرەندی قووڵ دەورە دراوە، کەوتۆتە رۆژهەڵاتی شاری هەولێرو نزیکەی ١٠٠کم لێیەوە دوورەو نزیکەی ١٠٠٠م لەدەریاوە بەرزە، مەولود بیێخاڵی و تاریق جامباز(٧) نووسیویانە:" { ١٠٠٥م لەسەر دەریا بەرزترە و ٧٥کم لە شاری هەولێر دوورە} ". ئاوو هەواکەی دەکەوێتە ئاووهەوای ناوچەی دەریای ناوەڕاست، کە بە


دیمەنێکی پانکی گەشتیاری و چیای هەندرێن

زستانان ساردەو بەفرو بارانی لێ دەبارێ، شەوانی هاوینان شەماڵی فێنکەو رۆژانیش مامناوەندو گەرمە. دەکەوێتە سەر هێڵی پانی ٣٦-٣٧ و هێڵی درێژی ٤٤-٣٣. بەپێی زانیاریەکانی (دیوانی قائمقامیەتی قەزای رواندز) سەبارەت بە هەڵکەوتەی جوگرافیای رواندز، ئەوا:" {بەرزی رواندز لەسەر ئاستی دەریاوە (٧٠٦م)و پانیەکەی (٣٦,٠٧,٠٣)و درێژیەکەی (٤٤,٣١,٥٧)} ". رواندز ناوچەیەکی چیایی سەختەو پێدەشتی کشتوکاڵی زۆر کەمە، کەمتر کشتوکاڵی تێدا کراوەو

زیاتر لەوەڕگا بووە، بۆیە ئاژەڵو گاڕەشو وڵاخەبەرزەی تێدا بەخێو کراوەو بژێوی ژیانی زۆرینەی خەڵك هەر لەرێی ئاژەڵدارییەوە بووە. بەتایبەتی لەو گوندانەی کەوتوونەتە سنووری رواندز. زانیاریەکانی دیوانی قائمقامیەتی قەزای رواندز سەبارەت بە زەویەکان دەریدەخەن:" {رووبەری رواندز ٢٥٥١١ دۆنمەو رووبەری زەوی ئاوی ٢٠٧٠٧ دۆنمە، رێژەی باران بارین لەساڵێك بۆ ساڵێکی تر دەگۆڕێو لەنێوان ٤٠٠ملم تا ١٢٠٠ ملم دایەو بە زستانان ساردو هاوینان گەرمە، هەندێ جێگاشی مامناوەندن} ". نادر روستی(٨) سەبارەت بە هەڵکەوتەی رواندز دەنووسێتو دەڵێت:" {رواندز کەوتۆتە باوەشی کۆمەڵێك چیای سەرکەشو بەرز، لە باکووردا چیای زۆزكو حەسەن بەگ بەبەرزایی ٢٢٧٠م، لە رۆژهەڵاتیەوە چیای هەندرێن بە بەرزایی ٢٥٨٤م، لە باشووریەوە چیای کۆرەك بە بەرزایی ٢١١٥م، لە

رۆژئاواشیەوە چیای برادۆستو گۆڕەز بە بەرزایی ٢٠٥٨م. ناوەندی شارۆچکەکە کەوتۆتە سەر بەرزاییەك، کە لە رۆژهەڵات بە گەلی خەرەندو لە رۆژئاواوە بە گەلی خارەڕەشو لە باکوورەوە بە رووباری کاولۆکان دەورەدراوە، کە ٥٠ تا ١٥٠م قووڵ دەبن}". رواندز کەوتۆتە نێوان دوو گەلی، (خەرەند) لە رۆژهەڵاتی رواندزەو لە بێرۆوە دەست پێدەکات، تا لەگەڵ رووباری کاولۆکان یەکدەگرێتەوە، ئاوی رووباری دۆڵی ئاکۆیانو ئاوی رووباری مێگری پێدا دەڕوا. (ئەم دوو رووبارە زیاتر بە بەهارانو وادەی باران بارینو توانەوەی بەفر ئاوەکەیان زۆرە، دەنا لە هاویندا، مەگەر زستانەکەی بەفرو بارانی زۆر باریبێ، دەنا ئاویان ناگاتە بێرۆو دەروازەی خەرەندەکە).


خەرەندی رواندز

هەرچی گەلی باکووری رۆژئاوایە پێی دەگوترێ (خارەڕەش)و ئاوی رووباری کاولۆکانی پێدا دەڕوا، کە لە باڵەکایەتییەوە دێتو لەگەڵ ئاوی بێخاڵ لەناو گەلی خارەڕەش (مامۆستا زرار محەمەد دەڵێ لە شوێنێك یەکدەگرنەوە پێی دەگوترێ برێ سەیدا) و ئەوجا بەیەکەوە دەڕژێنە رووباری گەلی عەلی بەگ.

ئەو زنجیرە چیایانەی کەوتوونەتە سنووری رواندز بریتین لە چیای (کارۆخ)، کە بەسەر ناحیەی وەرتێو گوندی سەران لە دۆڵی ئاکۆیان دادەڕوانێو هاوسێی چیای (هەندرێن)ەو کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی شاری رواندز، نادر روستی[9] دەنووسێ:" {بەرزی چیای هەندرێن (٢٥٨٤م)ە بەسەر دەریاوە} ". کارۆخ و هەندرێن دوو چیای بەرزنو رووبەرێکی بەرفراوانیان هەیەو لە رۆژهەڵاتی رواندزن. چیای (دڕەبی)و (مامەڕووتە) کەوتوونەتە باکووری رۆژهەڵاتی رواندز لەسنووری وەرتێ، زنجیرە چیای ئاراسن– کۆڕەك: بێڕێژ، بەڕنك، زێڕین، کێل کێل، بێجان، ئارمووشە، کەوتوونەتە باشووری رۆژهەڵاتی رواندز لە دۆڵی ئاکۆیان، کە زنجیرە چیایەکی پێکەوە بەستراوی زۆر جوانو دیمەنێکی ئەفسووناوییان داوەتە ناوچەکەو لە هەردوولاوە بەسەر دۆڵی

ئاكۆيان‌و دۆڵی (ئالانه – باليسان)دا ده‌ڕوانن. نادر روستی سه‌باره‌ت به‌ چیای كۆڕه‌ك ده‌نووسێت‌و ده‌ڵێت:" {چیای كۆڕه‌ك ٢١١٥م به‌رزه‌ به‌سه‌ر ده‌ریاوه‌} ". له‌ باكووری رۆژئاوای ئه‌و شاره‌ش‌و به‌وبه‌ری خاره‌ڕه‌شه‌وه‌ به‌نه‌باپشتیانه‌، كه‌ گردۆڵكه‌یه‌كه‌و به‌سه‌ر باپشتیان‌و گه‌لی عه‌لی به‌گ‌و گه‌لی خاره‌ڕه‌ش داده‌ڕوانێ.

خه‌ره‌ندی رواندز گه‌لییه‌كی زۆر قووڵه‌و دیمه‌نێكی زۆر ناوازه‌و جوانی هه‌یه‌، هه‌ركه‌سێك رێی بكه‌وێته‌ سه‌ر ئه‌و خه‌ره‌نده‌، ئه‌گه‌رچی رێبوارێكی به‌په‌له‌ش بێ، راده‌وه‌ستێ‌و له‌ دیمه‌نه‌ سه‌رنجڕاكێشه‌كه‌ی راده‌مێنێ‌و وێنه‌ی یادگاری لێ ده‌گرێ، به‌هاران ئاوی رووباری مێگرو ئاوی كانیه‌قوڕو گه‌روێ ره‌زانی وه‌ك تاڤگه‌یه‌كی جوان ده‌ڕژێته‌ ناو، به‌ڵام ئه‌مه‌ ته‌نها له‌ به‌هاران‌و له‌كاتی بارانبارینه‌، كه‌ ئاو هه‌یه‌، ده‌نا ئه‌و تاڤگه‌یه‌ وشك ده‌بێ، هه‌روه‌ها ئاوی مێگریش كه‌ كۆتایی به‌هارو سه‌ره‌تای هاوین له‌ كه‌می ده‌دا، ئه‌ویش ناگاته‌ ناو خه‌ره‌ند. له‌ ده‌روازه‌ی سه‌ره‌وه‌ی خه‌ره‌نده‌وه‌، واته‌ له‌لای سه‌یرانگای بێرۆوه‌ رێگا به‌ناو خه‌ره‌ند شۆڕده‌بێته‌وه‌ تا ده‌گاته‌ (كاولۆكان).


دیمه‌نێكی جوانی گه‌لی خاره‌ڕه‌ش تا گه‌لی عه‌لی به‌گ

هه‌روه‌ها دوو پیاڕێی دیكه‌ی زۆر سه‌ختیش هه‌ن، كه‌ له‌ رواندزه‌وه‌ ده‌چنه‌ ناو خه‌ره‌ند، ئه‌ویش گورگه‌ده‌ری گه‌وره‌و گورگه‌ده‌ری گچكه‌ن. هه‌رچی گه‌لیه‌كه‌ی تری رۆئاژوایه‌ كه‌ خاره‌ڕه‌شه‌، ئه‌میش زۆر قووڵ‌و سه‌خت‌و عاسێیه‌، رێگای له‌ گه‌ڕه‌كی (كاولۆكان) بۆ ده‌ڕوا. ناوی خاره‌ڕه‌ش له‌ ناوی ئه‌و گیایه‌وه‌ هاتووه‌، كه‌ له‌ناو گه‌لیه‌كه‌ شین ده‌بێ، گیایه‌كی ره‌نگ سه‌وزی تێری قه‌د ره‌شه‌و زۆر له‌مێژه‌ وه‌ك ده‌رمان بۆ ده‌ردانی (به‌رد و لمی گورچیله‌... ) به‌كاردێت، ئه‌ویش به‌ كوڵاندنی په‌لكه‌كانی‌و خواردنه‌وه‌ی وه‌ك چا. هه‌روه‌ها پیاڕێیه‌كی زۆر سه‌ختیش له‌ گه‌رووكه‌ی كوورێ، له‌ دامێنی ئه‌و شوێنه‌ی ئێستا پرۆژه‌ی پانكی گه‌شتیاری لێ دروستكراوه‌، داده‌به‌زێته‌ ناو گه‌لی خاره‌ڕه‌ش.

هەرچی گوندەکانن ئەوا دیمەنێکی جوانو دڵڕفێنیان هەبووەو هەیە، ئاوی سازگاری کانیاوەکان دیمەنەکەیان ئەفسووناوی تر کردووەو خەڵکەکەش باخچەو رەزیان لە گوندو قەدپاڵی چیاکان داناوەو جۆرەها میوەجاتو سەوزەیان تێدا بەرهەم هێناوەو بۆ وەرزی زستانەشیان لێ وشك کردۆتەوەو هەڵیانگرتووە، ئەوەی لە خۆشیان زیادبووە هێناویانەتە رواندزو پێداویستییەکانی ئەو شارەو دەوروبەریشیان پێ پڕ کردۆتەوە.

---

٥- سەرچاوە: کتێبی (رەواندز.. توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسیە)

٦- سەرچاوە: کتێبی (عبدالرزاق الحسني- العراق قديما و حديثا)

٧- سەرچاوە: کتێبی (رەواندز شارەکەی پاشای گەورە)

٨- سەرچاوە: کتێبی (گەشتێك بۆ گەشتوگوزار -بەرگی یەکەم)

٩- سەرچاوەی پێشوو

## ♦ سنووری کۆن و ئێستای رواندز:

مێژووی دروستبوونی شاری رواندز دیار نیە، بەڵام هەندێك سەرچاوە باس لە هەزار ساڵ پێش زایین دەکەن، کە ئاشووریو ئەرمەنی تێدا نیشتەجێ بوونە، مەلا عومەرە فەندی[10] لە نووسینەکانیدا ئاماژە بەوە دەکاتو دەنووسێت:" {رواندز لە کۆنەوە لەناو وڵاتی مەساسیر دابووە، مەساسیریش لەژێر حەکمی ئەرمەنیەکان دابووەو سەردەمێکیش وڵاتێکی سەربەخۆ بووە. رواندزی ئەوکات لە نێوان گوندی کەڕەكو بانەزێوکی بناری کۆڕەکدا بووە. مێژوونووس ئەمین زەکی بەگ دەربارەی مەساسیر دەڵێت: (مەساسیر لە کۆندا ناوی ئەو وڵاتە بووە، کە ئەکەوێتە نێوان رۆژئاوای کێلەشینو رواندزی ئیمڕۆ، وە مەرکەزی ئەو وڵاتەش رەنگە هەر رواندزی ئێستا بووبێ} ".

لە سەردەمی زوودا، سنووری کارگێڕیو باژێروانی رواندز هەر لە کێلەشینەوە لە باکوور تا کلکەی زنجیرە چیای زاگرۆس لە سنووری حاجی ئۆمەرانو حەسارۆست لە رۆژهەڵاتەوە، درێژ دەبووەوە تا زێی بادینان لە سورچیایەتی لە رۆژئاوا، لەوێشەوە بۆ باتاسو خۆشناوەتی لە باشووریەوە، بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میر محەمەدی پاشای گەورە، ئەو شارە بوو بە سەنتەری ئیمارەتی سۆرانو تا لاجان لە رۆژهەڵات، ماردین لە باکوورو تەلەعفەر لە رۆژئاواو پردێ لە باشوور درێژ بووەوەو بوو بە وڵاتێکی پانو بەرینو سەربەخۆ. مامۆستا مەمدوح مزوری[11] سەبارەت بە سنووری رواندز دەڵێت:" {لەپێشدا سنووری رواندز لە رۆژهەڵاتیەوە زێی پشدەر، لەلای رۆژئاواوە تا زێی بادینان، لەلای سەروو (باکوور)ەوە کێلەشینی شنۆ، لەلای خواروو (باشووریەوە) کۆیسنجاق بووە، مەرکەزەکەیشی رواندزی ئێستا بووە} ".

مەولود بێخاڵیو تاریق جامباز[12] جوگرافیای رواندز بەگوێرەی چیاکان دەستنیشان دەکەنو دەنووسن:" {رواندز دەکەوێتە داوێنی بناری چیای کۆڕەكو لەنێوان دوو دۆڵی قووڵ، لە باکوورەوە چیای زۆزكو حەسەن بەگ، لە باشووریشیەوە کۆڕەكو ئارمووشە، لە رۆژهەڵاتیشیەوە چیای هەندرێنو لە رۆژئاواشەوە چیای برادۆستو

دەشتە دیانو گۆڕەز دەوریان داوە}". لە سەردەمی میرنشینی سۆران بە قسەی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوایی ژمارەی تەواوی هۆزو خێڵەکانی رواندز (٤٠ هەزار) ماڵ بووەو تەنیا لە شاری رواندز لە سەردەمی پاشای کۆرە (٢ هەزار) ماڵ بووەو بەگوێرەی ئەوکات (١٠ هەزار) کەس بووە. وە ژمارەی هۆزە سەرەکیەکانی رواندز ( ٦) هۆز بوونە لە (باڵەك، سورچی، برادۆست، خۆشناو، شێروانی، ئاکۆ).

(مستەفا جندیانی)[١٣] لە نووسینێکی تایبەت بەم کتێبە سەبارەت بە سنووری یەکەی کارگێڕی رواندز لە سەردەمی عوسمانیەکانەوە تا هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەنووسێتو دەڵێت:" {رەواندز بەدرێژایی مێژوو هەمیشە شوێنی دیارو بەرچاوی خۆی لە بوارە جیاجیاکانی شارستانیەتو مێژووو سیاسیو کەلتوریو کۆمەڵایەتی هەبووە، لەسەردەمی میرنشینی سۆران بەتایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوایی میر محەمەدی ناسراو بە پاشای گەورە، کە بە سەردەمی زێڕینی میرنشینەکە دەناسرێت، رەواندز پایتەختی گەورەترینو بەجموجۆڵترین میرنشینی سەردەمی خۆی بووە.





لە دوای ڕووخاندنی میرنشینەکە لەلایەن عوسمانیەکانەوە بە یارمەتی راستەوخۆی والی بەغداو شاکانی قاجاریو فشاری ناڕاستەوخۆی ئینگلیزو قەیسەریەکان، ئیدی ئەستێرەی گەشی رواندز لە ئاسمانی کوردستان بەرەو کزی ڕۆیشتووەو ماوەیەك بە میرنشینێکی ژێردەست، وەك نیمچە ولایەتێکی پشتگوێخراو ماوەتەوە، تا دواتر بۆتە قەزایەك لە قەزاکانی سنجەقی شارەزوور سەر بە ولایەتی موسڵ. لە سەردەمی عوسمانیەکانیش رواندز قەزایەك بوو پێکهاتبوو لە سێ ناحیەی (دێرەو باڵەكو برادۆست). هەندێك جاریش ناوچەی بارزانی دەخرایە سەر. دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ماوەیەك لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای بەریتانی وەك هەرێمێکی

نیمچە سەربەخۆ بەڕێوە دەچوو، ماوەیەکی کەمیش ڕاستەخۆ سەر بەبەغداوە بوو، لە ساڵانی ١٩١٩ و١٩٢٠ میستەر (های) نوێنەری فەرمانڕەوای سیاسی بەریتانی بۆ ماوەی دوو ساڵ ڕواندزی بەڕێوە برد. لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە بە بڕیارێکی فەرمانی پاشایی‌و لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆی عێڕاق لە نیسانی ١٩٢١ دیسان رەواندز بوو بە قەزایەکی سەر بە لیوای کەرکوك، بەڵام ساڵی ١٩٢٢ کە هەولێر بوو بە لیوا، ئیدی رواندزیش بوو بە یەکێك لە (٥) قەزاکەی ئۆستانی هەولێر، کە لە سێ ناحیەی (مەرکەزی رواندزو باڵەك‌و برادۆست) پێکهات، پاشان لە ساڵی ١٩٤٧ هەریەکە لە ناحیەکانی هەریرو مێرگەسۆریشی خرانەسەر. وە لە ئاماری دانیشتوانی ساڵی ١٩٥٧، ئەو دوو ناحیەی دوایی لە قەزای ڕواندز دابڕێندران، بەڵام تەنها دوای ساڵێك واتە ساڵی ١٩٥٨ جارێکی تر ئەو دوو ناحیەیە خرانەوە سەر ڕواندز. ئەم سیاسەتە ناجێگیریە کارگێڕیەی حکومەتی عێڕاق لە شێستەکانی سەدەی ڕابردووشدا زیاتر دووبارە بۆتەوە، نەخاسمە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولی نەتەوەییدا. بەڵام لە ساڵانی حەفتاکان بەهۆی ڕێککەوتننامەکەی ئازارەوە تارادەیەك ناوچەکە بوژایەوەو لە سایەی پێنگاڤەکانی شۆڕشی ئەیلولەوە چەندین ناحیەی جیاجیا لە دەڤەرەکە هاتنە کایەوە، لەوانە ناحیەکانی دیاناو خەلیفان، دیارە گەورەترین دەسکەوتی کارگێڕی لە شۆڕشی ئەیلول بۆ ناوچەکە، کردنی ناحیەی باڵەك بوو بە قەزا بەناوی قەزای چۆمان، کە مەڵبەندی شۆڕش بوو. بەڵام دوای ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزائیر، کە لە بنەڕەتدا پیلانێکی نێودەوڵەتی بوو بۆ لەنێوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد، ئیدی سەرەتای نەهامەتیەکان دەستی پێکرد، کە بریتی بوو لە ڕاگواستنی ناوچە سەر سنووریەکان بە قووڵایی ١٠-٣٠ کیلۆمەترو


شارەدێی بەرزێوە

ئینجا بەرپابوونی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ئێران و دەستپێکردنی شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان و گرتنەبەری سیاسەتی خاك سووتاندن، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیو کاریگەری خراپی لە ڕەوشی کارگێڕی کوردستان هەبوو بە تایبەتی سنووری قەزای ڕەواندز، هەر لە بەرتەسککردنەوەی رووبەری قەزاکەو کەمکردنەوەی یەکە کارگێڕیەکانی و ڕاگواستنی زۆربەی هەرەزۆری گوندەکان، بەجۆرێك سیاسەتی ڕژێم لەسەر ناوچەکە ئەوەندە کاریگەرو شۆڤینی بوو، کە ئەم جارە ئاڵگۆڕە کارگێڕییەکان خودی رواندزیشی گرتەوە، ئەوە بوو بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا لە قەزاوە کرایە ناحیەیەکی بچووککراوەی بێ کارگێڕیی پشتگوێخراو }". تا ئێرە نووسینەکە هی نووسەر مستەفا جندیانی بوو.




خۆشبەختانە لە دوای رزگارکردنی عێراق لە دکتاتۆریەت و لەسەردەمی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جارێکی تر یەکەی کارگێڕی قەزا گەڕێندرایەوە بۆ رواندزو دواتر ناحیەی وەرتێشی بۆ کرایەوەو هەردوو شارەدێی ئاکۆیان و بەرزێوەش پێشنیار کراون بۆ بوون بە ناحیە لە سنووری قەزای رواندز.

هەرچی سنووری ئێستای ئەو شارەیە، بریتییە لە سنووری ناحیەی وەرتێ، کە لە رۆژهەڵاتەوەیە تا دەگاتە سنووری قەزای چۆمان، لەلای باکوور سنووری قەزای سۆران، کە هاوسنوورو نزیکترین ئاوەدانییە لە رواندز، (ئیچ قەلا) قەلای پاشای گەورە بۆتە سنووری نێوان باژێروانی ئەو دوو قەزایە. لە رۆژهەڵاتی باشووریشەوە دۆڵی ئاکۆیان و زنجیرەچیای ئاراسن درێژ دەبێتە تا سنووری قەزای رانیە، لە باشووریشیەوە زنجیرەچیای (ئارمووشە– مێگر– کۆڕەك) دەورەیان داوە تا دەگاتە سنووری ناحیەی خەلیفان. تێکڕای رووبەری رواندز نزیکەی (٨٠٩ کم) دووجایەو بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریاوە نزیکەی (١٠٠٠م) دەبێت. جەبار شێخ، بەرپرسی

کارگێڕی قائمقامیەتی قەزای ڕواندز، زانیارییەکانی دیوانی قائمقامیەتی بە ئێمە دا، کە دەڵێت:" {قەزای ڕواندز ئەم گوندو ئاواییانە لەخۆ دەگرێ بە ناحیەی وەرتێ و دۆڵی ئاکۆیان‌و دۆڵ مەنجەڵ، کە بریتین لە (بێخاڵ. لە دۆڵی ئاکۆیان: کەڕەك، ئاکۆ کەون، لۆغان، بنەکاول، ئاکۆیان، فەقیان، بنمێرد، گەرەوانی خواروو، گەرەوانی سەروو، کانی کەوان، سەران، سێوەك. لە دۆڵ مەنجەڵ: بەرزێوە، (بێشووك/ جندیان)، خەلکان، بێلینگر، زێوە، میراجیان، جنێراوە، بێنووریان، هەوارەکۆن، ماویلیان، زەروا، پیرسوانی نوێ، پیرسوان، بەرسیرین. لە ناحیەی وەرتێ: زێوەی وەرتێ، بەڕۆژی وەرتێ، سولی وەرتێ، کەلێتە، خانەقا، چنێران، چۆم بەڕوو، چۆم رەمان، گۆجاڕ، پردەشاڵ، زارگەلی، بۆکریسکان، گۆزینە، چنێران، بەرگرکە، رێزانۆك، بانەسارد، دەرگەڵە، چۆم ریخین، رەژوکەریان، سەرنەوس، بەرسول) . تێکڕای ژمارەی خێزانەکانی قەزای ڕواندز (٢٣٤٨) خێزانەو (١٢٣٦١) سەرخێزانە. تەنها لە سەنتەری قەزا، جگە لە قائمقامیەت ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌و فەرمانگەو بنکانە هەن‌و کاروباری خەڵك رایی دەکەن، کە بریتین لە: (سەرۆکایەتی شارەوانی ڕواندز، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕواندز، پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی ڕواندز، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری‌و هونەری ڕواندز، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ڕواندز، نەخۆشخانەی گشتی ڕواندز، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕواندز، بنکەی ئاسایشی ڕواندز، کتێبخانەی گشتی ڕواندز، یەکەی ڕەزگەری‌و دارستانی ڕواندز، بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی ڕواندز، فەرمانگەی ئاوی ڕواندز، فەرمانگەی کارەبای ڕواندز، بنکەی بەرگری شارستانی ڕواندز، بنکەی پۆلیسی ڕواندز، بنکەی هاتوچۆی ڕواندز، بنکەی بەیتەرەی ڕواندز، ناوەندی وەرزش‌و لاوانی ڕواندز، تێبینەرایەتی ئەوقافی ڕواندز، وێستگەی سووتەمەنی ڕواندز، بانکی ڕواندز، نووسینگەی پۆستەو گەیاندنی ڕواندز، فەرمانگەی رەگەزنامەو کاروباری ڕواندز، بنکەی نووسینگەی زانیاری، بنکەی مافووری دەستکردی ڕواندز، فەرمانگەی کەش‌و هەوای ڕواندز،.. }". هەرچی سەبارەت بە ناحیەی وەرتێیە، کە کەوتۆتە نێو دۆڵاییەك‌و دیمەنێکی دڵڕفێنی هەیەو لە زستانان ساردو لە هاوینان فێنك‌و سازگارە، ئەوا بەپێی زانیاریەکانی کارگێڕی ناحیەی وەرتێ:" {لە ٢٠-١٠-٢٠٠٩ بۆتە ناحیەو (کوێستان ئەحمەد قادر) لە ٢-

٢٠١٠-٢ بۆتە بەڕێوەبەری ناحیەکە. ناحیەی وەرتێ (١٥٢ کم) لە پارێزگای هەولێر دوورەو (٣٦ کم) لە قەزای رواندزو (٤٠ کم) لە قەزای سۆرانو (٣٥ کم) لە قەزای چۆمانو (٣٠ کم) لە قەزای رانیە دوورە، رووبەری زەویە کشتوکاڵیەکانی (١٢٠٠) دۆنم زەوی بەراوو (١٠٧٣) دۆنم زەوی دێمی هەیە.[١٤]. جگە لە بەڕێوەبەرایەتی ناحیە، ئەم بنکەو فەرمانگانە کاروباری خەڵك رایی دەکەن، وەك (سەرۆکایەتی شارەوانی وەرتێ، فەرمانگەی ئاو، بنکەی پۆلیس، بنکەی تەندروستی، بنکەی ئاسایش، بنکەی دارستان، فەرمانگەی کاروباری شارستانی، بنکەی کارتی زانیاری، بنکەی کارەبا). گوندو شاخو دۆڵەکانی سنووری ناحیەی وەرتێ دیمەنێکی جوانو دڵڕفێنیان هەیە، رێژەی بارین بارینی لەنێوان ٦٠٠ملم تا ١١٠٠ملم دەگۆڕێت. تەواوی ئاواییەکانی سەر بە ناحیەی وەرتێ لە کاتی ئەنفالەکان سووتێندراون، وە لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ ئاوەدان کراونەتەوە } ". کۆمەڵێك پرۆژەی خزمەتگوزاری لە وەرتێو دەوروبەری ئەنجامدراون، وەك دروستکردنی قوتابخانەو جادەو بنکەی تەندروستیو گۆڕەپانی چیمەنو راکێشانی کارەبای نیشتمانیو تۆڕی ئاوی خواردنەوەو...تد. چەند چیایەکی بەرزیش دەوری وەرتێیان داوەو هاوینەهەواری زۆر دڵڕفێنی هەیە، شۆڕش حەسەن[١٥] سەبارەت بە وەرتێ ئەم زانیاریانەی پێداین:" { لە باشوورو باشووری خۆرئاوا زنجیرە چیای کارۆخ درێژ دەبێتەوە تا دەچێتە سەر گوندی کەڵێتەو دەرگەڵەو سەران. هەرچی لە باکوورو باکووری خۆرهەڵات زنجیرە چیای دڕەبیەو گوندەکانی بۆکریسکانو زارگەڵی سنووری جیاکەرەوەی ناحیەی وەرتێن لەگەڵ گوندەکانی بناری قەندیلو ناحیەی ناودەشتو قەزای پشدەر. لە باشووری خۆرهەڵات چیاکانی بێترخێنو سەری بارێ، لە باکووری خۆرئاواشەوە چیای مامەڕووت هەیە. لە باشوور سنووری جیاکەرەوەی ناحیەی وەرتێ لەگەڵ ناحیەی



سەرکەپکان، زینی وەرتێیە. هەرچی سەبارەت بە هاوینەهەواری (مەکێ)یە، ئەوا ئەو هاوینەهەوارە زۆر فێنك‌و دڵگیرەو دیمەنێکی جوانی بە ناوچەکە بەخشیوەو هاوینان خەڵکی ناوچەکە بۆ کشتوکاڵ‌و هەم بۆ گەشت‌و سەیران رووی تێدەکەن، گوێزو ترێ‌و میوەجاتی دیکەی هەیەو شیناوەردی لێ دەکرێ‌و هەنگی تێدا بەخێو دەکرێ. مەکێ کەوتۆتە بناری چیای کارۆخ‌و باشووری خۆرئاوای وەرتێ. هەرچی هاوینەهەواری گۆجارە ئەوا کەوتۆتە باشووری وەرتێ لەبناری لوتکە چیای هەڵەموند لە زنجیرەچیای کارۆخ، هەروەها سەرگەڵیش شوێنێکی دڵڕفێنەو زۆزانێکی دڵگیری مەڕدارەکانە } ".

---

١٠- سەرچاوە: کتێبی (مێژووی رواندز- مەمدوح مزوری)

١١- سەرچاوەی پێشوو

١٢- سەرچاوە: کتێبی (رەواندز.. شارەکەی پاشای گەورە)

١٣- نووسەر و خاوەن چاپخانە و کتێبخانەی سۆران

١٤- (ناوی گوندەکانی ناحیەی وەرتێ لەسەرەوە لەگەڵ لیستی قائمقامیەتی رواندز هاتوون، بۆیە دووبارەمان نەکردنەوە: ئا)

١٥- مامۆستا شۆڕش خەڵکی ناحیەی وەرتێیە و ئێستا لە قەزای رواندز دادەنیشێ.

- **کورتەی مێژوو:**

بەپێی رایەکی عەونی مێژوونووس، رواندز ناوێکی تازەیەو تەمەنی ناگەڕێتەوە بۆ پێش هەزاری کۆچی، بەڵام ئەوەی زیاتر تیشکی خراوەتە سەر ئەوەیە، کە باپیرانی پاشای گەورە، هەر لە میر کەلۆسەوە تا دەگاتە مستەفا بەگی باوکی پاشا، رۆڵی سەرەکییان هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شارە، بە تایبەتی لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیدا بەپوختی باس لە سەردەمی یەك بە یەکی میرانی نەوەی میر کەلۆس کراوە، (زرار محەمەد مستەفا)[١٦] بۆ ئێمە دواو گوتی:" رواندز لە ساڵی ١٦٤٥ لەسەر دەستی ئۆغز بەگی گەورە کراوەتە پایتەخت". بەم پێیەبێ ئەو شارە زۆر زووتر لەسەردەمی پاشای گەورە، کە لە ساڵی ١٨١٣ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، پایتەختی دەسەڵاتی نەوەکانی میر کەلۆس بووە.




(جەمال نەبەز)[١٧] دەنووسێتو دەڵێت:" مستەفا بەگ لە دەوروبەری ١٧٨٠ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو کێشەو کوشتارانەی کە لە ئارادابوونە لەگەڵ میرو کەسە نزیكو دوورەکانی، نەیتوانیوە چیتر حوکمی ناوچەکە بکاتو داوای لە میر محەمەدی کوڕی کردووە دەسەڵات بگرێتە دەستو ببێتە پاشای رواندز، ئەمیش بە مەرجەوە داواکەی قبوڵ کردووەو لە ساڵی ١٨١٣ دەسەڵاتی گرتۆتە دەستو بووە بە میرو پاشای گەورەی رواندزیێ. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە (د. رۆس) درکاندوویەتیو بۆخۆی لە ٣ی حوزەیرانی ١٨٣٣ لە شاری ئاکرێ چاوی بە پاشای گەورە کەوتووە، تەمەنی ئەوکاتی بە چلو پێنج ساڵ خەملاندووە، بەوپێیە بێ ئەوا پاشای گەورە لە ساڵی (١٧٨٨) زایینی لە رواندز لەدایك بووە". حوسێن حوزنی موکریانی[١٨] دەنووسێت:" میر محەمەد ساڵی

١١٩٨ی کۆچی لەڕەواندز هاتۆتە جیهانەوە". بەڵام مامۆستا (مەمدوح مزوری)[١٩] دەڵێت:" میر محەمەد لە ساڵی (١٧٨٣)ی زایینی لە رواندز لەدایك بووەو لەلای مامۆستایانی وەك مەلا ئەسعەدی ماویلیو مەلا محەمەدی ئیبنو ئادەم خوێندوویەتیو لە ساڵی ١٨١٣ دەسەڵاتی میرایەتی لە باوکییەوە وەرگرتووە".

میر محەمەد زۆر قەڵای دروستکردوون، وەك ئیچ قەڵا، قەڵای ئاکۆیان، قەڵای بێجان، قەڵای کەلەکین، قەڵای سیدەکانو.. هەروەها ژمارەیەك پردی لەسەر رووبارەکان دروستکردوون، وەك پردی رووباری کاولۆکان، خەلکان، وارەکۆن، بەرسیرین، چۆمەرخین، ئۆمەراوەو...، میر محەمەد کارخانەی دروستکردنی تۆپی لە کاولۆکان داناوەو (وەستا رەجەب)ی لە ورمێ هێناوەو کانی ئاسنیان لە ناوچەی خواکوڕك دۆزیوەتەوەو بۆ دروستکردنی تۆپو چەكو تفاقی جەنگی سوودیان لێ بینیوە. حوسێن حوزنی[٢٠] دەنووسێت:" {میری گەورە ساڵی ١٢٣١ك لە گەڕەکی کاولۆکان کارخانەی شیرو خەنجەرو تفەنگو گوللە دروستکردنی دامەزراندو تۆپو گوللە داڕشتنی خستە ژێر فەرمانی وەستا رەجەب، دارتاشیو خەنجەرو تفەنگو دەمانچە دروستکردنی خستەدەست خان گلیدی} ". مامۆستا مەمدوح مزوری[٢١] سەبارەت بە کارگەی تۆپ دروستکردن لە کتێبەکەیدا دەڵێت:" {ئەم کارگەیە لە ساڵی ١٨١٧ دەستی بەکار کردووەو هەمان ساڵ، ٢٢٢ تۆپی قەبارە (٢ قینتار)و (٣ قینتار)و (٤ قینتار)ی لێ دروست کردوون} ". یەکێك لە تۆپەکان کە ئێستا لە باخچەیەکی نزیك قائمقامیەتی رواندز داندراوە، بە هەڵکۆڵین لەسەری نووسراوە (نصر من الله.....عمره محمد بيك ..عمل رجب سنة ١٢٠٣). جگە لە کارگەی تۆپ، میر محەمەد سککەی پارەشی بەناوو مۆری خۆی لێداوەو لەسەر ڕوویەکی دراوەکە بە زمانی عەرەبی نووسراوە (الامير المنصور محمد بيك)و لەسەر رووەکەی تر نووسراوە (ضرب في رواندز)، خوتبەی هەینیانیش بەناوی ئەوەوە خوێندراوەتەوە.

میر محەمەد هێرشو پەلاماری بردۆتە سەر هەرچوار لای، باڵەکیانو برادۆستو هەریرو کۆیەو رانیەو پردێو...تد گرتووەو بەشێکی قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانەکانی خستۆتە سەر قەڵەمڕەوی میرنشینی سۆران. لەو شوێنانەش قەڵاو پردو رێگاوبانی دروستکردوونو فەرماندەو کاربەدەستی خۆی لەسەر داناونو قایمی

کردوون. میر محەمەد لە ساڵی ١٨٣٠ سەربەخۆیی میرنشینەکەی رادەگەیەنێو دەست دەکات بە فراوانکردنی سنووری قەڵەمڕەوی، بۆ ئەم مەبەستەش دەستدەکات بە هێرشو پەلامار بۆ سەر میرنشینەکانی دەوروبەری خۆی. سەرەتا لە دەوروبەری خۆیەوە دەست پێدەکاتو هێرشدەکاتە سەر مامەکانی خۆی لە باپشتیانو برادۆست، ئینجا هێرش دەکاتە سەر قەڵەمڕەوی میرنشینی بادینانو لە ساڵی ١٨٣١ تا ١٨٣٣ دەیخاتە سەر میرنشینی سۆران، سەرەتا هێرش دەکاتە سەر ناوچەی داسنیان، ئامێدی، زاخۆ، ژەنگار، ئاکرێ، جزیرێ بۆتان، مێردین، نسێبین، ... دەگرێو فەرماندەی خۆی، یان هەمان پاشاکانی ئەوێی لە شوێنی خۆیان داناوەتەوە. میر محەمەد پەیوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ محەمەد عەلی پاشای والی میسرِ خۆش دەبێو هەوڵو هاوکارییان بۆ یەکتر دووپاتکردۆتەوە. محەمەد عەلی پاشا نامە بۆ میر محەمەدی پاشای گەورە دەنێرێو پەیمانی هاوکاری کردنی یەکتر دەدەن، لە هەر کاتێك کە پێویستیان بە راوێژ یان کۆمەك یان سوپای یەکتر هەبێ. رواندز لە سەردەمی میر محەمەددا بوژانەوەیەکی زۆری بەخۆوە بینیوە، لە هەموو بوارەکاندا پێشکەوتووە، میر محەمەد گرنگی زۆری داوە بە دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز، بۆ ئەمەش



پۆرترێتی پاشای گەورە - بە قەڵەمی محەمەد دیدی

کارخانەی دروستکردنی چەكو تەقەمەنی دامەزراندووەو وەستاکاری شارەزاو بلیمەتی وەك"وەستا رەجەب"ی هێناوەتە رواندزو ئەویش چەندین تۆپی جیاجیای داڕشتووە، هەروەها گوللەتۆپو تەقەمەنی دیکەیشی لە کارخانەکەدا دروست کردووە. گرنگی زۆریشی داوە بە دروستکردنی قەڵای قایمو پردو رێگاوبان، بۆ ئەمەشیان وەستا "برایمی ماویلی" رۆڵی بەرچاوو سەرەکی هەبووە. هەرچی لە بواری خوێندنە، ئەوا ئەو لایەنەیشی فەرامۆش نەکردووەو مەدرەسەی کردوونەتەوەو مامۆستاو عالمی گەورەی سەردەمەکە لە دەوروبەری کۆبوونەتەوەو پەرەیان بە خوێندەواریو لایەنی ئایینپەروەری خەڵکەکە داوە.

بەڵام ڕۆژگار بەباری ناهەمواریدا وەرچەرخاوەو دوژمنەکانی لێی ئالآون و لە هەموو لاوە پەلاماریانداوە، سەرەنجام سوپای پاشا شەکەت و ماندوو بووەو هێدی هێدی ناوچەکانی لەدەست داون، تا وایلێهاتووە کە خۆی و هەندێك لە سوپاکەی لە ڕواندزدا گەمارۆ بدرێن، مامۆستا جەمال نەبەز[٢٢] چەندین رای لەسەر کوشتن و شونبزر بوونی پاشای کۆرە هێناوەتەوەو لە دوو شوێنداو لە زاری دوو کەسەوە دەنووسێ: "{ڕەشید پاشا پێشنیاری خۆبەدەستەوەدانی بۆ کردووە، بە مەرجی ئەوەی کە دەیکەنەوە بە میری سۆران، ئەویش کە هیچ ڕێگاچارەی دیکەی شك نەبردووە، بە پێشنیارەکە رازی بووەو ساڵی ١٨٣٦ چۆتە ئیستەنبۆل بۆ لای سوڵتان و سەدری ئەعزەم، ئەمیش لێی خۆشبووەو ناسناوی میری سۆرانی پێ بەخشیوەتەوەو کردوویەتیەوە بە میری جاران بەسەر میرنشینی سۆران، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیا، وا دەقەومێ کە ڕەشید پاشا کۆچی دوایی بکا، بۆیە والی بەغدا (عەلی رەزا شا) کە ئەو هەواڵەی دەبیسێ بە دەرفەتی زانیوە کە پاشای کۆرە بکوژرێ، بۆیە هەواڵی ناردووە بۆ بابی عالی لە ئاستانە، کە با بەیەکجاری لە سەرئێشەی ئەو پاشایە رزگاریان بێ و لەناوی ببەن، بۆیە نامە دەنێرن بۆ والی سیواس و فرمانی پێدەکەن، کە هەر کاتێ میر محەمەد گەیشتە سیواس لەناوی ببەن. میر دەگاتە سیواس و لەگەڵ پێنج کەس لە یاوەرانی بزر دەکرێ و تەرمەکەیشیان نادۆزرێتەوە} ". بەڵام مەمدوح مزووری لە زاری خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی ڕواندزی دەڵێت:" {ئەو لە شاری تەڕابزۆن لە ساڵی ١٨٣٨ بزر دەکرێ} ". دوای ڕووخانی میرنشینی پاشای گەورەی میری سۆران، کە پایتەختەکەی ڕواندز بووە، ڕەسوڵ پاشای برای میر محەمەد کراوەتە فەرمانڕەوای ڕواندز، بەڵام دواتر تورکەکان ئەویشیان لاداوەو موتەسەڕفێکی تورکیان داناوە، کاتێکیش کە موسڵ بۆتە ویلایەتێکی سەربەخۆ، ئەوا ڕواندز وەك شارۆچکەیەکی سەر بە سنجاقی شارەزوور، سەر بە مەڵبەندی کەرکوك و لە بازنەی قەڵەمڕەوی ویلایەتی موسڵ داندراوە. مامۆستا زرار محەمەد مستەفا دەڵێت:" {لەو ماوەیەدا، واتە لە ١٨٦٤ تا ١٨٨٤ چوار پارێزگار دەسەڵاتیان لە ڕواندز گێڕاوە، لەوە بەدوا کراوەتە قەزایەکی سەر بە ویلایەتی شارەزوور} ". ڕواندز لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان لە ساڵی

١٨٦٨ كراوەتە قەزا، دوای دامەزراندنی یەکەم حکومەتی عێراقیش، لە ساڵی ١٩٢٣ بە فەرمی دەکرێتەوە بە قەزاو ژمارەی دانیشتووانی ١٠ هەزار کەس بووەو سنووری کارگێڕی ناحیەکانی (هەریر، باڵەك، برادۆست، شێروان)ی گرتۆتەخۆ، بەڵام لەسەردەمی حوکمی بەعسیەکان، لە ساڵی ١٩٨١ دەسەڵاتی کارگێڕی لە قەزاوە بۆ ناحیە بچووك کراوەتەوەو لەجێی ئەو قەزایەکی نوێی لە دەشتە دیانا بە ناوی قەزای (الصدیق) دروست کردووە، بەڵام کە کوردستانی باشوور ئازادکرا، یەکێك لە کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەڕاندنەوەی پێگەی قەزا بوو بۆ رواندزو لە ساڵی ٢٠٠٨ دووبارە کراوەتەوە بە قەزا.

بێینەوە سەر بارودۆخی رواندز لە دەورانی جەنگی یەکەمی جیهانی، دوای شکانی عوسمانیەکان، لە ساڵی ١٩١٦ رووسەکان بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ "گیۆنزۆبۆف" لەچوار قۆڵەوە هێرشیان هێناوەتە سەر رواندزو لە رۆژی ١٣ی مایسی ١٩١٦ رواندزیان داگیر کردووەو هێزو سوپای عوسمانیەکانیان لێ وەدەرناوە. (ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر)[٢٣] لەکتێبەکەیدا دەنووسێتو دەڵێت: " {لازاریف بە پشت بەستن بە سەرچاوە رووسییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە رووسەکان لە سەرەتای نیسانی ١٩١٦ دەستیان بەسەر رواندزدا گرتووە، بەڵام سەرچاوەکانی دی کۆکن لەسەر ئەوەی کە لە ١٣ی مایسی ١٩١٦ سوپای رووسی، دوای شەڕو کوشتارێکی خوێناوی لەگەڵ تورکەکانو خەڵکی رواندزو دەورووبەری، دەستی بەسەر رواندزدا گرتووەو خاپوورو وێرانیان کردووە} ". بەڵام دواتر سوپایەکی تورکان هاتووەو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە هێرشیان بردۆتە سەر سوپای رووسو تا لاجانێ لەودیو کوردستانی رۆژهەڵات لەدوایان نەبوونەتەوە، پاشان سوپای عوسمانیش لە هاوینی ١٩١٧ کشاونەتەوە بۆ موسڵو رواندزیان بەجێ هێشتووە. پاییزی ساڵی ١٩١٧ تا بەهاری ساڵی ١٩١٨ گرانییەکی گەورە کوردستانی گرتۆتەوەو خەڵکی رواندزیش لەو گرانیەدا قڕیان تێکەوتووە، تا بەهاری ١٩١٨


سەید تەهای شەمزینی

گژوگیا دەرکەوتووەو ئینگلیزەکانیش هاتوونو دەغڵو دانو کوتاڵو پارەوپوولیان هێناوەو داویانەتە دەستڕۆیشتووەکانو ژیان سەرلەنوێ دەستی پێکردۆتەوە، بەڵام هێندەی نەبردووە کاتێ کە لە پاییزو زستانی هەمان ساڵ، واتە لە ١٩١٨ نەخۆشی رشانەوە لە رواندز بڵاوبۆتەوەو خەڵکێکی زۆری کوشتووە. مستەفا جندیانی[٢٤] دەنووسێتو دەڵێت:" { لە نێوان ساڵانی ١٩١٨–١٩٢٣ لە رواندز شۆڕشێکی گەورە لە دژی داگیرکەرانی ئینگلیز بەرپا بوو، توانی رانیەو پشدەرو شەقلاوەو بەستۆڕە تا مەلائۆمەری نزیك هەولێر رزگار بکات، تەنانەت سلێمانیو کۆیەشی بە ئینگلیزەکان چۆل کردو ئینگلیزەکانیان ناچار کرد شێخ مەحمودی نەمر لە هیندستان بێننەوەو بیکەنە مەلیکی کوردستان} ". لەو راپەڕینەدا نوری باویل ئاغا رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەڵام دواتر ناکۆکی لە نێوان ئیسماعیل بەگ لەگەڵ براکانی نوریو بنەماڵەکەیان پەیدا بووەو سەریکێشاوە بۆ کوشتنو دوژمنداری، ئەمەش زەبرێکی



نوری باویل ئاغا

گەورەی داوە لە رواندزو ئەو دۆخەی ئەوکات کورد پێیدا تێپەڕیوە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لە ١٩١٨ و شکانی عوسمانیەکان، ئینگلیز لە کانوونی یەکەمی ١٩١٨ (مێجەر نۆئێل)ی وەك حاکمی سیاسی بەسەر قەزای رواندزەوە داناوە. کاتێکیش کە هەولێر دەبێتە لیوا، ئەوا لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٩ کاپتن (های) دەبێتە حاکمی سیاسی هەولێرو ئەویش نەقیب (کێرك) وەك یاریدەدەری حاکمی سیاسی بەسەر رواندز دادەنێت.

ئەحمەد محەمەدەمین ئۆمەر[٢٥] لە کتێبەکەیدا دەڵێت:" {بەڵام هەرزوو ناکۆکیو ململانێ دەکەوێتە نێوان حاکمی سیاسی ئینگلیزو نوری باویل ئاغا} ". وەك مەولود بێخاڵیو تاریق جامباز[٢٦] ئامازەی پێدەکەن:" {کیرك لە ٣٠–٩–١٩١٩ بەڕێوەبەرایەتی قەزای رواندز دەگوازێتەوە باتاس و (حاجی نەورۆز)ی بە جێگری خۆی دانا} "، بەڵام ئەویش لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ دەست لەکار دەکێشێتەوەو لە ١٥ی هەمان مانگ بە ئامادەبوونی گەورە پیاوانی رواندزو باڵەکایەتیو برادۆستو شێروان، ئیسماعیل بەگی رواندزی لە شوێنی حاجی نەورۆز

هەڵدەبژێرن، بەڵام دواتر نوری باویل ئاغاو هەندێك سەرۆك هۆزی دەوروبەر دەست دەدەنە راپەڕینو یاخی بوون لە ئینگلیزو وەدەرنانی هێزی ئینگلیز لەو شارەو داوا لە تورك دەكەن، كە هێزی خۆیان بنێرن بۆ پشتیوانییان. مەولود بێخاڵیو تارق


ئیسماعیل بەگی رواندزی

جامباز لە كتێبەكەیاندا (٢٧) دەنووسن:" {نوری باویل ئاغاو خدر ئاغای سەرچیا بۆ تیرۆركردنی (كابتن های) پلانێكیان ئەنجامداو سەركەوتوو نەبوو، لە ٢٠-٩-١٩٢٠ چەخماخەی ئاگری راپەڕین دژ بە ئینگلیزە داگیركەرەكان لە رواندز بلێسەیداو ئەگەر شێخ محەمەد ئاغای باڵەك نەبوایە ئیسماعیل بەگو ئەفسەرو ئەو سەربازە ئینگلیزانە دەكوژران كە لە رواندز بوون، بە یارمەتی ئەو گەیشتنەوە هەولێر} ". بۆیە بەپێی دەستووری توركە كەمالیەكان، لە ساڵی ١٩٢١ ئەنجومەنێكی میللی لە رواندز


شێخ كاك ئەمینی سەران

دادەمەزرێندرێت، ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر لە كتێبەكەیدا(٢٨) دەڵێت:" {ئەنجومەنێكی میللی بۆ بەڕێوەبردنی رواندز دامەزرا، كە پێكهاتبوو لە: (شێخ رەقیبی سورچی-سەرۆك. ئەحمەد تەقی- جێگری سەرۆك. ئەندامێتی هەریەك لە (شێخ ئەمینی سەران، شێخ جەوادی سەران، غەفور خانی ناودەشت، خدراغای سەرچیا). ئەحمەد بەگی بگۆك- قائمقامی رواندز. نوری باویل ئاغا- قوماندارى جەندورمە. شەوكەت ئەفەندی- سەرۆكی شارەوانی ) ، دوای پێكهێنانی ئەو ئەنجوومەنە هێرشیان بردۆتە سەر ناوچەكانی دەوروبەرو ئینگلیزیان لێ وەدەرناوە. لە ١٧ی ئازاری ١٩٢٢ توركەكان رەمزی بەگیان كردۆتە قائمقامی رواندز. هەر بۆ مەبەستی زیادكردنی نفوزی تورك لە ناوچەكەو دروست كردنی پشێوىو ئاستەنگ نانەوە لەڕێی دروستكردنی حكومەتی پاشایی لەلایەن ئینگلیز، ئۆزدەمیر لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٢٢ گەیشتۆتە رواندز} ".

وەك گوتمان ناكۆكی دەكەوێتە نێوان بنەماڵەی ئیسماعیل بەگو نوری باویل ئاغا، ئینگلیزەكان لەلایەكو توركەكانیش لەلایەكی تر پاڵنەری ئاگر خۆشكردنەكە بوونە، سەرەنجام ناكۆكیەكەیان بە ڕووداوی زۆر ناخۆشو نەویستراو دەگاتو ئیسماعیل بەگو پیاوەكانی لە دۆڵی نیشاوێ لەنێوان سپیلكو خەلیفان دەكەونە بۆسەو لەگەڵ نوری باویل ئاغاو پیاوەكانی دەبێتە شەڕیان، لەو شەڕەدا ئیسماعیل بەگو هەندێ كەسی تر دەكوژرێنو نوری ئاغاو هەندێكی تریش برینــدار دەبن، ئەو ڕووداوە زۆر ناخۆشو نەویستراو بووەو زیانێكی زۆریشی لە تەواوی ناوچەكە داوە.

---

١٦ – نووسەر و هونەرمەند و شانۆكار، شارەزا لە مێژووی ڕواندز

١٧ – سەرچاوە: كتێبی "الامیر الكردی..میر محمد الرواندزی"

١٨ – سەرچاوە: كتێبی (مێژووی میرانی سۆران)

١٩ – سەرچاوە: كتێبی (مێژووی ڕواندز)

٢٠ – سەرچاوە: كتێبی (مێژووی میرانی سۆران)

٢١ – سەرچاوە: كتێبی (مێژووی ڕواندز)

٢٢ – سەرچاوە: كتێبی (الامیر الكوردی– میر محمد الرواندزی: ترجمە فخری سلاحشور)

٢٣ – سەرچاوە: كتێبی (رەواندز..توێژینەوەیەكی مێژوویی– سیاسیە)

٢٤ – سەرچاوە: (گۆڤاری ڕواندز– ژ ٢)

٢٥ – سەرچاوە: كتێبی (ڕەواندز..توێژینەوەیەكی مێژوویی– سیاسیە)

٢٦ – سەرچاوە: كتێبی (رەواندز.. شارەكەی پاشای گەورە)

٢٧ – سەرچاوەی پێشوو

٢٨ – سەرچاوە: كتێبی (ڕەواندز..توێژینەوەیەكی مێژوویی– سیاسیە)

- **بۆردومانکردنی رواندز لەلایەن ئینگلیزەکانەوە:**


فڕۆکەی ئینگلیز بەسەر رواندزەوە


دوای هاتنی ئۆزدەمیر بۆ رواندز، ئینگلیز دەکەوێتە دۆخێکی نالەبارەوەو تادێ دۆخەکە ئەکەوێتە دەست تورکەکانو لایەنگرانی، بۆیە ئینگلیز لە ١٠ و ١١ی تەمووزی ١٩٢٢ بە فڕۆکەکانی بۆردومانی شاری رواندز دەکات، بەلآم ئۆزدەمیرو سەرۆك هۆزەکان لە هەوڵەکانیان بەردەوام بوونو توانییان دەڤەری پشدەریش لە دەست ئینگلیز دەربێنن، کەچی دواتر کێشەکان قووڵتر بوونەوەو زۆر کەسی دیکە رۆڵیان تێدا گێڕا، لەوانە سمکۆی شکاکو سەید تەهای شەمزینی لە هەوڵی ئەوەدابوون کە ئۆزدەمیر لە رواندز وەدەربنێن. سەرەنجام ئۆزدەمیر لەرێی ئێرانەوە هەلآتو ئینگلیزەکان لە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٣ توانییان رواندز بگرنەوە. ئینجا لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٣ نوێنەری کۆمیسیاری بالآو راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق سەردانی رواندزیان کردووەو بڕیاریانداوە، کە رواندز بخرێتە سەر لیوای هەولێرو قائیمقامی بۆ دابندرێت، ئەویش سەید تەهای نەهری بووە، کە لە ٤ی مایسی ١٩٢٣ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە کراوەتە قائمقامی رواندز.

- **رۆڵی هەندێك کەسایەتی لە کۆمەڵە و رێکخراوەکان:**


ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر [(٢٩)]ی نووسەر ئاماژە بە نوێنەرە رواندزیەکان دەکات لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقو ناوی هەریەك لە ئیسماعیل بەگی رواندزی، عەبدوڵلا

موخلیس بەگی نەوەی پاشای گەورە، مەعرووف جیاوۆك، ئەمین پاشا رواندزی، محەمەد عەلی ئاغای جندیان، شێخ محەمەد ئاغای باڵەك دەهێنیٚ، كە لە كاتو ساڵی جیاجیادا ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوونە.

ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر لە كتێبەكەیداو بە پشت بەستن بە (ابی العلاء..لمحات عن الجمعیات الكردیة فی العهد العثمانی و اثر الحرب العالمیة الاولی) دا، ئەمین پاشا رواندزی وەك یەكێك لە ئەندامانی دامەزرێنەری (كۆمەڵەی بەرزێتی كوردستان- جمعیة تعالی كوردستان) لە ئیستەنبۆل ناو دەبات. ئەحمەد سەبارەت بە (كۆمەڵەی پشتیوان)یش، كە لە ١٠ی تەمموزی ١٩٢٧ لە بەغدا دروست بووە، ئاماژە بە ئەمین رواندزی دەكات وەك ئەندامی ئەو كۆمەڵەیە. هەروەها ئەمین رواندزی سەرۆكی لقی موسڵی (كۆمەڵەی خوێبوون) بووەو مەعروف جیاوۆك جێگری بووە. وە لە لقی سلێمانیدا هەریەك لە سلێمان بەگی سیلاحشۆڕو عوسمان بەگ، كە خەڵكی رواندز بوونەو ئەندامی لقەكە بوونە. هەرچی سەبارەت بە (كۆمەڵەی ئازادی كوردستان)ە، ئەوا ئەحمەد حەمەدەمین لە كتێبەكەیدا ئاماژە بەو رواندزیانە دەكات، كە ئەندام بوونە تیایدا، وەك: (ئیسماعیل بەگی رواندزی، حوسێن حوزنی موكریانی (لە رواندز دانیشتووە)، مەعروف جیاوۆك، عارف جیاوۆك. ئەمین رواندزی ئەندامی (كۆمەڵەی پێشكەوتنی كوردان) بووە، كە لە ساڵی ١٩٣٠ بە نهێنی لە موسڵ دامەزراوە). ئەحمەد حەمەدەمین لە كتێبەكەیدا[٣٠] و بە پشت بەستن بە رایەكی (د. اسماعیل شكر رسول) بە دوور نازانیٚ، كە هەریەكە لە ئەمین رواندزیو حوسێن حوزنی لە ڕێی ئیسماعیل حەقی شاوەیسەوە بووبن بە ئەندامی (كۆمەڵەی برایەتی)، كە لە ١٩٣٧ بە نهێنی لە سلێمانی دامەزراوە.




كۆمەڵەی یاریدەدەران، كە لە ١٨ی مایسی ١٩٣١ لە هەولێر دامەزراوە و وەهاب ئاغای جندیان تیایدا ئەندام بووە. لە هاوینی ١٩٢٦ ئامادەكاری كراوە بۆ دامەزراندنی (یانەی هۆشیاری لە رواندز) لەلایەن ئیسماعیل بەگی رواندزی، سەید تەهای نەهری، ئەمین ئەفەندی، محەمەد ئەفەندی، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی


مەعروف جیاوۆك سرێشمەیی

حكومەتی عێراق ڕێگای پێنەداون. هەرچی سەبارەت بە (یانەی سەركەوتن)ە، كە لە ٣٠ی مایسی ١٩٣٠ لە بەغدا ڕاگەیاندرا، مەعروف جیاوۆك ئەندام بووە تیایدا.

ئیسماعیل بەگی ڕواندزی لە ساڵی ١٨٩٧ لەدایك بووەو لە بەگزادەكانی پشتی پاشای گەورەیەو دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو كەسێكی وشیارو كوردپەروەر بووەو نێوانی لەگەڵ فەیسەڵی یەكەم خۆش نەبووەو دژی بڕیارە نەیارەكانی بۆ گەلی كورد هەمیشە ڕووبەڕووی بۆتەوە. هەروەها ئیسماعیل بەگی ڕواندزی ئەندامی (پارتی پێشكەوتن– حزب التقدم) بووە، كە لە تشرینی یەكەمی ١٩٢٥ لە بەغدا دروست بووە. هەرچی سەبارەت بە (كۆمەڵەی بووژانەوەی قوتابخانەیی)یە كە لە موسڵ دادەمەزراوە، حەیدەر سلێمان بەگ عەلی بەگی سەلاحشۆڕ بۆتە سەرۆكی ئەو كۆمەڵەیە. تاریق جامباز[٣١] لە بەڵگەنامەیەكی بڵاونەكراوە لەسەر ئەمین ڕواندزیو مەعروف جیاوۆك دەڵێت: " لقی موسڵی كۆمەڵەی ئیستقلالی كوردستان كە لە ٢٦ی تەمموزی ١٩٢٦ لە یازدە كەس پێكهات، لەناویاندا هەریەك لە ملازم ئەمین ڕواندزی بەڕێوەبەری لق، ملازم حوسێن ئەفەندی ڕواندزی، مەعروف جیاوۆكی دادوەری تاوانەكان لە موسڵ ئەندام بوونە". هەرچی سەبارەت بە


سەبری نەجیب و شێخ سلێمان

(كۆمەڵەی داركەر)انە، كە ساڵی ١٩٣٧ لە كەركوكو بە دەستپێشخەری (دڵداری شاعیر) لەنێو قوتابیان دامەزراوەو مەعروف جیاوۆكو ئەمین ڕواندزی ئەندامی بوونە، بەدووریش نازانرێ كە لقیشیان لەنێو قوتابیانی ڕواندزدا هەبووبێ. دواتر لەساڵی ١٩٣٩ كۆمەڵەی داركەران ناوی كراوەتە (حزبی هیوا)و لقێكی لە ڕواندز كراوەتەو هەریەكە لە سەعدوڵلا (سەرپەرشتی لق) و ئەمین ڕواندزیو میر محەمەدەمین دەرگەڵەییو

شێخ سلێمان مستەفاو وەهاب ئاغای جندیانو ئەحمەد دیابو جەلال سەعید خەیلانیو ئیبراهیم حەسەنو سەبری نەجیب ئەفەندیو عەلی عەبدوڵڵا (عەلی مەکتەبە) و وسوئاغای کاولۆکانو سامی رواندزیو سەید عومەر سەید ئەحمەدو نەجات سەعید قادرو جەلال بەگی دەرگەڵەو هەندێکی تر ئەندام بوونە تیایدا.
ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە چالاکی کۆمەڵەی برایەتی نیشتمانی دەکات، کە لەساڵی ١٩٣٠ دامەزراوەو بە هەوڵی سلێمان بەگی سیلاحشۆڕ لقی لە رواندز کردۆتەوەو شێخ کاکەمینی سەران بەرپرسی لقو ئەحمەد کەمال عەبدولکەریم خەتییش سکرتێری بووە. هەروەها عەلی حەیدەر بەگی سەلاحشۆڕ ئەندامی (کۆمەڵەی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری) بووە، کە لەساڵی ١٩٣٣ دامەزراوە، هەر ئەو عەلی حەیدەر سلێمان بەگە ئەندام بووە لە (یانەی پێنووسی عێراقی)، کە لەساڵی ١٩٣٤ لە بەغدا دامەزراوە.


وهاب ئاغای جندیان

وە پشت بەستن بە کتێبی (الحياة الحزبية في الموصل)ی عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، ئەوا نوری باویل ئاغای رواندزی ئەندامی دیاری (کۆمەڵەی نهێنی کوردی– الجمعية السرية الكردية) بووە، کە لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥ دامەزراوەو بنکەی چالاکییەکانی لە سلێمانیو رواندز بووە.
بەهۆی ئەو بارودۆخە ناجێگیرەی کە ناوچەی رواندز بە گشتی تێیدا تێپەڕیوە، هەر لە سەردەمی داگیرکاری تورکو رووسو ئینگلیز، دواتریش دەوڵەتی عێراقی عەرەبی، بۆیە زۆربەی سامانی نەتەوایەتی لە شوێنەوارو کەلەپوورو دەستنووسو بەیازەکان لەناوچوونە، دەنا ناوچەکە لە زاناو نووسەرو شاعیریش بێبەش نەبووە، نەزهەتی شاعیر نموونەیەکە لەو دەیان نموونەی، کە بەهۆی بارودۆخی ناجێگیری کوردستان بەرهەمیان تیاچووەو بوونەتە سەربازی ون. ئومێد شێرکۆ[٣٢] سەبارەت بە نەزهەتی شاعیر دەنووسێت:" نەزهەتی شاعیر ناوی حاجی سولەیمان بەگی کوڕی مەجید بەگی کوڕی رەسوڵ پاشایەو لە ساڵی ١٨٥١ لەدایك بووە، شاعیری سەردەمی خۆی

بووەو چەند هۆنراوەیەکی لەدوا بەجێماون، شاعیر لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارە دراوە".

یەکێك لەو شاعیرانەی کە لە سەدەی نۆزدە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست لەو شارەدا ژیاوەو کەمێك زانیاریو نووسینی لێ بەجێ ماون، مستەفا مەزهەری شاعیرە. سەلام نەورۆز[٣٣] دەربارەی ئەو شاعیرە دەنووسێتو دەڵێت:"{ناوی مستەفا فەندی رواندزی بووەو نازناوی مەزهەر بووە، لە ساڵی ١٨٧٨ لە رواندز لەدایك بووە.


مستەفا مەزهەر

شارەزایی لە زمانی تورکیو فارسیدا هەبووە، لە ١٦-١٢-١٩٥٢ لە تەمەنی ٧٤ ساڵی لە رواندز کۆچی دوایی کردووە." جگە لە شیعر کتێبی لە تورکیو فارسی وەرگێڕاوەتەوە سەر کوردی، سەرەڕای شیعر چیرۆکیشی نووسیون}"، سەلام نەورۆز لە بابەتەکەیدا دەنووسێتو دەڵێت:" {زۆربەی بەرهەمەکانی مستەفا مەزهەر کە لەبواری شیعرو ئەدەبیاتو زانست بوونە، لەناوچوونە، وەك ((کامل الکلام بانوی جیهان) در گیلان/ لە تورکی بۆ کوردی). ((مەسنەوی) شیعری ئایینی لە فارسی بۆ کوردی). ((مەلیك بەهمەن) چیرۆك/ بە زمانی کوردی) }". سەلام نەورۆز چوارینێکی شاعیر بە نموونە دێنێتەوە، کە دەڵێت :

(چیاو کێوی کوردستانمان هەموو قەڵا و سەنگەرن
بەرامبەر دوژمنی کورد وەك سەددی ئەسکەندەرن
گەورەو بچووکی کوردەواری شێرو بەچەو جەنگاوەر
رۆژی جەنگ هەندێ رۆستەم، هەندێ زاڵ و حەیدەرن....).

---

٢٩ - سەرچاوە: کتێبی "رواندز.. توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە"

٣٠ - سەرچاوەی پێشوو

٣١ - سەرچاوە: (مجلە گولان العربی، عدد (٦) ٢٥-١١-١٩٩٦، و عدد (١٠) ٢٥-٣-١٩٩٧).

٣٢ - سەرچاوە: کتێبی (رواندز لە لاپەڕەکانی مێژوودا)

٣٣ - گۆڤاری قەڵام ژمارە (٦).

لەسەرەوە باس لە سنووری کۆنو ئێستای یەکەی کارگێڕی رواندز کرا، وا لێرەشدا لیستی هەموو ئەو پارێزگارو قائمقامو بەڕێوەبەری ناحیەکان بڵاو دەکەینەوە، لە سەردەمی دوای رووخانی میرنشینی سۆران تا ئەمڕۆ. ئەو لیستەی کە حوسێن حوزنی لە کتێبەکەیدا[٣٤] ناوی هێناون، ئەمانەن :

- **ناوی پارێزگارەکان ( متەسەڕفەکان ):**

کەنعان پاشا. ٢- ئەسرار پاشا. ٣-(کێ بووە؟ نەزانراوە). ٤- بەهرام پاشا

- **قائمقامەکانی سەردەمی عوسمانی:**

قەدری بەگ. ٢- عوسمان شەوقی. ٣-حەلیم ئەفەندی. ٤- عارف حکمەت بەگ ئالوسی. ٥-عەبدوڵڵا بەگ بەبە ساڵی (١٣٠٨-١٣٠٩ك). ٦- مەجید پاشای خەڵکی کفری هەتا ساڵی (١٣١٦ك). ٧- عەزیز سەبری بەگ. ٨- سەعید بەگ عەفەجان. ٩-لە ساڵی (١٣٢٠-١٣٢٢ك) قائمقام سستو بێ دەسەڵات بووە. ١٠- مستەفا پاشا ئەرسەلان زادە. ١١- تۆفیق بەگ. ١٢-عرفان بەگی کوردی دیاربەکری ساڵی ( ١٣٢٤ك). ١٣- مستەفا بەگ نەجات بەگ. ١٤-عومەر ئاسەف بەگ (کەسێکی بێدەسەڵات بووە). ١٥- حەسەن حوسنی بەگ.



عەبدوڵڵا موخلس بەگ

١٦- عەلی نیاز بەگ ساڵی (١٩١٤-١٩١٦ز). ١٧-مەزهەر بەگ (نەیاری کورد بووە). ١٨-شەفیق بەگ. ١٩-شەوکەت بەگ. ٢٠-عەلی نەشئەت بەگ ڕەعیەت زادە (دوژمنی میللەت بووە). ٢١-مەسعود بەگ.

- **ناوی قائمقامەکانی سەردەمی حکومەتی عێراق:**

حوسێن حوزنی[٣٥] ئەم لیستەی ناوی قائمقامەکانی لە کتێبەکەیدا نووسیون: { ١- سەید تەها ئەفەندی. ٢-کەریم بەگی ئەحمەد بەگ. ٣-ڕەزا بەگ. ٤-ناجی بەگ

هورمزی. ٥- مراد بەگ. ٦-عەبدولقادر رەشید. ٧-شێخ حەسەن تاڵەبانی. ٨-سەعید بەگ. ٩-مەردان بەگ. ١٠-ئەحمەد دەبوونی. ١١-عەلی سەروەت. ١٢-دووبارە(عەبدولقادر رەشید). ١٣-ئیسماعیل حەقی. ١٤-عارف تاڵەبانی. ١٥-داود سەلمان. ١٦-بورهان بەگ. ١٧-سامی عەلی. ١٨-جەلال سەعید. ١٩-فائق تۆفیق. ٢٠-سەدیق ئەلقادر. ٢١-عومەر میران. ٢٢-بایز ئاغا. ٢٣-فەوزی بەگ. ٢٤-بەدرەددین عەلی. ٢٥-عەبدولساحب غەرباوی}".


فەوزی سائب بەگ

بەڵام ئەو لیستەی کە من لە دیوانی قائمقامیەتی قەزای رواندزم پێگەیشتووە، ناوەکان بەمشێوە نووسراون و هەندێك جیاوازی لەگەڵ لیستەکەی حوزنی هەیە:" ١-سەید تەهای شەمزینی لە ١٩٢٣. ٢- کەریم بەگ ئەحمەد ئەفەندی لە ١٩٢٨. ٣- رەزا بەگ لە ١٩٣٠. ٤-مراد بەگ. ٥-جەلال سائب لە ١٩٣٩. ٦- ناجی بەگ هرمزی. ٧- سەعید بەگ. ٨- مەردان بەگ. ٩- عەلی سەروت بەگ لە ١٩٤٢. ١٠-ئیسماعیل حەقی. ١١- عارف تاڵەبانی. ١٢- شێخ حەسیب تاڵەبانی. ١٣- داود سلێمان. ١٤-بورهان بەگ. ١٥-سەدیق ئەلقادری. ١٦- سامی عەلی لە ١٩٥٠. ١٧-عومەر میران قادر لە ١٩٥٣. ١٨-عەبدولقادر سبغەتوڵڵا لە ١٩٥٤. ١٩- بایز عەزیز ئاغا لە ١٩٥٥. ٢٠- فەوزی سائب لە ١٩٥٦. ٢١-عەبدولرەحمان عەبدولرەزاق لە ١٩٥٧. ٢٢- بەدرەددین عەلی لە ١٩٥٨. ٢٣-عەلی ئەللامی لە ١٩٦٢. ٣٤-ئیبراهیم نەشئەت لە ١٩٦٣. ٢٥-جەلال خۆشناو لە ١٩٦٥. ٢٦-مەجید جەباری لە ١٩٦٧. ٢٧-نوعمان عیسا لە ١٩٧١. ٢٨-حوسێن جندی لە ١٩٧٣. ٢٩-عەبدولقادر بابانی لە ١٩٧٦. ٣٠-شەفیق ئەحمەد خەیات لە ١٩٧٧-١٩٧٩. ٣١-تەڵعەت هادی لە ١٩٨٠.

## • ناوی بەڕێوەبەرەکانی ناحیەی رواندز:

ئەمەش لیستی ناوی بەڕێوەبەرەکانی ناحیەی رواندزە دوای ئەوەی کە رژێمی رووخاو لەساڵی ١٩٨١ پێگەی کارگێڕی قائمقامیەتی لە رواندز ستاندەوەو کردی بە

ناحیە، لە بەرامبەردا قەزای (الصدیق)ی لە دەشتە دیانا دروستکرد، کە دوای راپەڕین کرایە قەزای سۆران، لیستەکە لە دیوانی قائمقامیەتی رواندز وەرگیراوە:
تارق جاسم لە ١٩٨٢، ٢-خورشید فەیسەڵ خورشید لە ٢-٤-١٩٨٣ تاکو ١-٩-١٩٨٥، ٣-مستەفا نوری ئەحمەد لە ١٩٨٦، ٤-نازم یەحیا مەحمود لە ١٩٨٦، ٥-رفعەت دەهام جەمیل لە ١٩٨٨، ٦-جەمال جەلال حەمە خدر لە ١٩٨٩، ٧-مستەفا عەلی باویل لە ١٩٩٣ (سەردەمی دوای راپەڕین)، ٨-نەبەز عومەر رسول لە ٢٥-١-١٩٩٧، ٩-سەعید ئیسماعیل مستەفا لە ١١-٨-٢٠٠٢، ١٠- سوارە ئەکرم ئەحمەد لە ٢٧-٩-٢٠٠٥، ١١-باوەڕ عەلی عەبدوڵڵا لە ٢-٥-٢٠٠٦، ١٢-هێرش حوسێن حەسەن لە ١٨-٣-٢٠٠٧. لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کابینەی پێنجەم لەبەرواری ١٢-٥-٢٠٠٨ بە فەرمانی ژمارە (١١٣٢) بڕیار درا جارێکی تر رواندز بکرێتەوە قەزا:




١-سیروان عەبدوڵڵا ئیسماعیل (سیروان سیرینی) لە ١٨-٣-٢٠٠٩. (یەکەم قائمقام لەدوای بە قەزا کردنەوەی رواندز لە ٢٠٠٨).
دوای ئەوەی کە بە فەرمانی ژمارە (١١٣٢) لە (١٢-٥-٢٠٠٨) یەکەی کارگێڕی قەزا بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رواندز گەڕایەوە، سیروان عەبدوڵڵا ئیسماعیل (سیروان سیرینی) وەك یەکەم قائمقامی سەردەمی حوکمڕانی ئازادی کورد دەستبەکار بوو، یەکێکە لەو هونەرمەندە ناسراوانەی کوردستان، کە ئەندامی تیپی مۆزیکی پاشای گەورەو ئەندامی دوو ئۆکسترایە لە ئەمریکا، بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە زانستی کارگێڕیو بەڕێوەبردن لە وڵاتی ئەمریکا وەرگرتووە، وە بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی سێنت مێری (Saint Mary's University of Minnesota) لە پەروەردەو رابەرایەتیکردن وەرگرتووە (MA. In Education). لە ١٨-٣-٢٠٠٩ لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران متمانەی قائیمقامیەتی قەزای رواندزی پێ سپێردراوەو تا ئێستاش هەر لە پۆستی خۆیدایە.
هەڵبەتە ئەو ماوەیە کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەر هەیکەلی کارگێڕی رواندزدا هاتنو

دەیان پڕۆژەی خزمەتگوزاریو گەشتیاریو پەروەردەیی جێبەجێ کراون لە سەنتەری قەزاو ناحیەی وەرتێو گوندەکان، وەك دروستکردنو چاککردنەوەو قیرتاوکردنی جادەو چیمەنتۆکردنی کۆڵانەکان، دروستکردنی قوتابخانەو بینایەی پەروەردە، دروستکردنی یاریگاو هۆڵە وەرزشیەکان، راکێشانی ئاوو دروستکردنی حەوزی گلدانەوەی ئاو، راکێشانی کارەبای نیشتمانیو چاککردنەوەی تۆڕە کارەباییەکان، دروستکردنی بنکە تەندروستیەکانو بینایەی بانكو ئاگرکوژێنەوەو...تد، نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی مۆنۆمێنتی هەندێك شوێنەوارو مۆنۆمێنتی شەهیدو ئەنفالکراوان، دروستکردنی پڕۆژەی گەشتیاریو گەڕەکی نوێی نیشتەجێ کردن، کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو پەیمانگای هونەرە جوانەکانو بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریو هونەری، چاودێری کۆمەڵایەتیو بانكو تێبینەرایەتی ئەوقافو بنکەی ئاگرکوژێنەوەو...تد، دەیان پرۆژەی تر کە لێرەو لەوێ جێبەجێ کراونو لە شوێنی پێویستی ئەم کتێبە ئاماژە بەهەندێکیان کراوە، ئەمەش پەرۆشی حکومەتی هەرێمی کوردستان پیشاندەدا بۆ ئەو قەزایە، بە ناحیەو گوندەکانی ناو سنووری یەکە کارگێڕیەکەی.

---

٣٤ – سەرچاوە: کتێبی (مێژووی میرانی سۆران)

٣٥ – سەرچاوەی پێشوو

## رۆڵی زانایان و کەسایەتییە ئایینیەکان لە رواندز:

لایەنێکی گەش‌و رووناکی ئەو شارە لەلاپەڕەکانی مێژوویدا، رۆڵی زانایانی ئایینیە لە پێگەیاندن‌و بڵاوکردنەوەی خوێندن‌و زانست. ئەگەرچی مێژوویێکی دروستمان لەبەر دەست دانیە، کە ئاخۆ لەکام سەردەمەوە حوجرەو مزگەوت‌و خانەقا لەم ناوچەیە کراونەتەوە، بەڵام لاپەڕەکانی دیکەی مێژوو بە زانست‌و تواناکانی زانایانی پایەبەرزی وەك ئیبنو ئادەم‌و مەلای خەتیّ لە سەردەمی میرنشینی سۆران‌و دواتریش رۆڵی مامۆستا عەبدولکەریمە فەندیو تا ئەمڕۆش مامۆستایانی بەڕێز رۆڵی دیاریان هەبووەو هەیە لە گەیاندنی بیری ئایینی‌و نیشتمانی. هەر بە نموونە بیهێنینەوە، مەولود بێخاڵی‌و تاریق جامباز[٣٦] سەبارەت بە ئیبنو ئادەم دەنووسن: "{ئیبنو ئادەم زانایەکی ئەوتۆ بووە دەرسی بە مەولانا خالیدی نەقشەبەندیو مەلا محەمەدی خەتیّو حاجی قادری کۆیی‌و زانای ئایین پەروەر عەلی پەروەر عەلی وەسانی داوە}".


مەلا عەبدولکەریمە فەندی

(ئامانج بێخاڵی)[٣٧] لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا کە بۆ ئەم کتێبەی ناردووە، گەیشتۆتە هەندێ زانیاریو دەنووسێت‌و دەڵێت:" {سەرەتای دروستبوونی خوێندنی ئایینی بە فەرمی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشای گەورە لە رواندزی کۆن، کە مەدرەسەی (پاشای گەورە)یە، لە نێوان ساڵانی ١٨١٦ تا ١٨٣٦ دامەزراوە. مەدرەسەی (مەلا عومەرە فەندی) لەدوای مەدرەسەی پاشای گەورە کراوەتەوە. دوای نەمانی مەلا عومەریش مەلا ئەسعەدی کوڕی مەدرەسەکەی بەڕێوە بردووە، کە شوێنەکەی لە مزگەوتی گەورەی رواندزی نویّ بوو. ئینجا مەدرەسەی مەلا ئەحمەد وەرتی لە مزگەوتی باویل ئاغا کراوەتەوە. هەروەها مەدرەسەی مەلا مەمدوح مزوری لە تەکیە کراوەتەوە. مەدرەسەی مەلا محەمەدەمین رواندزی لە مزگەوتی خانەقا کراوەتەوە . لەگەڵ چەندین مەدرەسەی تر لە گوندو ناوچەکانی دەوروبەری رواندز،

وەك مەدرەسەی مەلا ئەبوبەكری میر رۆستەمی لە گوندی (سارتكەی) دۆڵی هەرووتی. هەروەها مەدرەسەی ئیبنوئادەم لە گوندی دێڵزێ} ".

(ئومێد شێركۆ)[٣٨] لە كتێبەكەیدا دەنووسێت:" {مزگەوتی تەكیەی "گەیلانی" لەلایەن شێخ مستەفای هیرانی لەناو بازاڕ دروست كراوە، هەرچی مزگەوتی خانەقایە ئەوا لە ١٩٢٩ یان ١٩٣٠ لەلایەن شێخ كاكەمینی سەران دروست كراوە} ".

لەسەردەمی ئازادیو حكومەتی هەرێمی كوردستانیش گرنگییەكی زۆر بە بواری ئایینی دراوە، لە رواندزیشدا دوای بوونەوە بە قەزا، تێبینەرایەتی ئەوقافی رواندز لە ١٢-٧-٢٠١١ دامەزراوەو بە فەرمیش لە ٢٥-١٠-٢٠١١ كراوەتەوەو مامۆستا (ئیبراهیم دەروێش عەلی) بۆتە بەرپرسی، سەبارەت بە رۆڵی زانایانو رەوشی ئایینی لەو دەڤەرە مامۆستا ئیبراهیم دەروێش[٣٩] بۆمان دەنووسێتو دەڵێت:" {رواندز خاوەن مێژوویێكی پرشنگدارە لە دیرۆكی پڕ سەروەری كوردانـدا، خۆشبەختانە رۆڵی زانایانو كەسایەتییە ئایینیەكانو



كۆڕی تێبینەرایەتی ئەوقافی رواندز

پیاوانی تەریقەت لە دەوڵەمەندكردنی ئەو مێژووەدا پێشڕەوانە بووە} ". سەبارەت بە رۆڵی مەدرەسەی ئایینیو مزگەوتیش دەنووسێت:" {كە قوتابخانەو پەیمانگاو زانكۆ نەبوون، مەدرەسە ئایینیەكان قوتابخانەی پێگەیاندنی قوتابیان بوونە، فێرخوازو زانستخوازیش لەهەموو شارەكانو تەنانەت لە پارچەكانی تری كوردستانیش هاتوونەتە رواندز بۆ بەدەستهێنانی عیلمو زانستو زانیاری. بۆ نموونە مزگەوتی گەورەی رواندز، كە لە سەدەی نۆزدەوە دروستكراوەو لەلایەن بابو باپیرانی مەلا عەبدولكەریمە فەندیو مەلا عومەرە فەندیو مەلا ئەسعەد خەیلانی بەڕێوە برداوەو لە سیەكانیشدا چەندین مەلای گەورەی بە كۆمەڵگاكەمان بەخشی، وەك مەلا مەمدوح مزوریو مەلا محەمەدەمین رواندزیو مەلا ئەحمەدی وەرتیو مەلا




عەبدولواحیدی باڵەکی و ..تد، کە خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانی بوونەو خزمەتی زۆریان بە ئایینو بە میللەتەکەیان کردووە. ئەوەتا رۆڵی ماموستا (مەلا خدری وەرتی)[٤٠] کە لەو مزگەوتە دەرچووە، لەسەر مینبەرەوە هانی خەڵکی رواندزی داوە بۆ راپەرینە مێژوویەکەی ١٩-٥-١٩٨٧و لەسەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانەیە لەگەڵ پۆلێك لە رۆڵەکانی ئەو شارە بێسەروشوێن کراو بە پلەی شەهادەت گەیشت}".

بەڕێوەبەری تێبینەرایەتی ئەوقافی رواندز لە درێژەی رۆڵی مامۆستایانی دەوروبەری رواندزیشدا دەنووسێ:" {رۆڵی شێخانو پیاوانی ئایینی سەرانو ماویلیانو وەرتیو دۆڵی ئاکۆیانو پیاوانی تەرقەتو موریدانیان بەرز دەنرخێنین، کە رۆڵی گەورەیان لە بواری وشیاری ئایینیو نەتەوەیی هەبووەو قوربانی گەورەیان داوە} ". هەرچی سەبارەت بە ئاماری تێبینەرایەتییە دەربارەی مزگەوتو وتارخوێنانو فەرمانبەرانی سنووری قەزای رواندز، مامۆستا ئیبراهیم دەنووسێتو دەڵێت:" {لە سنووری تێبینەرایەتیەکەمان ٥٦ مزگەوتو ٨ هۆڵی بۆنەکانو ٨ مەزارگە هەیە، هەروەها ١٨ مامۆستای پێشنوێژو وتارخوێنمان هەیە لەگەڵ ٢١ قورئان خوێنو بانگبێژ. هەروەها ٨٠ خزمەتگوزارو ٩ فەرمانبەری تێبینەرایەتیو ١٤٦ فەرمانبەر بە گشتی} ".


مامۆستا مەلا خدری وەرتی

هەرچی سەبارەت بە رۆڵی یەکێتی زانایانی ئایینیە، کە لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوەو ناوچەی یەکێتی زانایانی ئایینی لە رواندز هەیە، بەرپرسی تێبینەرایەتی ئەوقافی رواندز، رۆڵی گەورەی ئەو یەکێتیە بەرز دەنرخێنێو کاروچالاکیەکانیان لەم خاڵانە چڕ ئەکاتەوە:" {کاروچالاکیەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی بریتییە لەچارەسەرکردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، روونکردنەوەی لایەنە شەرعیەکان، کۆکردنەوەی زانایانی ئایینی لەژێر یەك چەترداو داکۆکیکردن لە مافەکانیان. لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول

لەلایەن ناوچەی زانایانی ئایینی قازی رەسمی بۆ رواندزو دۆڵی ئاکۆیان داندراوە، کە بە قازی شۆڕش ناسراو بووە. هەروەها رۆڵی گەورەیان هەبووە لە وشیاری تاکەکانی کۆمەڵگاو پرسە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەکان. جێی ئاماژەپێدانیشە کە لەوەتەی ناوچەی رواندزی یەکێتی زانایان دامەزراوە، ئەم مامۆستا بەڕێزانە بەپرسیارێتی ناوچەکەیان وەرگرتووە، مامۆستا مەلا عومەر شێخ مەمودی، مامۆستا مەلا تاهیر گەرەوەیی، مامۆستا مەلا خالید مەلەکی، مامۆستا مەلا محەمەد مستەفا سەرانەیی، ئێستاش مامۆستا مەلا بایز رەسول بەرپرسی ناوچەی رواندزی زانایانی ئایینیە} ".

٣٦ – سەرچاوە: کتێبی (رەواندز..شارەکەی پاشای گەورە)

٣٧ – نووسەر و مامۆستای پەروەردەیی


٣٨ – سەرچاوە: کتێبی (رواندز لەلاپەڕەکانی مێژوودا)

٣٩ – بەرپرسی تێبینەرایەتی ئەوقافی رواندز

٤٠ – مامۆستا مەلا خدر یوسف باپیر، پێشەوای ئایینی‌و نیشتمانپەوەرێکی گەورەبوو، لەسەر هەڵوێستی کوردانەو بەشداری‌و هاندانی خەڵك بۆ راپەڕینی جەماوەری (١٩–٥–١٩٨٧ی رواندز) لەگەڵ ١٢ هاوڵاتی دیکە بێسەروشوێن کران.

## ♦ کتێبخانەی گشتی لە رواندز:

کتێب وەك ئاوەدانترین‌و رۆشنترین ماڵی هزرو بیر، دەمێکە ئاشنای خەڵکی ئەو شارەیە، سەرەتا ئەو ماڵە لە حوجرەو تەکیەو مزگەوتەکانەوە ئاوا بۆتەوە، دواتر کە خەڵکی رۆشنبیرو خوێندەوار پێگەیشتووە، ئەم ئاسۆیەش فراوانتر بووە، لەم نێوەندەشدا رۆڵی حوزنی و چاپخانەی زاری کرمانجی زۆر دیارو بەرچاوە، تا دواتر سەری کێشا بۆ کردنەوەی کتێبخانە، سەرەتا (سەبری نەجیب‌و عەلی مەکتەبە) لە ساڵی ١٩٤٣ کتێبخانەیان لە رواندز دامەزراندووە بەناوی کتێبخانەی سەرکەوتن،



پاشان لەسەر راسپاردەی پیرەمێردی شاعیر ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ کتێبخانەی پێشکەوتن. مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا)[٤١] رووبەڕوو بۆی باس کردم‌و گوتی:" {لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوو رەزاق مەکتەبە کتێبخانەی لە رواندز کردۆتەوە، دوای ئەویش حەسەن مەکتەبەو مەلا قادرو لە هەشتاکانیش کتێبخانەی شێرکۆ کراوەتەوە } ". هەرچی سەبارەت بە کردنەوەی کتێبخانەی میرییە لەو شارەدا، ئەوا (ساڵح محەمەد ساڵح)[٤٢] بۆمان دەنووسێت‌و دەڵێت:" خوێنەران‌و رۆشنبیرانی شاری رواندز لە ساڵی ١٩٦٤ داوایان کردووە کتێبخانەیان بۆ بکرێتەوە، بۆیە داواکەیان بەهەند وەرگیراوەو لە ساڵی ١٩٦٥ کتێبخانە لە شوێنی ئێستای، لەسەر لۆفەکان دروستکراوەو کەسێکی خەڵکی هەولێر بەناوی (عەبدوڵڵا موحسین) کراوەتە بەرپرسی‌و هەشت فەرمانبەریشی بۆ دامەزراوەو کتێب‌و گۆڤاری بۆ دابینکراوە. لە ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧٤ نزیکەی (٥١ هەزار کتێب)و (١٦ هەزار گۆڤار)و (١٣ هەزار رۆژنامە)ی هەبووە، بەڵام بەهۆی شەڕو رووداوەکانی ئەوکات‌و بۆمبابارانکردنی شار لەلایەن رژێم‌و ئاوارەبوونی خەڵکەکە، تەواوی ئەو کتێب‌و گۆڤارو رۆژنامانە تاڵان

کراون یان سووتێنراون. دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ خەڵکەکە داوایان لە قائمقامی ئەوکات کردووە، کە ناوی (شەفیق ئەحمەد خەیات) بووە، بۆ ئەوەی کتێبخانەیان بۆ نۆژەن بکاتەوەو کتێبیان بۆ دابین بکات، لەبەر ئەوەی ئەوکات بینایەی کتێبخانەی گشتی کرابووە ئۆرزدی، بۆیە کتێبخانەیان لە بینایەی داروزیافەی گەردەگەرد دامەزراندەوە تا ساڵی ١٩٧٩، پاشان کتێبخانەکە گواسترایەوە بۆ بینایەی خۆی‌و تا ساڵی ١٩٩٤ بوو بە خاوەنی (٣١٤٥٠ کتێب)، بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش بەهۆی شەڕی نەخوازراوی ناوەخۆ تەواوی کتێبەکان سووتان‌و تاڵان کران، واتا لە ماوەی دامەزراندنی کتێبخانە لەساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٩٤ بەسەریەکەوە (٨٢ هەزار) کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەی کتێبخانەکە لەناو چوون، ئەمەش زیانێکی زۆر گەورە بوو بۆ ئەو شارەو دەوروبەری. ئیدی لەو ڕێکەوتە بەدواوە تا ئێستا کە ساڵی (٢٠١٣) ەیە، کتێبخانەکە بۆ جاری سێیەم کەوتەوە سەرپێ‌و کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەی لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکان‌و دەزگا چاپەمەنیەکان‌و خەڵکی دڵسۆز بۆ دابین کرانەوە، ئێستا کتێبخانە خاوەنی (٩٧١٤ کتێب)و (١٠٢٣ گۆڤار)ی کوردی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و فارسی‌و زیاتر لە (٤٠٠٠ دانە ڕۆژنامەی کوردی‌و عەرەبی)یە لەهەموو بوارەکاندا. هەروەها ڕێکخراوی (DIA) سەرلەنوێ بینایەی کتێبخانەکەیان بۆ نۆژەن کردینەوەو کۆمەڵێك پێداویستییان بۆ دابینکردین وەك (کۆمپیوتەرو سپلیت‌و ڕەفەو کورسی‌و مێز و ...تد)} ".

ئەو کتێبخانەیە کاریگەری ئەرێنی هەیە بەسەر خوێنەران، بە تایبەتیش بەسەر قوتابیان‌و وەك سەرچاوەی زانیاری سوودی زۆری لێ دەبینن، هەروەها بەپێی تواناش خولی فێربوونی کۆمپیتەریشیان کردۆتەوە. لە کۆتایی ئاخاوتنیدا، ساڵح محەمەد، بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی ڕواندز دەڵێت:" {کتێبخانەی گشتی ڕواندز سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانی هەولێرە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و هونەرو وەرزش‌و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەجێی خۆشیەتی ئاماژە بەناوی هەموو ئەو بەڕێوەبەرانە بکەین، کە لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٦٥ تا ئەمڕۆ ٢٠١٣ ، کە ئەم بەڕێزانەن: عەبدوڵڵا موحسین لە ١٩٦٥ تا ١٩٧٠ ، کازم نازم حەمامچی لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤، سابیر عەزیز پیرداود لە ١٩٧٦ تا ١٩٨٣، عەبدوڵلا

مەحمود ئەحمەد لە ١٩٨٣ تا ١٩٩١، ئازاد محەمەد نەورۆز لە ١٩٩٨ تا ٢٠٠٠، سالْح محەمەد سالْح لە ٢٠٠٠ تا ئەمڕۆ هەر بەڕێوەبەری کتێبخانەیە} ".

شایانی ئاماژەپێدانە کە کۆمەڵەی هاوڕێیانی کتێبیش لە ١١-١١-٢٠٠٩ دامەزراوەو مۆڵەتی یاساییشی لە ٦-٣-٢٠١٣ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووەو ناویشی بۆتە رێکخراوی هاوڕێیانی کتێب، کە لە دەستەیەك هاوڕێی دڵسۆزو خۆبەخش پێکهاتووە، لە چەند چالاکییەی خۆیاندا کۆمەڵێك کتێبخانەی گەڕۆك و جێگیریان لە هەندێك گوندو قوتابخانەو نەخۆشخانەو چایخانەی ناوشار، لەسەر ئەرکی خۆیان و کۆمەك و هاوکاری خەڵکی دڵسۆز کردۆتەوە.

---

٤١ - مامۆستاو هونەرمەندو شارەزا لە مێژووی رواندز

٤٢ - بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی رواندز

## ♦ بواری رۆشنبیری:

پەیوەست بە بواری رۆشنبیری لە رواندز، بوارێکە رەگو ڕیشەی درێژ مەوداو چەسپاوی هەیە، ئەگەرچی ئێمە لەو کتێبەدا کەمتر رەچاوی لایەنی ئەکادیمیمان کردووە بۆ بابەتەکانو زیاتر پشتمان بەستووە بە هەندێك سەرچاوەی بەردەستو قەڵەمی هەندێك رۆشنبیرو لێپرسراوی دامەزراوە حكومیەكان، بەڵام کاتێك روومان لە برای بەڕێز (د. هەڵمەت باین) نا، تا لە بواری رۆشنبیری لە رواندز شتێکمان بۆ ئامادە بکات، ئەوا بەڕێزیان بەخۆشحاڵییەوە ئەم بابەتەی، کە لێکۆڵینەوەیەکی بواری رۆشنبیری تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە بۆ ناردووین، کە چەندین زانیاری وردو تازەی تێدانو دەکرێ بۆ توێژینەوەی تر سوودیان لێوەربگیرێ، ئێمەش بابەتەکە بەناونیشانی خۆیەوەو هەر بەناوی بەڕێزیان وەك خۆی دادەنێین:

## ♦ رەگە سەرەتاییەکانی لایەنی رۆشنبیری لە رواندز:

(د. هەڵمەت باین) [٤٣] :

{ مێژووی رواندز دەکرێت خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، بەو واتایەی ئەو مێژووە شکۆدارەی رواندز، پەیوەستە بە زۆر لایەنی مێژوویی و ئابووری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی...هتد. بە مەبەستی قسەکردن لەسەر تەوەرەی رۆشنبیری رواندز وەك لایەنی مێژوویی پێویستمان بە خوێندنەوە و وەرگرتنی چەند نموونەیەکی مێژووی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارگێڕی و ئابووری و خوێندەواری ئەو ناوچەیە هەیە، چونکە لەو رەهەندانەوە لە تەواوی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکاندا لایەنی رۆشنبیری رەنگی داوەتەوە و تا ئێستاش ئەو کاریگەرییە بەردەوامە. بەمەبەستی دەرخستنی رەگە سەرەتاییەکانی لایەنی رۆشنبیری رواندز، چەند نموونەیەك بۆ هەر لایەنێك تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەو چەند خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

- **هەلومەرجی خوێندەواری پێش میرنشینی سۆران لە رواندز:**

رواندز هاوشانی شار و شارۆکە کۆنەکانی کوردستان مێژوویێکی دێرینی هەیە، تەنانەت پێش دەرکەوتنی رواندز وەك پایتەختی میرانی سۆران لە مێژوودا پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە، بۆ نموونە لایەنی خوێندن و خوێندەواری، کە سەرچاوەیەکی گرنگی رۆشنبیری و هۆشیارین، هەر لەزووەوە هاوکاتی دەرکەوتنی خوێندن لە مەدرەسە ئاینییەکانی کوردستان، لە رواندز چەندین مەدرەسەی ئایینی هەبووە، وەك (مەدرەسەی رواندز/ ٧٤٩ك، مەدرەسەی رواندز/١٠٦٨ك، مەدرەسەی گوندی رواندز/ ١١٠٦ك، مەدرەسەی گوندی رواندز/ ١١٢٠ك، مەدرەسەی جدیدە لای پردی گەورە /١٠٨١ك) . بوونی مەدرەسەیەك یان چەند مەدرەسەیەکی ئایینی لە رواندز "ئەو مەدرەسانەی کە دەستنووس و نووسراویان هەبووە"[٤٤]، لەگەڵ پیاوانی ئایینی لەو مەدرەسانەدا بۆ ناوچەکە سەرچاوەی گرنگی خوێندەواری بوون .

- **بارودۆخی رۆشنبیری سەردەمی میرنشینی سۆران:**

هاوکاتی دروستبوونی میرنشینی سۆران، دوابەدوای هەڵبژاردنی رواندز وەك پایتەختی میرنیشنەکە، زیاتر پێگەی خوێندەواری لەو ناوچەیەدا بەهێزبووە، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەوەی گەورەپیاوان و خوێندەواران روویان لەو ناوچەیە کردووە، بەمەش راستەوخۆ ناوەندێکی خوێندەواری و رۆشنبیری دەرکەوتووە. هەرچەندە بارێکی پێچەوانەیی لەلایەنی رۆشنبیری لە مێژووی میرانی سۆراندا هەیە، بەتایبەتی لەسەردەمی محەمەد پاشای گەورە بە بەراورد لەگەڵ میرنشینەکانی تر، بەو واتایەی کەمتر لایەنی رۆشنبیری لە میرنشینی سۆراندا بەدەرکەوتووە، ئەمەش بۆ زیاتر گرنگیدانی لایەنی سەربازیو بیری فراونخوازی ئەو میرنشینە دەگەڕێتەوە، بۆیە بەپێچەوانەی میرنشینە کوردەکانی تر، لە میرنشینی سۆراندا دەرکەوتنی شاعیران و ململانێ رۆشنبیرییەکان نەبووە، یان کەمتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەرکە رۆشنبیری و خوێندەواریەی خۆی درێژە پێداوە، وەك دەرکەوتن و ژیانی

راستەوخۆی چەند گەورە پیاوێکی ئایینی، لەوانە مەلای خەتیێ و مەلا عومەر ئەفەندیو مەلا ئەسعەد خەیلانیو زۆرانی تر، کە دەستنووسو کتێبخانەی مەدرەسەیان بۆ بلاوکردنەوەی خوێندەواری زانستە ئاینییەکان هەبووە[٤٥].

سەرەڕای ئەمەش زۆر بەڵگەی تری بایەخی خوێندەواری رۆشنبیری لەسەردەمی میرانی سۆران هەن، وەك بوونی پیاوانی ناودار لە ناوچەکەدا، بەلام زانیاری لە بارەیانەوە بە ئێمە نەگەیشتووە، ئەوەی وەك بەڵگە دەکرێت قسەیان لەبارەوە بکرێت، ئەو کەسایەتیانە لە گۆڕستانی میرانی سۆران لە دەوروبەری کاولۆکانی ئیستا هەر بە نازناوی خۆیان لە رواندز نێژراون، خەڵکی دەرەوەی رواندز بوون، لە شێوەی هونەرکارییەکی سەر کێلەبەردەکان، وەك میرانی سۆران بە بایەخەوە ناونیشانیان لەسەر تاشە بەردەکان هەڵکەندراوە، ئەمەش پێوەندی راستەوخۆی ژیانی ئەوانە لە ناوچەکەدا، کە لەو سەردەمدا بەهۆی پێگەی رۆشنبیری و سیاسی و ئایینی لە ناوچەکە ژیاون و رۆڵی ئەوانیش لەلایەنی خوێندەواری و رۆشنبیری بەسەر ناوچەکەدا دیاربووە.

- **دامەزراندنی مەکتەبی منداڵان:**


ماموستا و قوتابیانی سەرەتایی رواندزی کوڕان١٩٣١

دوای کۆتایی دەسەلاتی میرنشینی سۆران لە رواندز و پابەندبوونی رواندز وەك لایەنی کارگێڕی و سەر بە عوسمانیەکان، ئەو بایەخە رۆشنبیری و خوێندەوارییەی خۆی لەدەست نەداوە و پاشەکشەی نەکردووە، بۆ نموونە لە چوار ساڵنامەی بلاوکراوەی دەوڵەتی عوسمانیدا چەندین قوتابخانە و خوێندن لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هەبوون: " (ساڵنامەی ١٨٩٠ موعەلیمی روشدییە، سەعید ئەفەندی)، (ساڵنامەی ١٨٩٢، موعەلیم ئەسعەد ئەفەندی، مەکتەبی روشدیە)، (ساڵنامەی ١٨٩٤–١٨٩٥ یەك مەکتەبی روشدیەو سێ

مەکتەبی منداڵان، موعەلیمی روشدی سەید عەلی ئەفەندی)، (ساڵـنـامـەی ١٩٠٦ یـەك مەکتەبی روشدیە، دوو مەکتەبی منداڵان، مـوعـەلـیـمـی یـەکـەمـی مـەکـتـەب ئـەمـین ئەفەندی، موعەلیمی دووەم تاهیر ئەفەندی)، (ساڵنامەی ١٩١٢ موعەلیمی مەکتـەبـی روشدیە عەبدوڵا ئەفەندی، یەك مەکتـەبـی روشـدیـە، دوو مـەکـتـەبـی مـنـداڵان، یـەك قوتابخانە)" [٤٦].

تا تێکچوونی رواندز لەلایەن رووسەکان لەساڵی ١٩١٦ و کۆتایی دەسەڵاتی تورکەکان لە رواندز، هاوشانی شارە بەناوبانگەکانی کوردستان ئەو دۆخە خوێـنـدەواریـیـە وەك هەلومەرجێکی رۆشنبیری بەردەوام بووە، تا قۆناغی هاتنی ئینگلیزەکان قۆناغـێـکـی دیکەی رۆشبیری لەو هەلومەرجە خوێندەواریەی رواندز دەستپێدەکات .

## ♦ بارودۆخی خوێندنەوەو رۆشنبیری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم:

رێژەی بەرزبوونەوەی خوێندەواری و رۆشنـبـیری لـە سـەردەمـی مـیرانـی سـۆران لـە رواندز، وەك بەڵگەیەکی ئاشکراو روون لە هەواڵێکی رۆژنامەی (زەورا/ ١٨٦٩–١٩١٧) ، وەك هەفتـەنـامـەیـەکـی عـەرەبـی و تـورکـی سـەردەمـی عـوسمـانـی، هـەواڵـێـکـی سەرنجڕاکێش دەربارەی رێژەی خوێندنەوەی رۆژنامە رۆژنامەی زەورا لە رواندز باس دەکات، لە ژمارەی (٧٦٣)ی ساڵی (١٨٧٨) دا هـاتـووە: ((سـاڵـی رابـردوو ژمـارەی بەشدارانـی رۆژنـامـەکـەمـان لـە قـەزای رەوانـدز بـریـتـی بـوو لـە پـازدە زات و مـاڵ، ئیمساڵیش هەژدە زاتی تر بەشداربوون، واتە ئێستا لـەو قـەزایـە بـیـسـتو نـۆ کـەس کڕیاری زەوران))[٤٧]، ئەم نموونەیە بەپێی هەڵسەنـگـانـدنـی کـاتو شـوێـن گـرنـگـە، تەنانەت بۆ سەردەمی ئێستای خوێندنەوەی رۆژنامە هەواڵەکە وەك بەراورد گـرنـگـە، کە کەمتر لە ئێستادا لەو بەشداربوونە لە ئارادایە .

هەر ئەم لایەنە رۆشنبیریەی شارۆچکەی رواندزە وای لە (د. کەمال مەزهەر) کـردووە بڵێت: ((ئەم هەواڵە دانسەقە بۆی هەیە یاریدەی وەڵامدانەوەی گەلـێـك پـرسـیـارمـان بداتەوە بۆ شارۆچکەیەکی وەك رواندز بوونی بیستو نۆ بەشدار لە رۆژنامەیەکدا کـە زۆرجار بە عەرەبییێکی شەقوپەق چاپکرابێت، بۆ رۆژگاری خـۆی ژمـارەیـەکـی زۆرەو

وادەگەیەنێ سەرەتای دروستبوونی توێکڵی دەستەی روناکبیری نوێی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە ناوەندی سەدەی نۆزدەم))[٤٨]. هەروەها د.کەمال مەزهەر لە درێژەی بۆچوونەکەی خۆیدا وەك مێژوونووسێکی گەورەی کورد پێی وایە: ((لەلایەکی ترەوە ئەو هەواڵەی ناو رۆژنامەی (زەورا) دەربارەی بەشدارانی رواندز لەو رۆژنامەیەدا بایەخی خۆی هەیە بۆ لێکدانەوەی مێژووی چالاکی رۆژنامەنووسی دڵسۆزی کورد خوالێخۆشبوو داماو حوسێن حوزنی موکریانی لە ناوەندی بیستەکاندا، لە ناو هەموو کوردستاندا رواندزی کردە بنکەی چاپخانە ناوازەکەی))[٤٩].

♦ **بایەخی رواندز لە ململانێ سیاسییەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم:**




قۆناغی دوای وێرانکردنی رواندز لەلایەن رووسەکان لە ١٩١٦ و دوای بوونی ململانێی نێوان دەسەڵاتی تورك و ئینگلیز لە ناوچەکەدا، رواندز بووە ناوەندێکی گرنگی بایەخپێدان و ململانێکان، بەتایبەتی ویستی داگیرکارییەکانی بەریتانیا لەلایەك و ویستی تورکیا و لە بەرامبەریشدا هێزی رووبەڕووبوونەوەی تورك و ئینگلیزەکان لە رواندز و ناوچەکانی تری کوردستانیش هێندەی تر رواندز وەك ناوچەیەکی کارگێڕی سەربەخۆ دەرکەوت. لە دوای میرنیشنی سۆران جارێکی تر ئەو پێگە سیاسی و کارگێڕی و رۆشنبیریەی خۆی بۆ گەڕایەوە، هەروەك لە زۆر لە یاداشت و نووسراوە مێژوویییەکانی ئەو قۆناغەدا باسکراوە، وەك لە یاداشتەکانی رەفیق حلمی و ئەحمەد خواجە و هاملتن و مێجەر های و ئەدمۆنس...هتد دا هاتوون .

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەگژیەکداچوونی دەسەڵاتی داگیرکاری بەریتانیا و تورکیا، رواندز وەك ناوچەیەکی گرنگ دەرکەوت، هاوکاتی هاتنی سەید تەها شەمزینی بۆ رواندز و هێنانی حوسێن حوزنی موکریانی و چاپخانەکەی بۆ رواندز،

ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری هێندەی تر وەك خوێندنی میری و چاپ و بڵاوکردنەوە پێشکەوت، بۆ نموونە دامەزراندنی یەکەم قوتابخانە لە رواندز لە ساڵی ١٩٢٣ بەپێی هەواڵێکی گۆڤاری زاری کرمانجی (١٩٢٦-١٩٣٢) ئەوکات لە رواندز منداڵانی شار بەزمانی شاری خۆیان دەخوێنن، دواتریش دامەزراندی قوتابخانەیەکی میری و دامەزراندنی قوتابخانەیەکی شەوانە لە ساڵی ١٩٣٢ هێندەی تر خوێندن و خوێندەواری برەوی پەیداکردووە، زۆرجاریش ئەو دەنگو باسە پەروەردەییە لە ژمارەکانی گۆڤاری زاری کرمانجی ئەو کاتدا هاتووە، کە سەرجەمیان (٢٤) ژمارە بوون[٥٠]، هەر ئەمەش بووە سەرەتایەکی باش بۆ تەواوکردنی خوێندن لە قۆناغی ناوەندی و قۆناغەکانی دواتر لە هەولێر، کە رێژەیەکی بەرچاوی قوتابیانی رواندزی بوون .

- **رواندز و هەلومەرجی رۆشنبیری:**

هاتنی حوسێن حوزنی موکریانی بۆ رواندز، چ بە هاوکارییەکان و کارئاسانی سەید تەها شەمزینی و هەروەها هەڵبژاردنی رواندز لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانییەوە وەك ناوەندێکی گرنگی بۆ چاپخانەکەی، هەڵبەتە دەبێت ئەو زەمینە رۆشنبیرییەی رواندز لە باریدا هەبووبێت بۆ خوێندنەوەو رۆشنبیری...هتد، بەتایبەتی زۆر کەرستەی مێژوویی و ناوچەکە بەشێك لە رووداوەکان هۆکارێك بوون بۆ بایەخدان بەو ناوچەیە لە رووی تۆمارکردنو چاپو چاپەمەنییەوە .

ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە نێوان رواندز و حوسێن حوزنی پێوەندییێکی روحی و دۆستایەتی بەهێز بووە و زۆرجاریش ئەو پێوەندییە لە نووسینەکانی حوسێن حوزنی موکریانی دەرکەوتووە، بەو واتایەی حوسێن حوزنی و مانەوەی لە رواندز پێوەندی بە هاوکاری و دۆستایەتیەکانی رواندزەوە هەبووە . حوزنی لە رواندز پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبووە و راستەوخۆ وەك کەسایەتی کاریگەریی رۆشنبیری بەسەر ناوچەکە نواندووە و تا ئێستاش خەڵکی رواندز گەواهی ئەو راستییەی بۆ دەدەن .

## ♦ پێوەندی نێوان حوزنی و کەسایەتییەکانی رواندز:

ئەو پێوەندییە دوو لایەنەی نێوان حوسێن حوزنی و کەسایەتییەکانی رواندز رۆڵێکی کاریگەری لە بەرزکردنەوە و برەوپێدانی هەوڵە رۆشنبیرییەکانی ئەو ناوچەیەدا هەبووە، بۆ نموونە ئەمین رواندزی وەك کەسایەتییەکی گرنگی شارۆچکەی رواندز و سەبری بەگ مەبعوسی سلێمانی دوای لە کارکەوتنی چاپخانەکەی حوسێن حوزنی بەهۆی پەککەوتنی پیتەکانەوە، بەهەوڵو هاوکاری کۆمەڵێك کەسایەتی دیکە لە رەواندز و بەغدا هاوکاری ماددی حوسێن حوزنی موکریانیان لە هێنانی پیتەکانی چاپخانەکەی لە میسرەوە کردووە و دواتریش حوسێن حوزنی لەژێر ناونیشانی (پاڕانەوە و منەتدارێکی ئاشکرا)[٥١] سوپاسی هەموو دۆستانی لە رواندز و بەغدا کردووە، بەتایبەتی ئەمین رواندزی، چونکە لە کۆی (١٧٢) روپیە لە بەغدا ئەمین رواندزی بە تەنها (١٠٠) روپیەی داوە و رۆڵی لەچارەسەرکردنی گرفتەکەدا هەبووە، هەر لەبەر پێگەی ملازم ئەوەل ئەمین رواندزی چەندین جار لە گۆڤاری زاری کرمانجی لە کاتی گەڕانەوەی بۆ رواندز بەخێرهاتنی کراوە، جگە لەوەش حوسێن حوزنی لە ناو شارۆچکەی رواندز وەك کەسایەتییەکی دیار توانیویەتی متمانەی خەڵکی شارۆکەکە بۆخۆی کێش بکات .



حوسێن حوزنی موکریانی

حوسێن حوزنی لە یەکێك لەو مەسەلانەی حزبی(أخاءحوسێن حوزنی لە یەکێك لەو مەسەلانەی حزبی (اخاء) برایەتی نیشتمانی لە مزگەوتی تەکیەی رواندز بە مەبەستی ئەندامبوون کۆبووبوونەوە، دواتر حوسێن حوزنی بڵاوەی بەو خەڵکە کردووە، چونکە خەڵکی گوێڕایەڵی قسەکانی بوون و کاریگەریشی بەسەریاندا هەبووە[٥٢]، ئەم هەستەی حوسێن حوزنی وەك لە بەشێك لە یاداشتەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی (چوونە هەولێرم و مەتبەعە دامەزراندنم و جەریدەی رووناکی دەرخستنم) لە بەرامبەر رواندز تا ئاستێك بووە، لەژێر فشاری ئەحمەد بەگی موتەسەرفی هەولێر نەیویستوە چاپخانەی رواندز بۆ هەولێر بگوازێتەوە و چاپخانەیەکی تری کڕیوە، تا

ئەو ڕاددەیەی حوسێن حوزنی چاپخانەی ڕواندزی بە ڕووناکی ناو ڕواندز وەسفی کردووە[٥٣].

لە پێشەکی کتێبی (میرانی سۆران) ڕستەیەکی خۆی وەك دڵسۆزی و هەستی خۆی بەرامبەر ڕواندز دەربڕیوەو دەڵێت: ((نەشیام کەمێك سەربهوردەی ئەم خاکە پیرۆزە و ڕەنگینە بنووسم، بەم نامیلکە کورتە بڕیمەوە، ئومێد ئەکەم ڕۆژێك بێ بەدرێژی پەرتووکێکی زۆر گەورە بەناوی (ڕواندز)ەوە چاپبکرێ، چونکە شایەنی سوپاسە))، ئەم خۆشەویستی و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی ئەم پیاوە، وایکردووە هەمیشە ڕێچکەی ڕۆشنبیری ئەم شارە بەرەو فراوانتر بڕوات و لە یادەوەری خەڵکەکە بمێنێتەوە و لاسایی ئەم کەڵەپیاوە بکرێتەوە.


کۆمەڵەو پارتە کوردییەکان ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریدا گێڕاوە، ڕواندزیش هاوشانی ناوچە دیارەکانی کوردستان، چ وەك بەشداری کردن، چ وەك دامەزراندی پارتی کوردی کەسایەتییەکانی ڕواندز بەشدارییان کردووە. د. کەمال مەزهەر لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی (خێروبێری ڕاپۆرنووسێکی کورد)[٥٤]، لە ساغکردنەوەی بەڵگەنامەیەکی سیخوڕی بەریتانیدا، ناوی هەژدە کەسی ناو شاری سلێمانی دەبات لەگەڵ سێزدە کەسی تر، کە خەڵکی دەرەوەی سلێمانین، لە ناویشیاندا دوو کەسی ڕواندزی هەن، بە ناوەکانی عوسمان بەگو سلێمان بەگ باوکی عەلی حەیدەر[٥٥].

وەك هەستێکی ڕۆشنبیریی و نەتەوەیی لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم هەوڵێکی ڕۆشنبیرانی کورد تایبەت بە دامەزراندنی یانەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانستی لە ئارادابووە، بۆ نموونە دامەزراندنی یانەی سەرکەوتن لە بەغدا بە دەستپێشخەری مەعروف جیاووك و کۆبوونەوەی لاوانی کورد لە بەغدا لەساڵی ١٩٣٠، دەقی هەواڵەکەش لە گۆڤاری زاری کرماجی بە بایەخەوە بڵاوکراوەتەوە، هەروەها دامەزراندی کۆمەڵەی زانستی کوردان (سلێمانی ١٩٢٦) لە نێویشیاندا کۆمەڵی بژارکردنی زمانی کوردی هەبووە، ئەم هەوڵە هاوکات لە ڕواندز لە ساڵی ١٩٢٦ بۆ دامەزراندنی یانەیەکی زمانی و هۆشیاری دراوە، بەڵام یانەکە بەهۆی وەرنەگرتنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕەتکرایەوە، دامەزرێنەرەکانیش سەید تەها

نەهری، ئیسماعیل رواندزی، ئەمین ئەفەندی[٥٦]، محەمەد ئەفەندی بوون[٥٧] .

ئەمین رواندزی وەك کەسایەتی ناسراوی رواندز بەتەنها زیاتر لە (٦) کۆمەڵەو پارت وەك ئەندام و دامەزراندن بەشداربووە . بەشداربوون لە کۆمەڵەی ئازادی، پێشکەوتنی کوردان، کۆمەڵەی پشتیوان ١٩٢٧، کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان ١٩٣٠، برایەتی ١٩٣٧، دەستەی دامەزراندنی حزبی هیوا ١٩٣٧[٥٨]. هەروەها عەلی حەیدەر سلێمان لە کۆمەڵەی نەهێشتنی نەخوێندەواری ١٩٣٣، یانەی پێنوسی عێراقی ١٩٣٤ بەشداربووە. جگەلەوەش ئەو قوتابیە رواندزیانەی لە هەولێر خوێندوویانە لە حزبی هیوا بەشداربوون، ئەمە وێرای ئەوەی حزبی هیوا بنکەیەکی لە رواندز هەبووە و خەڵێکی زۆر بەشداربوون .

## ♦ کەسایەتییەکانی رواندز و کاریگەریی رۆشنبیرییان:


شاکر مجروم

لەپاڵ حوسێن حوزنی و سەید تەها شەمزینی و ئەمین رواندزی، بوونی زۆرێك لە کەسایەتییەکانی دیکەی رواندز وەکو سمایل بەگو وەهاب ئاغاو نوری باویل ئاغاو حاجی نەورۆز ئەفەندیو محەمەد عەلی ئاغا و شاکر مجروم و نەزهەت رواندزی و پیرۆز خانو زۆرانی تر، لەپێش سالآنی پەنجاکان راستەوخۆ لەنێو پرس و کێشەکاندا بوون و کەم تازۆر کاریگەرییان بەسەر دەوروبەری خۆیان هەبووە وەك لایەنی رۆشنبیری، جگە لەوەش ئەو مامۆستایانەی کە لە رواندز بوون رۆڵێکی کاریگەری ئەو بزووتنەوە رۆشنبیرییەیان هەبووە، بۆ نموونە پێشکەشکردنی شانۆی نیرۆن لە ساڵی ١٩٣١ لە رواندز، ئەمە بۆ خۆی ئاماژەیەکی روونی پێگەی خوێندەواری ئەوان بووە، کە دواتر ئەو رەوتە لە سالآنی حەفتاکان و هەشتاکان رواندز لە رووی هونەرییەوە بووە، ژمارەیەکی پێشەوەی پێشکەوتنی رۆشنبیری لە کوردستاندا .

## ♦ کتێبخانەی پێشکەوتن و خوێندنەوە لە رواندز:

کتێبخانەی پێشکەوتن لە رواندز (١٩٤٣) بۆ رۆژگاری خۆی ئەرکێکی گرنگی




رۆشنبیری و هۆشیارکردنەوە و ئاگاداربوون بۆ زانیاریی و رۆشنبیرییە بلاوکراوەکانی خەڵکی رواندز بووە، لەلایەکی دیکەش ئەم کتێبخانەیە بۆ ناوچەکانی تری کوردستان، تەنانەت پارچەکانی تری کوردستانیش وەك ناوەندێکی گەیاندنی زانیاری رۆشنبیری بووە، هەروەها زۆربەی خەڵکی رواندز لەرێی ئەو کتێبخانەیەوە لە خوێندنەوەوە پشکداربوون، زۆربەی ئەو چاپو بلاوکردنەوانەی ئەوکات هەبوون دەگەیشتنە رواندز، زیاتریش ئەو کتێبو نووسراوانە دەخوێندرانەوە کە بۆنی سیاسەتیان لێدەهات، ئەم کتێبخانەیە لەلایەن دەسەڵاتدارنی ئەوکات چاودێری کراوەو راپۆرت بۆ سەفارەتی بەریتانیا دراوە(٥٩)، لەلایەن پیرەمێردی گەورەش لە رۆژنامەی ژین بە بایەخەوە پێشنیازی گۆرینی ناونیشانی کتێبخانەکە کراوە، ئەمەش بەڵگەی روونی کاریگەری رۆشنبیری کتێبخانەکەیە. لە بەرگی دواوەی گۆڤاری گەلاوێژ وەك یەکێك لە گۆڤارە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی، هاوشانی شار و شارەکانی تری کوردستان ناوی رواندز و عەلی مەکتەبە نووسراوە، گۆڤارەکە لە رێی ئەوانەوە دەگات}". تا ئێرە بابەتی (د. هەڵمەت باین) بوو.

* * *

هەر پەیوەست بە بواری رۆشنبیری، لە ئێستادا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانرەوایە، رۆژ دوای رۆژ کوردستان لە هەموو رووێکەوە دەبووژێتەوە، لە رواندزیش مینا زۆر شارو شارۆچکەی تر، دامەزراوەیەکی فەرمی رۆشنبیری بەناوی فەرمانگەی رۆشنبیریو هونەری رواندز لە ١٥-٦-٢٠٠٩ بە فرمانی کارگێری پارێزگای هەولێر ژمارە ٩/١١١٢ کراوەتەوەو لە ١٠-٩-٢٠٠٩ نوری بێخاڵی وەك بەرێوەبەر دەستبەکار بووە. دواتر لە ناوەراستی مانگی ٥-٢٠١٢ کراوەتە بەرێوەبەرایەتیو نوری بێخاڵی بەرێوەبەری بووەو دوای ئەویش لە ئازاری ٢٠١٣ حوسێن مستەفا بەوەکالەت بۆتە بەرێوەبەر. ئەم بەرێوەبەرایەتییە سەر بە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیریو هونەرو وەرزشی لاوانی هەولێرەو بەپێی بەرنامەیەکی ساڵانەی خۆی، کە پێشکەشی وەزارەتی کردووە، کار دەکات بۆ پێشخستنی رەوتی رۆشنبیری لە ناوچەکەو پشتگیری هەموو ناوەندو گرووپو کەسی رۆشنبیرو هونەردۆست دەکات، کە تواناو بەهرەکانی خۆیان پەرە پێبدەن. لەم پێناوەشداو لەماوەی دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ دەیان چالاکی جۆراوجۆری لە کردنەوەی پیشانگای هونەریو کۆنسێرتی گۆرانیو کۆڕو سمینارو فیستیڤاڵو رێزلێنانو سەرپەرشتیو بەشداری چەندین بۆنەو یادو گردبوونەوەو رێوڕەسمی کردووەو بۆ ئەمساڵیش لە بەرنامەیدایە سەرپەرشتی فیستیڤاڵی رۆژی رواندز بکات.

هەروەها لە ١٩–٥–٢٠٠٩ فەرهەنگخانەی رواندز کراوەتەوەو کۆمەڵێك گەنجی شارەکە تیایدا کار دەکەنو چالاکی دەنوێنن. هەرچی سەبارەت بە سەنتەری رۆشنبیرییە، ئەوا ئەو سەنتەرە رۆشنبیریو سەربەخۆیەو (بەختیار سەباح)[٦٠] لەبارەی سەنتەرەکەیانەوە دەڵێت:" {سەنتەرەکەمان هەوڵدەدات بۆ پێشخستنی بزاڤی رۆشنبیری ناوچەکەو کۆکردنەوەی بەهرەو تواناکانو ئاراستەکردنیان بە گیانێکی هاوچەرخو پێشکەوتنخوازانەو رێز لە جیاوازی ئایدۆلۆژی خەڵکی کوردستان بە گشتیو ناوچەکە بەتایبەتی دەگرێت، لە چوارچێوەی چالاکی مەدەنیو


چالاکی سەنتەری رۆشنبیری رواندز لەفیستڤاڵی ١١ ی ئازار

دیموکراسی وەك رێکخراوێکی (NGO) کاردەکەینو مۆڵەتی فەرمی کارکردنمان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە} ".

سەبارەت بە دامەزراندنی سەنتەرو چالاکییەکانیان، سەرۆکی سەنتەر دەنووسێت:" {سەنتەری رۆشنبیریی رواندز لە (١٩–٨–٢٠٠٠) بە ژمارە (٦٨٤٥) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان مۆڵەتی فەرمی پێدراوە. تا ئێستاش شەش کۆنفرانسی گرێداوە، هەر دووساڵ جارێك کۆنفرانس دەبەستێتو لەلایەن ئەندامانەوە

دەستەیەکی نویٚ بۆ سەنتەر هەڵدەبژێردرێت. لەو کاتەوەش تا ئێستا چەندان چالاکی رۆشنبیریی و هونەریی و ئەدەبیی و کەلەپووریمان ئەنجامداوە، هەروەها لە بواری مافەکانی منداڵان و ئافرەتان و گەنجانیش چەندان سمینارو وۆرکشۆپمان سازکردووە، جگە لەوەش بە دەیان خولی کۆمپیوتەرمان بۆ توێژە جیاجیاکان کردۆتەوە. بەکورتی چالاکییەکانمان بریتی بوونە لە کردنەوەی چەندین خولی فێربوونی کۆمپیوتەر، ئەنجامدانی وۆرکشۆپ بە هاوکاری رێکخراوەکانی بیانی لە بواری مافەکانی ئافرەتان و منداڵان و گەنجان، سازکردنی کۆڕو سمینار لە بوارەکانی (شیعر، سیاسی، رۆشنبیریی، کۆمەڵایەتی، پاراستنی ژینگەو گیانەوەران)، هاوکاریکردنی قوتابیانی هەژارو کەمدەرامەت، رێزلێنان لە کەسانی رۆشنبیرو هونەرمەندو رۆژنامەنووسان و چەندان چالاکی تری هونەریی و رۆشنبیریی لە رواندزو دەوروبەری} ".

---

٤٣ – مامۆستای زانکۆی سۆران

٤٤ – محەمەد عەلی قەرەداغی، بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٨، ل٣٤

٤٥ – لە کتێبی مێژووی بنەماڵانی بەناوبانگی رواندز، مەلا مەمدوح مزوری، کە زیاتر بەشێك لە بنەماڵە ئاینیەکانی رواندز و دەوربەریەتی، هەندیٚ زانیاری لەبارەی کتێبخانە چەند پیاوێکی ئاینی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی تۆمارکراوە.

٤٦ – فەیسەل دەباغ، چوار ساڵنامەی دەوڵەتی عوسمانی، گۆڤاری هەولێر، ژمارە/ ٩، ٢٠٠١ .

٤٧ – د.کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠١،ل ٤٥٩–٤٦٠ .

٤٨ – هەمان سەرچاوە، ل٤٦٠ .

٤٩ – هەمان سەرچاوە، ٤٦٠ .

٥٠ – هەڵمەت بایز، لایەنی پەروەردەیی لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە/ ٣١، ٢٠٠٣، ل ٤٩ .

٥١ – گ/ زارکرمانجی، ژ١٩٢٨،٥، ل٢٣ .

٥٢ – له پێشەکی دووباره چاپکردنەوەی گۆڤاری روناکی، ئامادەکردنی د. کوردستان موکریان، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣٤–٣٨ .

٥٣ – هەمان سەرچاوه، ل ٣٤–٣٨ .

٥٤ – له پێشەکی دووباره چاپکردنەوەی گۆڤاری روناکی، ئامادەکردنی د. کوردستان موکریان، دەزگای چاپ و بلأوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣٤–٣٨ .

٥٥ – هەمان سەرچاوه، ل ٣٤–٣٨ .

٥٦ – بەپێی نوزسراوێکی د. کەمال مەزهەر له پێشەکی دووباره له چاپدانەوەی رۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠–١٩٢٢) له ئامادەکردنی عەبدولاّ زەنگەنه، پێی وایه دوو ئەمین رواندزی هەن و هەردووکیان پلەی ملازمیان هەبووه، بەو هیوایەین له داهاتوودا له ماستەرنامەیەك یان دکتۆرانامەیەك لەسەر ئەمین رواندزی بنووسرێت، ئەم بۆچوونەی دوو ئەمین رواندزیش پشت راستبکرێتەوه .


٥٧ – ئەحەمەد حەمەد ئەمین هۆمەر، رواندز لێکۆڵنەوەیەکی مێژوویی– سیاسی (١٩١٨– ١٩٣٩)، سەنتەری لێکۆڵنەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٤٧، ئەزانیاریەش وەرگێراوی نووسینەکانی هەریەکە له (د.ولید حمدی و دیڤید ماکداول)ه

٥٨ – ئەحەمەد حەمەد ئەمین هۆمەر، ل١٦٧–١٦٨ .

٥٩ – بۆ ئەم زانیاریانه سوودم له چاوپێکەوتنێکی خوالێخۆشبوو عەلی مەکتەبه له رێکەوتی ٢٢/١/٢٠٠٤ وەرگرتووه . ناوبراو لەگەڵ حاجی حیدەر عوسمان کتێبخانەکەیان بەرێوەبردووه.

٦٠ – سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری رواندز

## • بزاڤی رۆژنامەنووسی لە رواندز:




رواندز یەکێکە لەو شارە دێرینانەی لە بواری بزاڤی رۆژنامەوانیدا شوێنپەنجەی بەسەر رەوتی رۆژنامەوانی لەسەرتاسەری کوردستان دیارو کاریگەرە. ئەو بزاڤەش لەسەر دەستی رۆژنامەوانێکی لەخۆبردووی ماندوونەناسەوە چەکەرەی کردووە، ئەویش بەهەشتی (حوسێن حوزنی موکریانی- ناسراو بە داماو)ە، کە خەڵکی مەملەکەتی ئاوەدانی سابڵاخە. (د. کوردستان موکریانی)[٦١] کچی گیوی موکریانی، کە دەکاتە برازای حوزنی، سەبارەت بە حوسێن حوزنی مامی دەنووسێت: " {لە ساڵی ١٨٩٠ هاتۆتە دونیاوە، لە مهاباد خراوەتە بەر خوێندن، پاشان دەچێتە مەراغەو تەبرێز. ئینجا رووئەکاتە یەریڤانو رووسیاو ئیستەنبۆل، ئینجا رووئەکاتە سوریاو لوبنان، فەلەستین، حیجاز، میسر، فەرەنسا و ئەڵمانیا} ". لە درێژەی باسی خۆی سەبارەت بە حوزنی، د. کوردستان موکریانی دەنووسێتو دەڵێت: " {حوسێن حوزنی لە ساڵی ١٩١٤ چاپخانەی (dievmend) لە ئەڵمانیای دەکڕێت و ساڵی ١٩١٥ دەیهێنێتە شاری حەلەب لە سووریاو بڵاوکراوەی بە زمانی کوردی بڵاودەکاتەوە} ". دواتر هەر ئەو چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٢٤ لەگەڵ خۆی دێنێتە شاری رواندزو چاپخانەی زاری کرمانجی دادەمەزرێنێو بناغەی رۆژنامەوانی کوردی دادەنێ و کتێبو námیلکەو گۆڤار بە رێنووسی کوردی بڵاودەکاتەوە. مامۆستا (یاسین برایم)[٦٢] بەشێکی بابەتێکی نێو کتێبەکەی بۆ ئێمە هەڵێنجاوەو نووسیویەتی: " {گۆڤاری زاری کرمانجی لە (٢٥-٥-١٩٢٦) هەتا (٢٣-٧-١٩٣٢) هەمووی بە سەر یەکەوە بیستو چوار ژمارەی لێ دەرچووە. ئەم گۆڤارە لە دیرۆکی رۆژنامەگەری کوردی سەرچاوەیەکی رەسەنو دەوڵەمەندە لە زانستو زانیاری} ". د. کوردستان هەروەها

دەڵێت:" {حوزنی لەپاڵ گۆڤاریشدا کۆمەڵێك کتێبی خۆیشی چاپ دەکات، تا لە ٢٣-٦-١٩٣٤ دەچێتە سلێمانی بۆ دامەزراندنی چاپخانەی شارەوانی} ". ئەمانە بەشێکن لەو کتێبانەی، حوزنی لە رواندز چاپو بڵاوی کردوونەتەوە، (ئاوڕێکی پاشەوە بەرگی١،٢،٣،٤- حوزنی) (حوکمدارانی بابان- حوزنی)، (مێژووی ناودارانی کورد-حوزنی)، (مێژووی کورد و نادر شاه- حوزنی)، (مێژووی شاهنشاهانی کوردی زەند- حوزنی)، (وێنەگریو هەڵکۆڵین- حوزنی)، (دەستووری خود بۆ کچ و کوڕ- حوزنی)، (میرانی سۆران- حوزنی)، (کوردستانی موکریان- حوزنی)، (پێشەوای ئایینی- حوزنی)، (باوەڕی ئایینی- شێخ سەمیعی بانەیی)، (خۆشی و ترشی- حوزنی)، (بەخێو کردنی کرمی ئاوریشم- حوزنی)، (عەقیدا ئیمانیێ- شێخ عەبدوڵا شەمدینان)، (کەڵەباب-عیسا عەلی)، (دیوانی ئەدەب- حوزنی)، دیاری بۆ بچووکی کوردان- فەهمی بەگ)، (ترازان- سەید تەهای شەمزینان)، (ئەحمەدی- شێخ مارفی نۆدێ)، (فەرهەنگۆك ئینگلیزی کوردی- شاکر فەتاح)، دەستەگوڵی بوێژان- حوزنی)،...تد). حوزنی موکریانی رۆڵێکی زۆر دیارو رۆشنی هەبووە لە رۆشنبیریو کاری رۆژنامەوانی لە شارە جیاجیاکانی کوردستان، هەر لە حەلەبەوە بۆ رواندزو سلێمانیو هەولێر، دواجار دەچێتە شاری بەغداو گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە). سەبارەت بە وەغەری دوایی حوزنی، د. کوردستان دەنووسێت:" {لە ٢٠-٩-١٩٤٧ حوسێن حوزنی لە بەغدا دەچێتە بەر دلۆڤانی خودێ، لەدوای سێ مانگ گیو موکریانی برای، تەرمەکەی دێنێتەوە هەولێرو لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد بەخاکی دەسپێرێت} ". حوزنی لەپاڵ کاری رۆژنامەوانیو دەرکردنی زاری کرمانجی، زۆر گرنگیشی داوە بە تێخستنی هونەری گرافیكو کاریکاتێرو نیگارکێشیو خەتخۆشیو پیت هەڵکۆڵینو دیزایینو ..تد. وێڕای هەموو ئەمانە، حوزنی بەپێی نووسراوەکانی خۆی، تاکە کتێبی سەردەمی پاشای گەورەی وەدەست کەوتووە، کە ناوی (مەلیخا) بووەو وەك سەرچاوە پشتی پێ بەستووە لە هەردوو کتێبی (کوردو میرانی سۆران) و (مێژووی میرانی سۆران). مەلیخا وەك زۆر توحفەی دانسقەو زۆر بەیازو کاری دەستی ناوازەی دیکەی سەنعاتکارانی دەستڕەنگینی کوردەواری بەهۆی ئەو بارودۆخە ناجێگیرەی کوردستانو شەڕو شۆڕەوە لەناو چووە. کتێبەکانی حوزنیش

زۆر زانیاری بەسوودیان تێدایە كە توێژەرانو پسپۆرانی بواری مێژوو دەتوانن سوودی لێببینن. ئەم بەخششو كارانەی حوزنی بوونەتە هەوێنو بناغەیەكی پتەو تا نەوە دوای نەوە، لەدوای ئەوەوە ئەو ڕێچكەیە بگرنە بەر و لەسەردەم و قۆناغی جیاجیادا درێژە بە كاروانی ڕۆشبیریو ڕۆژنامەوانی بدەن. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم بابەتە ئاماژە بە نووسینێكی نووسەری ئەم كتێبە دەكەین(٦٣) كە دەنووسێ:" {... پارێزەر مەعروف جیاوۆك لە ساڵی ١٩١٢ لە بەغدا ڕۆژنامەی (الحقوق)ی دەركردووەو لە ساڵی ١٩٣٠ (یانەی سەركەوتن)ی دامەزراندووەو بەهەردوو زمانی كوردیو عەرەبی چەندین كتێبی چاپو بڵاو كردۆتەوە. هەروەها




شاكر مەجروم، كە كەسایەتییەكی ڕۆشنبیرو وشیاری شاری ڕواندز بووە، لە حكومەتەكەی شێخ مەحمود كراوەتە بەڕێوەبەری پۆستەو تەلەگراف. ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٧ لە شاری بەغدا لەگەڵ مستەفا شەوقی، گۆڤارێكی ئەدەبی كۆمەڵایەتی بەناوی (پەیژە) دەركردووە، هەروەها شیعرو هۆنراوەی بە هەر سێ زمانی (كوردی- فارسی- توركی) نووسیوە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە دانانی كتێبخانەش بكەین، كە لە ساڵی ١٩٤٣ هەریەكە لە (سەبری نەجیبو عەلی مەكتەبە) لە ڕواندز دایانمەزراندووە.

كەسایەتییەكی دیكەی ئەو شارە كە لە بواری سیاسیو سەربازیو ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی هەبووە ئەفسەر ئەمین ڕواندزییە، كە لە ساڵی ١٩٤٨ یەكەم ڕۆژنامەی كوردی لە هەولێر بە ناوی (هەتاو) دەركردووە. گۆڤارێكیش بە ناوی (ئاگر) لە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن كۆمەڵێك قوتابی دەركراوە} ". (یاسین برایم)(٦٤) سەبارەت بە قۆناغی دوای زاری كرمانجی دەنووسێتو دەڵێت:" { لە دوای وەستانی گۆڤاری زاری كرمانجی، حوزنی ئەمجارەیان گۆڤاری ڕووناكی لە ٢٤-١٠-١٩٣٥ تا ١٦-٥-١٩٣٦ لە شاری هەولێر دەردەكات، كە یەكەمین گۆڤاری كوردی شاری هەولێرەو ژمارە (١، ٢)

لەموسڵ و ژمارە (٣ تا ٦) لە رواندز، ژمارە (٧ تا ١١) لەهەولێر چاپ کراون. ئەگەر سەیری ئەم گۆڤارە بکەین، دەبینین (١١) دانەی لێ دەرچووەو چوار ژمارەی (٣،٤،٥،٦) لە رواندز چاپ کراوە. هەروەها لە سەروبەندی جەنگی جیهانی یەکەم لە شاری رواندز لەلایەن رۆشنبیرانی رواندز، کە سەر بە حزبی هیوا بوون، بڵاوکراوەیەکیان بە ناوی کوردستان دەرکردووە، بڵاوکراوەیەکی دەستنووسی حزبی هیوا بووە لە رواندز لەساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٠) دەرچووە، تاکو ئێستا ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بڵاوکراوەیە بە تەواوەتی ساغ نەکراونەتەوە، بەڵام ئەوانەی دەریانکردووە دەڵێن زیاتر لە (٥) ژمارەی لێ دەرچووە، لەوانە عەلی مەکتەبەو شێخ سلێمان‌و سەبری ئەفەندی. لە حەفتاکانیش لە(گەلاڵە) گۆڤاری (بەرەو رووناکی) لەدایك بوو.



دەستەی بەڕێوەبردنی (ئیبراهیم سەید بەرزنجی، نەژاد عەزیز سورمێ، سەردار کەمال مەولود، ئازاد عەبدولوەهاب جوندیانی، غەفوور حوسێن گەلاڵی) . ژمارە (١) بە (٤٤) لاپەڕەو ژمارە (٢) بە (٥٢) لە ساڵی ١٩٧٢، ژمارە(٣) کە (٦٤) لاپەڕە بووەو لە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە. لە هەشتاکانیش، گۆڤاری دەستنووسی (نەورۆز)ی منداڵان بە نەهێنی لەلایەن (هەڵگۆرد عەبدولوەهاب) لە ئازاری ١٩٨٠ دەرچووەو سێ ژمارەی لە رواندز لێ دەرچووە. (بەرنامە) گۆڤارێکی دەستنووسی کۆمەڵێك لە گەنجان‌و قوتابیانی شاری رواندزە لە پایزی ١٩٩٠ بەنهێنی دەریانکردووە، لە ژمارەی دوودا رۆژی دەرچوونی (٨-١١-١٩٩٠) ی لێ نووسراوە. گۆڤارەکە لە ٤٤ لاپەڕە پێکهاتووە. لەڕاپەرینی ١٩٩١ رواندز بوو بە پێشەنگ لە بڵاوکردنەوەی یەکەم گۆڤاری کوردی، ئەویش گۆڤاری (قەڵا)یە. گۆڤاری قەڵا لە ١١-٢-١٩٩١ بەر لەڕاپەرین لە شاری رواندز دەرچووە، ژمارە(٢)ی لە کاتی راپەریندا لە مانگی (٣) دەرچووە، ژمارە (٣) یەکەم ژمارەی دوای راپەڕینی ئەم گۆڤارەیە، کە لە مانگی نیسانی ١٩٩١ دەرچووە، بەمەش گۆڤاری قەڵا دەبێتە یەکەم گۆڤاری دوای راپەرین.

گۆڤاری قەلاَ گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی بووە، هەمووی بەسەر یەکەوە (١٠) ژمارەی لێ دەرچووە، دەستەی نووسەرانی بریتی بوون لە (ئاکۆ ئاکۆیی، حەسەن مستەفا، لوقمان حەسەن، حوسێن مستەفا، عەبدلواحید رواندزی، توانا ئەحمد، رێناس مستەفا)، ئەم گۆڤاری دوای دە ژمارە بەهۆی گرفتی ماددی پەکی کەوتووەو راوەستاوە. هەر لە دوای راپەڕین گۆڤارێکی منداڵان بەناوی (پەڕەسێلکە) دەرچووە. ژمارە (سفر)ی ئەزموونی لە گەلاَڕێزانی ١٩٩١ بووەو دواتر چەند ژمارەیەکی تری لە رواندزو هەولێر دەرچووە. بلاَوکراوەی (کۆڕەك) یەکەمین بلاَوکراوەی خوێندکاریە لە دوای راپەڕین لەم شارە دەرکرا بێت. ژمارە (١) لە ٢١ی ئازاری ١٩٩٦ و ژمارە (٢) لە ٢١-٤-١٩٩٦ و ژمارە (٣) کە دوا ژمارەیە لە ١١-٥-١٩٩٦ دەرچووە، دەستەی نووسەرانی ئەم بلاَوکراوەیە (ئیسماعیل کوردە، تەحسین حەسەن، محەمەد جەمال، زەردەشت عەبدوڵلاَ، عەزیز مەزهەر، رەسول کەمال، حەمەد سەدیق حەمەد) بوون. گۆڤاری (رواندز)یش یەکەم ژمارەی لە ٢٠-٤-١٩٩٨ دەرچووەو خاوەنی ئیمتیازی (یوسف سۆڤ عەلی)و دەستەی سەرپەرشتی کۆمەڵێك لە رۆشنبیرانی رواندز نووسراوە. لە ژمارە (٢)ی گۆڤارەکە (سەدیق سەعید) دەبێتە سەرنووسەرو (عەبدلواحید محەمەد) بەڕێوەبەری نووسین‌و (نوری بێخاڵی‌و مستەفا جندیانی) دەبنە دەستەی نووسەران. دوا ژمارەی لە بەهاری ١٩٩٩ لە یەك بەرگدا (٣-٤) بلاَودەکرێتەوە. مانگنامەی (نەورۆز) لەلایەن ناوچەی رواندزی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) بەڕێوەچووە، یەکەم ژمارەی لە ٢٠-١٠-١٩٩٨ لەلایەن (مەهدی محەمەد) بە دەستنووس دەرچووەو هەتا دوای ژمارە (٤) عوسمان بالاَ بەرزو چەند رۆشنبیرێکی تر هاوکارییان کردووە و (٢٨) ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی ٢٠٠٢ بلاَوکراوەیەکی تر لە رواندز بە ناوی (شار) دەرچووە، ستافی ئامادەکاری شار بریتی بوونە لە (عیسا مەمەدەڕەش‌و بەختیار سەباح‌و حەمدیە مستەفا). دوای ئەمەش ژمارە (سفر) ی (بەیداغ) بە (٨) لاپەڕە دەرچووەو دواتر ناوەکەی بووە بە خەرەند. دەستەی نووسەرانی ئەم بلاَوکراوەیە (رزگار رەسول‌و یاسین برایم‌و کاروان سەباح )و دیزاینەری فەریدوون دەربەندی بووە، دوای پێنج ژمارە "(سفر) بەیداغ و (٤)یش لە خەرەند" وەستا. (رواندزی نوێ) لە مانگی ئابی ٢٠٠٤ لە رادیۆی ئازادی

حزبی شیوعی کوردستان به هەوڵ و ماندووبوونی سەعید ئەسعەد دەرچووەو دوا ژمارەی کە ژمارە (٢٠)ە و لە ئابی ٢٠٠٦ دەرچووە. (ئاراستە) لە ئەیلولی٢٠٠٧ لە رواندز دەرچووە، خاوەنی ئیمتیاز (زرار محەمەد مستەفا) و سەرنووسەر (زریان محەمەد)و جێگری سەرنووسەر (رێبوار عەبدوڵلا)و بەڕێوەبەری نووسین (زانا حەسەن) و دەستەی نووسەران (کاکە جوان گەلاڵەیی، سازان محەمەد، سەرکەوت حەمەدەمین، فەرمان حەسەن، سیروان عەبدولرەحمان)و راوێژکاری یاسایی (محەمەد حەمەد قادر)و نەخشەساز (کرێکار سالح) بوونە.. لە ژمارە(٢) گۆڤارەگە ناوی دەبێتە (ئاڕاستەی نوێ)، ژمارە (٣)ی دواژمارەیەو لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە. ژمارە (١)ی (پۆزۆلۆجی) لە ئایاری ٢٠٠٧ لە قوتابخانەی ئامادەیی رواندزی کوڕان دەرچووەو دوای چوار ژمارە وەستاوە. هەمان ساڵ بڵاوکراوەی (تابلۆ)، کە بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی بووە لە ٢٢-٩-٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە و ژمارە (٤)یش کە دوا ژمارەیە لە ١٤-٢-٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوەو لەلایەن قوتابی (دیار رواندزی)و بە هاوکاری کۆمەڵێك قوتابی تر سەرپەرشتی کراوە. ژمارە (سفر)ی (پرد) لە پایزی ٢٠٠٩ لە لایەن کۆمەڵێك قوتابیو بە هاوکاری پەروەردەی رواندزو ئامادەیی رواندزی کوڕان کەوتۆتە بەردیدەی خوێنەران، سەرپەرشتیو کاری دیزاینی لەلایەن مامۆستا (دادیار ئازاد)و بەشی زۆری بابەتەکان پەروەردەینو بە پێنووسی قوتابیان نووسراونو تەنها ٣ ژمارەی لێ دەرچووە. ژمارە (١) بڵاوکراوەی (کۆدۆك) بە تیراژی ٥٠٠ دانە لە ١١-١١-٢٠١٠ لە ساڵیادی کۆمەڵەی دۆستانی کتێب (کۆدۆك)، کە ئێستا ناوەکەی بۆتە (رێکخراوی هاورێیانی کتێب) بڵاوکراوەتەوە. یەکەم ژمارەی (پشیلۆکە) کە بڵاوکراوەیەکی پەروەردەی تایبەتە بە منداڵان لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٧ لە قوتابخانەی (بێجان)ی بنەڕەتی تێکەڵاو دەرچووەو هەمووی بەسەر یەکەوە (٦) ژمارەی لێ دەرچووە، بە سەرپەرشتی (یاسین برایم)و کاری نەخشەسازی (محەمەد برایم) بووە. ژمارەی (١)ی بڵاوکراوەی (مۆژدە) کە بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی بووە لەلایەن مامۆستا ئیسماعیل عەلی لە شوباتی ٢٠١١ دەچووەو سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. (توێشووی رەمەزان) بڵاوکراوەیەکی ئاینی بووەو تەنها یەك ژمارەی لە ٣١-٧-٢٠١١ تایبەت بە مانگی پیرۆزی رەمەزان لەلایەن

(مەلا ئاراس رواندزی) دەرکراوە. (پەیامی حەج) لەلایەن مەلا ئاراس رواندزی تەنها یەك ژمارەی لە ١٥-١٠-٢٠١١ لێ بڵاوکراوەتەوە. (پەیامی مەولود) ژمارەیەکی تایبەت بووەو لە ساڵی ٢٠١٢ لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) لە لیژنەی ناوچەی رواندزی (یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە هاوکاری ئەوقافی سۆران دەرچووە. ئەمەو رەنگە بڵاوکراوەی دیکەش دەرچووبن و لێرەدا لەبیر کرابن}" .

تا ئێرە بابەتەکە هی مامۆستا یاسین برایم بوو .

دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین هەر لە دوای راپەرینەوە ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسو پەیامنێرو نووسەرو راگەیاندنکاری رواندز لە شارەکانی کوردستان لە دەزگا رۆشنبیریەکانو رۆژنامەو گۆڤارو هەفتەنامەو رادیۆو تیڤییەکان کاردەکەنو جێی پەنجەیان دیارە. هەموو ئەو هەولانە ئەگەرچی پچرپچڕ و کەم مەودا بوون، بەلام بە ئەندازەی خۆیان کاریگەرییان لەسەر هزرو بیری رۆڵەکاندا هەبووەو کۆمەڵێك رۆژنامەوانی دیارو هەڵکەوتەی ئەم شارە، ئێستا لە دەزگاو دامەزراوەکانی راگەیاندنو رۆژنامەوانی شارە جیاجیاکانی کوردستان لە پیشەی خۆیان بەردەوامنو جێپەنجەیان زۆر دیارو رۆشنە. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین کە وێڕای رۆڵی رۆڵەکانی ئەوشارە لە بواری رۆژنامەوانی، کۆمەڵێك نووسەرو وەرگێڕ لە رۆڵەکانی ئەم شارە دەیان کتێب (نووسین یان وەرگێڕان) و سەدان وتارو نووسینی جیاجیایان چاپو بڵاوکردۆتەوەو خزمەتێکی بەرچاویان بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

---

٦١ – سەرچاوە: ژمارە (١)ی گۆڤاری کۆوار

٦٢ – بابەتی کتێبێکە لە بواری رۆژنامەوانی لە رواندز، ئامادەی چاپە.

٦٣ – کورتەیەك لە بزاوتی رۆشنبیری و بەخششەکانی دەڤەری سۆران، ژمارە ٢ی گۆڤاری کۆوار


٦٤ – مامۆستاو نووسەرو رۆنامەنووس یاسین برایم لە دەستنووسێکی کتێبێکی خۆی کە ئامادەی چاپە بەناوی (رۆژنامەگەری لە رواندز لە ١٩٢٦-٢٠١٣ ) ئەم بابەتەی بۆ ناردووین .

## • بواری هونەری:

رواندز یەکێکە لە ناوچە هەرە دیارەکانی بواری هونەر، تەنانەت وای لێهاتووە کە هونەرو رۆشنبیریو رۆژنامەوانیو سروشتو گەشتیاریو راپەڕین بوونەتە ناسنامەیو تا ئەو ئاستەی کە شوێندەستی رۆڵەکانی ناوچەی رواندز لە بواری هونەریدا لە تەواوی کەناڵو دامەزراوەکانی سەرتاسەری کوردستاندا روون و دیارە. هەموو بەشەکانی مۆسیقا، شانۆ، شێوەکاریو تەواوی هونەرە جوانەکان لە ئاستێکی بەرزی ئەکادیمیدان، نەخاسمە مۆسیقاو هونەرمەندانی ئەو تیپو دەزگایانەی تێیدا پێگەیشتوون، ئەمڕۆ هەڵسووڕێنەر یان کۆڵەکەی سەرەکی چەندین کەناڵو دامەزراوەی هونەرین. تەنانەت لە بواری هونەری زەخرەفەو بیناسازیشدا لە ئاستێکی باشدا بووە، بە تایبەتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەردەلانو سۆران، کاریگەری هونەری زۆریان بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەبووە. سەبارەت بە مێژووی هونەرو دروستبوونی تیپو دامەزراوە هونەریەکانی رواندز، مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا)[٦٥]، کە خۆی کۆڵەکەی سەرەکیو بەردی بناغەی هونەرە جوانەکانی ئەو شارەیەو شاکارو خزمەتەکانی بۆ هەموو لایەك ئاشنان، ئاوا بۆمان دەنووسێتو دەڵێت:" {بواری شانۆ لە کوردستان هونەرێکی نوێیەو لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەدەرکەوت، لەشاری ڕواندزیش لە ساڵی (١٩٣١)دا سەری هەڵدا، یەکەم شانۆگەریش کە لە رواندز نمایش کرا شانۆگەری (نیرۆن) بوو لە ١٥-١٠-١٩٣١، ئەم شانۆگەرییە لە دەرهێنانی مامۆستا (فوئاد ڕەشید)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕواندز بووەو هەر خۆیشی رۆڵی نیرۆنی


ستافی شانۆگەری ( نیرۆن ) ساڵی ١٩٣١

بینیوه، ئەمە دەسپێکی کاری شانۆیی بووە لە ڕواندز. هەر لە هەمان ساڵدا (١٩٣١) شانۆگەریی (فارس) لەلایەن مامۆستا (تاهیر سادق) نمایش کراوە. لە ساڵی (١٩٣٢) دا شانۆگەریی کۆمێدی (مچیل) نمایش کراوە، کە لە ئامادەکردنی (تاهیر سادق) بووە، لە ساڵی (١٩٤٣)دا، شانۆگەریی (دڵداری و پەیمانپەروەری) نمایش کراوە، کە لە نووسینی (ا.ب. هەوری) و ئامادەکردنی شەهیدی نەمر (محەمەد قودسی) بووە، لە ساڵی (١٩٤٥)دا شانۆگەریی (کچی داوێن پاك) نمایش کراوە، کە لە نووسینی (ا.ب. هەوری) بووە، شانۆگەری (زاناو ئاشتی) لە ساڵی ١٩٥٨، شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر) ساڵی (١٩٥٨)، شانۆگەریی (ئافرەتو نووشتە) (جادوگەر) لە دەرهێنانی (عومەر هەڵمەت)، شانۆگەریی (ڕۆژی ئازادی) لە نووسینی (محەمەد مەنگوڕی)، شانۆگەریی کۆمێدی (سەرتاش)، شانۆگەریی (بۆ کوردستان) لە ساڵی (١٩٥٩) و دەیان شانۆگەری دیکە لە ڕواندز نمایش کراون، سەرجەم ئەو شانۆگەرییانە هەر لە ساڵی ١٩٣١ تا ئێستا بریتین لە نزیکەی (٨٠) شانۆگەری جۆراوجۆر. بۆ ئەم




مەبەستەش چەند تیپێکی شانۆیی دامەزراون، لە ساڵی ١٩٧١ تیپی شانۆی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دامەزرا. تیپێکی شانۆییش لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد– بەشی ڕواندز دامەزرا، دواتر ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٥ بوو بە تیپی شانۆی شەهید شلێر. ساڵی ١٩٩١ تیپی شانۆی وەستا ڕەجەب دامەزرا. ساڵی ٢٠٠١ تیپی شانۆی هەندرێن دامەزراوەو لە ٢٠٠٦ مۆڵەتیان وەرگرتووە} " .

هاوشان لەگەڵ شانۆ و هونەرەکانی دیکە، ڕواندز لە بواری هونەری شێوەکاریشدا گەشەی بەخۆوە بینیوە، مامۆستا زرار لە شوێنێکی کتێبەکەی کە ئامادەی چاپە، ڕۆڵی مامۆستا (مونیر قەساب) بەرز دەنرخێنێ، کە مامۆستایەکی بە ڕەگەز جوولەکە بووەو لە چلەکانەوە لە ڕواندز مامۆستاو هونەرمەندێکی دەستڕەنگین بووە، هانی قوتابیانی داوە بۆ فێربوونی هونەری

شێوەکاری. دواتر بەپێی قۆناغەکان ئەم هونەرە بەتایبەتی لە قوتابخانەکان پەرەی سەندووە، سەبارەت بە ژمارەی پیشانگە هونەریەکانیش دەڵێت:" {تا ئێستا زیاتر لە (٣٥) پیشانگەی هونەریو فۆتۆگرافو پۆستەری رامیاری بۆ هونەرمەندانی رواندزو شارەکانی تر کراونەتەوە} ". هەرچی سەبارەت بە بواری مۆسیقایە، ئەوا هەموو لایەك ئاشنای کارە هونەریەکانی تیپە مۆسیقیەکانی رواندزن، بە تایبەتی تیپی پاشای گەورە لە ریزی تیپە پێشکەوتووەکانی کوردستان دەژمێردرا. سەرەڕای ئەمە، چەند تیپێکی مۆسیقی لێرە دامەزراون، مامۆستا زرار بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆ دەکات:" {یەکەم تیپی مۆسیقا لە ئایاری ١٩٧١ دامەزرا، بەناوی تیپی مۆسیقی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، دوای ئەو تیپی مۆسیقای پاشای گەورە لە ١-٧-١٩٧٧ دامەزرا، بەرهەمی ئەو تیپە بریتی بوو لە تۆمارکردنی (٧٥) گۆرانی هەمەجۆرو دۆبلاژکردنی (٣٦) گۆرانیو پارچە مۆسیقا بۆ تەلەفزیۆنەکانی (کەرکوك و نەینەوا). هەروەها بەشداریکرد لە (٣٠) ئاهەنگی گۆرانیو مۆسیقاو میهرەجانی هونەری. وە لە ٢٠-٨-١٩٧٧ بەشێکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە رواندز کرایەوەو لە ساڵی




١٩٨٠ گۆڕا بۆ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد-بەشی رواندز. لە ساڵی ١٩٩١یش تیپی مۆسیقای شەهید رابەر دامەزرا} ". لەجێی خۆیەتی کە ئاماژە بەناوی ئەو قوتابیانە بدەین، کە بۆ یەکەمجار لە تیپی پاشای گەورە بەشدار بوونو دواتر ئەو تیپە بە هەوڵی مامۆستا زرار گەورەو فراوان بوو، تا بوو بە یەکێك لە تیپە ناودارەکانی کوردستان، ناوی بەشدارانی سەرەتای تیپەکە بە سوپاسەوە لە مامۆستا زرارەوەن، کە لە کتێبێکی خۆی[٦٦] ئاماژەی بۆ کردوون، کە بریتین لە (چەتۆ ساڵح نەورۆز، سیروان عەبدوڵلا، ئامانج غازی شاکر، سەید ئەحمەد سەید جەبار، شێرزاد ئەکرەم حەیدەری، بژار نوری سەعید، نیعمەت باپیر، ڕزگار جەودەت، ڕێبوار نوری سەعید،




فاروق باپیر، نەهرۆ رەشید..)و دواتر فراوانتر بووە. جێی ئاماژەیە کە ئێستاش دروستبوونی تیپ، بەتایبەتی تیپی منداڵان بەردەوامی هەیە، دوای ئەوەی کە لەسەر دەستی کەسانی شارەزا خولو راهێنان دەبینن. لەتەك ئەمانەشدا بە بەردەوامیو بەپێی قۆناغو سەردەمی جیاواز، هەمیشە کۆڕو سمینارى ئەدەبیو هونەریو رۆشنبیری سازکراون، زرار محەمەد مستەفا لەم بارەیەوە دەنووسێت: "{زیاتر لە ٢٥ سمینار و کۆڕی ئەدەبیو هونەریو رۆشنبیری بۆ شاعیرو هونەرمەندو رۆشنبیرانی رواندزو شارەکانی دی سازکراون، هەروەها ٩ خولی فێربوونی مۆسیقا بۆ منداڵان کراونەتەوە، ٦ خولی نیگارکێشانو شێوەکاری بۆ منداڵان کراونەتەوە}".

مامۆستا زرار لە درێژەی پێدانی زانیاری لەسەر مێژووی دامەزراندنی دەزگا هونەریو رۆشنبیریەکانی رواندز دەنووسێتو دەڵێت: "{کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی– لقی رواندز لە ٢٠–٨–١٩٧٧ دامەزراوە، فەرهەنگخانەی رواندز، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی فەرهەنگخانەکانی وەزارەتی رۆشنبیرییە لە ١٩–٥–٢٠٠٩ دامەزراوە، هەرچی رێکخراوی هاوڕێیانی کتێبە ئەوا لە ١١–١١–٢٠٠٩ دامەزراوەو مۆڵەتی یاساییشی لە ٦–٣–٢٠١٣ وەرگرتووە، سەنتەری رۆشنبیری رواندز لە ٢٠٠٠و بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری لە ٢٠٠٩ فرمانی کردنەوەی دەرچووەو پەیمانگای هونەرە جوانەکانی رواندزیش لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٠–٢٠١١) کراوەتەوە}".

---

٦٥ – کتێبی (هونەر لە رواندزێ) کتێبێکی دەستنووسی مامۆستا زرار محەمەد مستەفایەو ئامادەی چاپە.

٦٦ – سەرچاوەی پێشوو

- **بواری وەرزشی:**

ناوچەی رواندز لە بواری وەرزشیدا، نەخاسمە لە یاریەکانی گۆڕەپانو مەیدان و یاری تۆپی پێ ناوێکی دیار بووە، لەسەردەمی فەوزی بەگی قائمقام گۆڕەپانی گەورەی یاری گەردەگەرد دروستکراوەو زۆربەی یاریە وەرزشیەکانو چالاکییەکانی گۆڕەپانو مەیدانو فیستڤاڵە وەرزشیەکانی رواندزو دەوروبەر لەو یاریگەیە بەڕێوەچوونە. (رەئوف عەبدوڵڵا)[٦٧] سەبارەت بە وەرزش و یانە وەرزشیەکانی ناوچەکە بۆمان دەنووسێتو دەڵێت: "{ لە چلەکانی سەدەی رابردوو یاریە وەرزشیەکان لە رواندز ئەنجام دراون، وەك تۆپی پێ و باسکەو بالەو تێنسو گۆڕەپانو مەیدان، وێنەی ئەرشیفیمان لەبەر دەستە، کە دەسەلمێنێ لە ساڵی ١٩٤٢ یانەی وەرزشی رواندز بوونی هەبووە، کاتێکیش کە لە ساڵی ١٩٥٦ لە سەردەمی فەوزی بەگ گۆڕەپانی گەردەگەرد دروست کراوە، ئەوا گوڕوتینی زۆرتری وەرگرتووە. تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی رواندز لە ساڵی ١٩٦٧ مۆڵەتی لە پارێزگای هەولێر وەرگرتووەو یاریزانەکانیشی ئەمانە بوونە (مەزەر مستەفا ئەفەندی، خالید سۆری، رەشید سۆری، شوان سەید رەشید، دڵشاد مەمەد، کۆچەر مەمەد، سیروان کەمال، نەورۆز ئاغا، رەشید سەبری، کەریم تەها کاولۆکەیی، موخلیس مستەفا، دڵشاد نەورۆز، نیاز مستەفا ئەفەندی، فەوزی محەمەد فەقێ حەسەن، مەحمود عەبدوڵڵا ئیبراهیم، سەمیر شەوواف، شوان کەریم...). لەنێوان ساڵانی حەفتا و هەشتاکانیش ئەم تیپە وەرزشیانە هەبوونە (هەڵبژاردەی تۆپی پێی رواندز، تیپی تۆپی پێی لاوانی کۆڕەك، تیپی لاوانی سامان، تیپی لاوانی گۆران..). ناوەندی وەرزشو لاوانی رواندزیش لە ساڵی ١٩٧٨ دامەزراوە. هەرچی قۆناغی



تیپی تۆپی پێی رواندز ساڵی ١٩٦٧

هەشتا تا نەوەدەکانە ئەوا ئەم تیپانە بوونیان هەبووە (تیپی تۆپی پێی لاوانی بێجان، شارۆخ، هەندرێن، ئاشنا، گەردەگەرد، رواندز، کاولۆکان، کۆڕەك، ئازادی،..). لەدوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستانو سەردەمی ئازادیو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، یانەی وەرزشی رواندز لە ١٩٩٢ مۆڵەتی وەرگرتووەو لە ١٩٩٧ نوێی کردۆتەوە. هەروەها لە ١٩٩٢ تیپی تایکواندۆی رواندز لەسەر دەستی راهێنەر (عیسا مەمەدەڕەش) دروستکراوە، کە ئەمە بۆ ناوچەکەو تەنانەت بۆ کوردستانیش یارییەکی تازە بوو. دوای ئەویش محەمەد خدر (دیدی) بوو بە راهێنەری یاری تایکواندۆ. لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤ تیپی شەترەنج لەسەر دەستی (رزگار شێرکۆ) دروستکراوەو سەر بە ناوەندی وەرزش و لاوانی رواندز بووە، تیپی تۆپی دەستیش لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر دەستی راهێنەر (تەحسین تاهیر) دروست کراوەو سەر بە ناوەندی وەرزشو لاوانی رواندز بووە. هەرچە سەبارەت بە تیپە وەرزشیەکانی ساڵانی نێوان ١٩٩٠-٢٠٠٠ ئەم تیپانەن (تیپی تۆپی پێی لاوانی پاشای گەورە، تیپی شەهید نەبەز، تیپی شەهید فاخیر، تیپی ئازادی، تیپی خەبات،..). لە ساڵی ٢٠٠٦ یاریگایەکی نێودەوڵەتی لە بانەزێوکی نزیك گەڕەکی لاوان دروستکراوە، بەڵام تا ئێستا سوودی لێ وەرنەگیراوە، بەڵام هۆڵی وەرزشی رواندز لە ساڵی ٢٠٠٧ دروستکراوەو وێڕای یاریەکانی بالەو باسکەو دەستو تۆپی سەرمێز، هۆڵێکی راهێنانی وەرزشی لەشجوانیشی تێدا کراوەتەوەو راهێنانی تایکواندۆشی تێدا دەکرێ، هەروەها یاریگای تارتانی وەرزشی لە ساڵی ٢٠٠٩ دروستکراوەو سەر بە ناوەندی وەرزشو لاوانی رواندزەو یاریەکانی تۆپی باسکە و بالەو دەستو تێنسی سەر زەوی لێ دەکرێت. سەبارەت بە یاریگای چیمەنی دەستکردی بچووکیش، سەرەڕای یاریگای چیمەنی سەر بە ناوەندی وەرزش و لاوان، ئەوا جگە لە رواندز، لەزۆربەی گوندو ئاواییەکانی سەر بە قەزای رواندز ئەو یاریگا چیمەنیانە کراونەتەوەو شەو و رۆژ یاریزانان و وەرزشوانان راهێنانو یاری تێدا دەکەن..} ".

---

٦٧ - بەڕێوەبەری ناوەندی وەرزش و لاوانی رواندز

## ◆ ڕۆڵی ڕواندز لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان:

دەڤەری ڕواندز یەکێکە لەو شوێنانەی بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، لەسەرەوە ڕابرد و باسمان لەو ڕاپەڕینانە کرد، کە دژ بە تورك و ئینگلیزو رووس لە قۆناغی جیاجیادا پێی هەڵساون. ناوچەی ڕواندز بەپێی هەڵکەوتەی ستراتیژی کە کەوتۆتە نزیك سنووری ڕۆژهەڵات و باشوورو باکوور، بۆیە مەیدانی گەرم و گوڕی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بووە لەگەڵ داگیرکاران. کاتێك کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بڕیاری دیارکردنی باڵەکایەتی دەدەن بۆ ئەوەی ببێتە مەکۆی شۆڕش، ئەوا ڕواندز دەبێتە بەرەی هەرە پێشەوەی جەنگ و بەرەنگاری لەگەڵ دوژمن، بۆیە ڕواندز بە جوگرافیاو خەڵکەکەیەوە دەبنە پارێزەر و گیانبەختکردووی شۆڕش و چەندین فەرماندەو پێشمەرگەو هاوڵاتی شەهیدو بریندارو ئاوارە دەبن، تەنانەت گەورەترین داستانی پێشمەرگەی شۆڕش لەو سنوورەدا تۆمار دەکرێن، وەك داستانەکانی گۆڕەزو کۆڕەك و بێجان و هەرە گەورەترین داستانیش داستانی چیای هەندرێنە لە (١٢-٥-١٩٦٦)، کە لەم سنوورەداو بە بەشداری رۆڵەکانی ئەم ناوچەیە تۆمار کراو گەورەترین زەبر لە دوژمن دراو دەسکەوتی گەورەی لێکەوتەوە، سەرۆك (مەسعود بارزانی)[٦٨] سەبارەت بە دەسکەوتە مەیدانیەکانی داستانی هەندرێن لە کتێبی خۆیدا دەنووسێت: "{ئەم داستانە بارودۆخی سەربازیو سیاسی هەڵگێڕایەوە. زیانی گیانی دوژمنیش لەو شەڕەدا گەیشتە ٤٠٠ کوژراوو ٦٠٠ بریندار، دەسکەوتەکانی پێشمەرگەش ٤ تۆپی عەیار ٧٥ملم، ٤ هاوەنی ٤,٢٠، هەروەها ١٠ هاوەنی ٢,٣ و ٦٠٠ پارچە چەکی سووك و ١٥ ئامێری لاسلکی ژمارەیەکی زۆری فیشەك بوون ...}". بۆیە دوژمن ناچارکرا کە بە بڕیارەکانی خۆیدا بچێتەوەو مل بداتە بەر داخوازی سەرکردایەتی شۆڕش و



بکەوێتە دانوستان. دواتریش کە شۆڕشی مەزنی ئەیلول بە پیلانی دوژمنانو ڕێککەوتننامەی شوومی جەزائیر، کە لە (٦-٣-١٩٧٥) لەنێوان شای ئێرانو سەددام حوسێن لە جەزائیر لەژێر چاودێری هواری بومیدیەن ئیمزا کرا، ئەوا دوایین شەڕو بەرەنگاربوونەوە لە شۆڕشی ئەیلول لە دۆڵی ئاکۆیانی سنووری قەزای ڕواندز ڕوویداوە، سەبارەت بەم شەڕە سەرۆك (مەسعود بارزانی)[٦٩] دەنووسێت:" {دوایین شەڕ لە مێژووی شۆڕشی چەکداری، لە ڕۆژی (١٣/ی ئازاری/١٩٧٥) ڕوویدا، کاتێك کە لیوایەك هەوڵی پێشڕەویدا بۆ دۆڵی ئاکۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندز، بەڵام تووشی شکستێکی گەورە هاتنو ڕاونران، لەم شەڕەدا (ساڵح ئاکۆیی) کە یەکێك بوو لە فەرماندەکانی ئەو بەرەی شەڕ شەهید بوو، ئەمە دوایین شەهید بوو کە شۆڕشی ئەیلوول پێشکەشی کرد لەپێناو ئازادی کوردستان} "...بەڵام کاتێك بۆ جارێك تر لەدوای نسکۆ، شۆڕش دەست پێدەکاتەوە، ئەوا خەڵکی ڕواندزو ئاوایییەکانی دۆڵی ئاکۆیانو وەرتێو دۆڵی خانەقاو دۆڵ مەنجەل لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی


یادکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازار... ساڵی ١٩٧١

پێشمەرگایەتی دەست دەدەنەوە چەكو بە گژ دوژمنی داگیرکاردا دەچنەوە. لەو ماوەیەشدا دەیان داستانی دیکەی پێشمەرگایەتی لەم ناوچەیە تۆمار دەکرێن.
خەڵکی خۆڕاگری ناوچەکەمان هەر بەوەندە ناوەستن، بەڵکو سێ ڕاپەڕینی شکۆدار لەناو سەنتەری قەزا دژ بەو داگیرکارە ئەنجام دەدەن، کە خاوەن گەورەترینو پڕچەکترین سوپای بەهێز بوو، ئەویش هەر سێ ڕاپەڕینی (٢٨-٣-١٩٨٣)ی قوتابیانی قوتابخانەی دواناوەندی ڕواندزی کوڕانو ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩-٥-١٩٨٧)ی تەواوی چینو توێژەکانی خەڵکی شارو دەوروبەریو ڕاپەڕینە چارەنووسسازەکەی (١٠-٣-١٩٩١) ی جەماوەری بوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان لە ئازاری ساڵی ١٩٩١. لەجێی خۆیەتی

لێرەدا ئەو سێ ڕاپەڕینە وەبیر بێنینەوەو بە کورتی باسیان بکەین.

لە (٢٨-٣-١٩٨٣) قوتابیانی دواناوەندی ڕواندزی کوڕان لە بەرامبەر کردەوە ئیستفزازیەکانی پیاوانی بەعس، کە توانجو قسەی ناڕەوایان بە قوتابیە کچەکان گوتبوو، قوتابیانی ئەو شارە لەناو قوتابخانەوە ڕژانە سەر جادەو بە هوتافی شۆڕشگێڕی و بژی هێزی پێشمەرگەو بڕووخێ ڕژێمی بەعس دەستیان کرد




بە خۆپیشاندانو بە کۆمەڵ لە گەردەگەردەوە بەڕێی جادەی عەبدولعەزیز ڕژانە ناو بازاڕو دەستیان کرد بە خوێندنەوەی دروشمی کوردانەو داواشیان لە دوکانداران کرد دوکانەکانیان دابخەن، دواتر لە بەردەم مزگەوتی باویل ئاغا لەگەڵ دارودەستەی ڕژێم تێکگیران و بەبەرد هێرشیان کردنە سەرو ئەو خۆپیشاندانە تا گەڕەکی شۆڕش درێژەی هەبوو، دواتر ڕژێم کەوتە گرتنی کەسو کاری قوتابیەکانو بەشێکیش لەو قوتابیانەی کە خۆیان شاردبووەوە، دواتر لەڕێی پیاوانی ئایینی، قوتابیەکان هاتنەوەو ڕژێمیش ناچار بوو کەسوکاریان ئازاد بکات. ئەمە سەروەرییەکی گەورە بوو کە قوتابیان لەو سەردەمە دژوارەدا تۆماریان کردو نەیانهێشت ئەتکی ناموسو شکۆی کوردانەمان بکرێت. ڕاپەڕینی بەرفراوانی جەماوەری دووەمیش لە (١٩ی ٥ی ١٩٨٧) بوو، کە لەدوای شکستی هێرشێکی سوپای ڕژێمەوە هات بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی دۆڵی ئاکۆیان، دوای ئەوەی هێزی پەلاماردەری ڕژێم لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەو بەرگری میللی لە خەڵکی ئاواییەکانی دۆڵی ئاکۆیان خۆی ڕانەگرتو لە شەڕێکی گەرمو خوێناویدا تێکشکا و بەزری، خەڵکی چاونەترسی ڕواندزیش لە گەڕەکی گەرووی ناوڕەزان بە ژنو منداڵو پیاوەوە، بە هوتاف کێشانو هەلهەلەوە بەریان بە ئوتومبێلەکانی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکەو ئەو ئوتومبێلانە گرت کە کوژراوو بریندارەکانی خۆیان دەگواستەوە. لە ڕقی ئەو هەڵوێستەی خەڵک، سەرانی ڕژێم بڕیاری ڕووخانی گەڕەکی ناوڕەزانیان داو بە شۆفەڵ دەستیانکرد بە

رووخانی خانووی هاوڵاتییان، بەڵام خەڵکی رق ئەستوورو چەکدارەکانی فەوجە خەفیفەکانیش چوونە پاڵ هێزی خەڵك‌و هێرشیان کردە سەر دامودەزگاو رەبایەکانی سوپای رژێم‌و لە شەڕێکی چەند سەعاتیدا تەواوی رواندز ئازادکراو رژێمیش نزیکەی ساڵێك ئیدارەی شارەکەی بەجێ هێشت. ئەم راپەڕینە سەروەرییەکی ئێجگار گەورە بوو بۆ خەڵکی رواندزو دەوروبەری‌و بۆ تەواوی کوردستانیش، چونکە راپەڕینەکە لەکاتێکدا بوو کە دوژمن لە ئەوجی هێزی سەربازیدا بوو، هەروەها راپەڕینەکە تەواو جەماوەری‌و هی چین‌و توێژە جیاجیاکانی خەڵکی ناوشار بوو، لەهەمان کاتدا چەکدارە کوردەکانی فەوجە خەفیفەکانیش هاتنە پاڵ خەڵکی راپەڕیو و بەگژ هێزی رژێمدا چوونەوە. ئەو راپەڕینە چەندین دەسکەوتی گەورەی مەعنەوی‌و چەك‌و تەقەمەنی هەبوو، وە دوژمنی لە شارەکە وەدەرنا، بەڵام بێ قوربانیش نەبوو، چەند هاوڵاتییەك بوونە قوربانی‌و ژمارەیەکیش بریندار بوون. بەڵام دوای نزیکەی ساڵێك لە تاریك‌و روونی بەرەبەیانییەکدا سوپای رژێم خەڵکەکەی غافڵگیر کردو دەستی کرد بە رەشبگیری‌و ژمارەیەکی زۆری خەڵکیان گرت، ئەگەرچی دوای ماوەیەك هەندێکیان ئازاد کران، بەڵام سێزدە هاوڵاتی ئەو شارە بێ سەروشوێن کران‌و فرمانی (محکمة الثورة)ش بۆ ژمارەیەکی خەڵك دەرچوو. هەروەها دەیان خانووی کەسوکاری پێشمەرگەو بەشداربووی راپەڕینەکە لەناو شاری رواندز لەلایەن رژێم تەقێنرانەوە.




لە راپەڕینی سێیەمیش، کە لە (١٠ی ئازاری ١٩٩١) بوو، ئەوا خەڵکی رواندزو دەوروبەری هێرشیان بردە سەر مەنزوومەی بەعس لە رواندزو حامیەی عەسکەری لە کاولۆکان‌و دوای شەڕێکی کەم، تەواوی خاڵە ئەمنی‌و سەربازیەکان گیران‌و رواندزیش لەگەڵ سۆران‌و چۆمان‌و دەوروبەری ئاوێزانی رانیەی دەروازەی راپەڕین بوون. لەو پێناوەشدا خەڵکی ئەو ناوچەیە قوربانی زۆری گیانی‌و مالی داوەو جگە لە



شەهیدەکانی، تا ئێستاش پۆلێك لە رۆڵەکانی ئەو ناوچەیە شوونبزرو ئەنفال کراون، کە بریتین لە (وریا سەعید رەزاق، شێرزاد جەبار مام شێخ، مەلا خدر وەرتی، عەبدوڵا خدر جۆلا، ئیسماعیل سەدرەددین گەرەوەیی، رەزاق خدر مام شێخ، حەسەن عەلی گاور، عیسا محەمەد عەلی، فازیل وەستا شافی، رێبوار حەسەن یوسف، سەردار تەها خەبباز، سەلیم ئەسعەد فەقیانی، ئەمین ناوخۆش)، بەر لەوانیش چەند هاوڵاتییەکی دیکە شوونبزر کرابوون، ئەمەش بە برینێکی هەرە قووڵ دەژمێردرێ لە جەستەی خەڵکی ئەو ناوچەیەو کەسوکاریان، کە تا ئێستا سارێژ نەبووبێ.

بە کورتی، شاری رواندزو ئاوایییەکانی دەوروبەری لە خەباتو تێکۆشان، لە راپەڕینو خۆپیشاندان، لە گیانبازیو قوربانیدان، هەمیشە لە ریزی پێشەوە بوونە، ئەمەش سەروەرییەکی گەورەیەو مایەی شانازی رۆڵەکانیەتی.

---

٦٨ – سەرچاوە: کتێبی (البارزاني والحركة التحررية الكردية– الجزء الثالث)لا ١٧٩

٦٩ – سەرچاوەی پێشوو، لا٣٤٨

## • بواری شوێنەوار:

هەرکاتێك باسی رواندز و میرنشینی سۆران بکرێت، ئەوا راستەوخۆ بواری شوێنەوارو شوێنە کەلتووریەکانو ئەشکەوتەکان وەك لایەنی هەرە دیاری ئەو میرنشینە دەبنە جێی باسو خواس، چونکە رواندزو دەوروبەری زۆر دەوڵەمەندن بە شوێنەواری دێرینو گرنگ، وە سەرمایەیەکی بەنرخنو شارستانیەتی رۆژانی رابردووی ناوچەکە، نەخاسمە لەسەردەمی میر محەمەدی پاشای گەورە، روون دەکەنەوە. گرنگترین شوێنەوارەکانو شوێنە کەلتوریەکانیش بریتین لە ئیچ قەلا، قەلاتی لۆکان، قەلاتی ئاکۆیان، قەلاتی شۆشێ، قەلاتی بێجانو قونگرەی شەمامو جووت قونگرەو جۆگەی ئاوی ئیچ قەلا، جۆگەی ئاوی گەلی ئاکۆیانو گەلی مێگرو پردی رووباری کاولۆکان، پردی خەلکان، پردی وارەکۆن، پردی بەرسیرین، پردی چۆمەرخینو ئەشکەوتی جنێراوە، ئەشکەوتی بزنێ، ئەشکەوتی کافرانو ئەشکەوتی سیخوڕ، ئەشکەوتی جندیان، ئەشکەوتی ئاشی شێخی، خانووی کۆنی وەستا رەجەبو شوێنی کارخانەی دروستکردنی تۆپ لە کاولۆکانو گۆڕستانی مەلاوسووی شێخەو گردی سەرتۆپو گردی باسکی فەرەزاو سەرای رواندزو حامیەی کاولۆکانو شوێنی چاپخانەی زاری کرمانجیو ماڵی حوزنیو کانیێ گەرمووکاو دەیان شوێنەواری دیکەی گرنگ، کە لە سەرچاوەی جیاجیاوە ناویان هاتووە، یان کەسایەتییەکانی ناوچەکە لە باپیرانیانەوە ناویان بیستوونو گێڕاویانەتەوە، هەندێکیان ئاسەواریان ماوەو هەندێکیشیان لەناو چوونە. بۆ زیاتر روونکردنەوەی هەندێ لایەنی شوێنەوارو ئاشناکردنی خوێنەران پێیەوە، داوام لە (بنکەی شوێنەواری سۆران) کرد، وەك لایەنی پەیوەندیدار بە شوێنەوارەکانی تەواوی دەڤەری سۆران، لەناویشیاندا شوێنەوارەکانی رواندز، بە خۆشحاڵییەوە لایەنی ناوبراو، بە تایبەتیش بەڕێوەبەری بنکەی شوێنەواری سۆران (٧٠) بەپیر داوامانەوە هاتنو ئەم بابەتەیان بۆ ئامادەکردینو ئێمەش لێرە هەر بە ناوی ئەوانەوە دایدەنێین:

## • شوێنە شوێنەواری و کەلتووریەکانی قەزای رواندز:




{لەسنووری قەزای ڕواندز، بەگوندەکانی دەوروبەریەوە، ژمارەیەك شوێنی شوێنەواریو کەلتووریمان هەیە، بەڵام ئێمە نازانین بەتەواوی ژمارەیان چەندە و چ جۆرێکن ... هتد، چونکە تائێستا ڕووپێوێکی شوێنەواریو کەلتووری گشتگیر بۆ ناوچەکە ئەنجام نەدراوە، بەشێوەیەك کە هەموو شوێنە شوێنەواریو کەلتووریەکان لەخۆ بگرێت. نەك هەرتەنها لەقەزای ڕواندز ئەمە نەکراوە و نیە، بەڵکو لە قەزاکانی تری سنووری بنکەکەمانو دەکرێت بڵێین لە سەرتاسەری کوردستانو عێراق ئەم ڕووپێوە شوێنەواریە گشتگیرە نەکراوە .

بەپێی زانیاریەکانی ئێمە، ئەوەی کراوە لەقەزای ڕواندزو دەوروبەریو ئێستا لەبەردەستمان دایە، ئەو ڕووپێوە شوێنەواریەیە، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەنجام دراوەو ناوی چەند شوێنێکی شوێنەواری تۆمارکراوە، یاخود ڕووپێوە شوێنەواریەکەی (رالف سولکی)[٧١]ە، کە لەساڵی (١٩٥١)دا ئەنجامی داوە.

هەروەها کتێبی (مێژووی میرانی سۆران)، کە لەلایەن مێژوونووس (حوسێن حوزنی موکریانی) نووسراوەو لەکتێبێکی سەربەخۆ بەناوی (سەرجەم بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی/ چاپی دووەم) لەچاپ دراوەتەوە. جگە لەوەی لەڕووی مێژوویەوە زانیاریمان پێدەدات لەسەر میرنشینی سۆران بەگشتی، ئەوا لەڕووی شوێنەواریشەوە زانیاری زۆری پێداوین لەسەر ئەو قەڵاتو پردو ...هتد کە لە ناوچەکەدا هەن و لەلایەن کێ دروستکراون...هتد. ئێمەش لە (بنکەی شوێنەواری سۆران)، بەپێی توانا هەوڵمان داوە بۆ تۆمارکردنی شوێنە شوێنەواریو کەلتووریەکانی سنووری

بنکەکەمانو سەردان کردنو ئەنجامدانی توێژینەوەو پاراستنیان ..هتد. ئەوەی ئامادەشمان کردووە، هەوڵێکە بۆ باسکردنی هەندێك لەو شوێنە شوێنەواریو کەلتوورییانەی، کە لە سنووری قەزای ڕواندزو گوندەکانی دەوروبەریدا هەن، چونکە باسکردنی هەموو شوێنە شوێنەواریو کەلتوورییەکانی ناوچەیەك، یاخود قەزایەك بەدوور و درێژی، کارێکی ئاسان نیەو پێویستی بەچەندین شت هەیە، هەر بۆ نموونە پێویستی بەئامارێکی تەواوی ئەو شوێنانەو کاری هەڵکۆڵینو سەرچاوە ...هتد هەیە. هەوڵمان داوە یەکەمجار باسی شوێنە شوێنەواریە جۆراوجۆرەکان بکەین و بەکۆنترینیان دەست پێ بکەین، پاشان ئاماژە بەشوێنە کەلتوورییەکان بکەین .

- **یەکەم: شوێنە شوێنەوارییەکان:-**

وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، یەکەم جار باسی شوێنە شوێنەوارییەکان دەکەین، بۆ ئەو مەبەستەش بە قەسەکردن لەسەر (ئەشکەوتەکان) دەستمان پێ کردووە، چونکە ئەشکەوتەکان وەك پەناگەیەك هەر لەچاخەکانی بەردینەوە لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهاتوونو بەکۆنترین شوێنی شوێنەواری دادەنرێن. پاشان ئاماژەمان داوە بەشوێنە شوێنەوارییەکانی تری وەك (قەڵا و قوللە و پرد ...هتد)، وە هەوڵمانداوە بۆ هەربابەتێك لەم بابەتانە، بەنموونەیەك، یان زیاتر بە دوورو درێژی باسیان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە . هەروەك چەند شوێنەوارێکی تر ناویان هاتووە لەسەرچاوە مێژوویەکان کە لە ڕواندزدا بوونیان هەبووە، وەك( شوورە، کاولۆکان کە شوێنی دروستکردنی چەك بووە، هەروەها مزگەوت... هتد)، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئاماژەیەکی کورتیان پێ کراوە لەم سەرچاوەنەدا، وە ئێستا ئێمە بەتەواوی نازانین لەکوێ دروستکراونو پاشماوەکانیان دیارنیە، بۆیە ناتوانین زیاتر باسیان بکەین.

**١- ئەشکەوتەکان:**

بەهۆی ئەوەی ناوچەی ڕواندزو دەوروبەری ناوچەی شاخاویین، بۆیە دەبینین کەوا ژمارەیەکی زۆر ئەشکەوت لە شاخو بەرزاییەکانی ناوچەکەدا هەن. ئەشکەوتیش هەر لەکۆنەوە وەك پەناگەیەك لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراون، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە

کەوا ئەو ئەشکەوتانە لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنرابن، بەتایبەت ئەوانەی کە زیاتر لەبارو گونجاو بوونە بۆ ژیانو کەشو هەوای ئەو کات، بەڵام تائێستا نەتوانراوە کاری هەڵکۆڵین لەم ئەشکەوتانە ئەنجام بدرێت، هەتا بە بەڵگەی ماددی ئەم گریمانەیە بسەلمێندرێتو زانیاری پێویستمان دەستبکەوێت ..هتد. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستمان دان، ئەوەی تائێستا کراوە تەنها تۆمارکردنی ناوی بەشێك لەو ئەشکەوتانەو ئەنجامدانی پشکنین بووە، بۆ نموونە لەو ڕووپێوەی کە لە حەفتاکان ئەنجام دراوە ناوی چەند ئەشکەوتێك تۆمارکراوە. ئەو ئەشکەوتانەش بریتی بوون لە (ئەشکەوتی جنێراوە، ئەشکەوتی بزنیٚ، ئەشکەوتی پیرداسەر، ئەشکەوتی سیخوڕ، ئەشکەوت لەگەرەوا). (رالف سولکی) لەساڵی (١٩٥١) سەردانی چەند ئەشکەوتێکی کردووەو پشکنینی بۆ ئەنجام داون، وەك (ئەشکەوتی کۆتك، ئەشکەوتێکی تر کە ناوی تایبەتی نیە لەنزیك ئەشکەوتی کۆتك، ئەشکەوتی کۆسپی سپی، دوو پەناگەی بەردی تر کە ناوی تایبەتیان نیە لەنزیك ئەشکەوتی کۆسپی سپی، پەناگەیەکی بەردین لەنزیك پردی ڕواندز ، ئەشکەوتی جوندیان). هەندێکی تریش لەلایەن (بنکەی شوێنەواری سۆران)ەوە تۆمارکراون، وەك (ئەشکەوتی پیروسوا، ئەشکەوتی کافران، ئیگدەر، ئەشکەوتی گا، ئەشکەوتی پشت مەنجەلا).

## ♦ ئەشکەوتی کافران:

**دۆزینەوەی وێنەو نووسین لەسەر دیواری ئەشکەوتی کافران:**

دوای ئەوەی خەڵکی گوندی بەرزێوە ئاگاداریان کردینەوە لە بوونی هەندێك وێنەو نووسین لەسەر دیواری ئەشکەوتی کافران، ئەوەبوو تیمێکمان لە شوێنەوارناسانو توێژەران دروستکرد، ئەندامانی تیمەکە (عەبدولوەهاب سلێمان حەسەن/ بەرپرسی بنکەی شوێنەواری سۆران- سەرۆکی تیم)، (م.دلشاد عەزیز زاموا- بەشی شوێنەوارناسی زانکۆی سەلاحەددین)، (دلشاد عەبدولموتەلیب مەستەفا/ شوێنەوارناس- بنکەی سۆران)، (هیدایەت حسین عومەر/ شوێنەوارناس- بنکەی سۆران)، (عەبدولڕەزاق ئەحمەد باپیر/ کارمەند- بنکەی سۆران)، ئەوەبوو سەردانی

مەیدانی شوێنەکەمان کردوو و پێکەوە ئەم توێژینەوەیەمان نووسی :

**شوێنی جوگرافی:**

ئەشکوتی کافران دەکەوێتە چیای زۆزك بە دووری (٣-٥ کم) لە باکووری گوندی بەرزێوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕواندز لە سنووری پارێزگای هەولێر. بۆ گەیشتن بە ئەشکەوتەکە لەسەر ڕێگەی سەرەکی هاملتۆن ڕێگەیەکی خۆڵ لە گوندی ( بەرزێوە) وە دەردەچێت، پاشان ڕێگەیەکی تری پیادە دەستپێدەکات، کە نزیکەی کاتژمێرێك دەخایەنێتو ڕێگەیەکی زۆر سەختو پڕ بەرزیو نزمییە.

**ناوی ئەشکەوتەکە :**

خەڵکی ناوچەکە بە ئەشکەوتەکە دەڵێن (ئەشکەوتی کافران)، دیارە وشەی کافر لە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، پێدەچێت هۆکاری ناونانی ئەشکەوتەکە بە ئەشکەوتی کافران پەیوەندی بەو وێنانەوە هەبێت، کە لەسەر رووی دیواری ئەشکەوتەکە کێشراون، خەڵکی پێیان وابووبێت ئەوە وێنەی جنۆکەو کافرانن، یان ئەوەتا کەسانێکی تێدا ژیاوە، کە لە شوێنکەوتەو پەیڕەوکارانی ئاینەکانی تر بوونو موسڵمان نەبوون. خەڵکی وشەی کافر یان گاوری بەکارهێناوە بۆ پیاوانی ئاینی زەردەشتیو لە زمانی کوردیدا گاور بە کەسانی شوێنکەوتەی ئاینی مەسیحی یان هەر دینێکی پێش ئیسلام دەوترێتو زۆر شوێنەواری تریش هەیە بە ناوی گاورەوە ناسراوەو ناوەکە پەیوەندی بە شوێنەوارەکەوە نییە.

**وەسفی ئەشکەوتەکە :**

ئەشکەوتەکە دەروازەیەکی تاڕاددەیەك گەورەو بەرزی هەیە، بە شێوەیەك کە دەمی ئەشکەوتەکە لەسەر زەوییەوە فراوانە و بۆ سەقفەکەی تەسك و باریك دەبێتەوە، لە زۆربەی کاتەکانی رۆژدا خۆری پێدا دێتە ژوورەوە، هەروەها ئەم ئەشکەوتە لە دوو نهۆم پێکهاتووە، نهۆمی خوارەوە زۆر قووڵ نییە و بەشی ناوەوەی نارێك و لێژە و فراوانیەکەی نزیکەی (٣-٥ م) دەبێت و پاش کەمتر لە (٥ م) تەسك دەبێتەوەو کۆتایی دێت. لە بەشی دواوەی کونێك هەیە تیرەکەی (١-٥ م) دەبێت و بەهۆی

بەرزییەکەی مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانیو بەبێ بەکارهێنانی پێداویستی سەرکەوتن بۆ نهۆمی سەرەوە سەربکەوێت، بەڵام بە وتەی دانیشتوانی گوندەکەو ئەوانەی سەرکەوتوونو بینیویانە دەڵێن فراوانییەکەی (٣-٤ م) دەبێت، ئەویش بە هەمان شێوە دەروازەیەکی هەیەو رووی لە خۆرەو دیوارێکی بۆ کراوە بە بەرزی (١،٥ م).
ئەشکەوتەکە لەلایەن قاچاخچیو دزەکانی شوێنەوارەوە دەستدرێژی کراوەتەسەرو لە چەند شوێنێك هەڵکۆڵدراوەو هەوڵیشیان داوە وێنەکانی سەر دیوارە بشێوێنن و رووی بەردەکە بشکێنن، هەروەها بەشی خوارەوەی نووسینەکە شکێندراوە.

**وەسفی وێنەکە :**

لەلای چەپی دەروازەی ئەشکەوتەکە لەسەر رووبەری (١٢٠+١٢٠سم) چەند وێنەیەك هەیە لەگەڵ چەند دێڕێك نووسین، وێنەکانو نووسینەکە بە مەرەکەب کێشراونو نووسراون، دیمەنەکەو نووسینەکە هیچ جۆرە چوارچێوەیەك لە یەکتریان جیاناکاتەوە. ئەگەر بە کورتی باسی لێوە بکەین دەبینین لە بەشی سەرەوەدا وێنەی بوونەوەرێك هەیە، کە روون و ئاشکرا نییە (مرۆڤە یان خێو یان کەسێکی ئەفسانەیی)، لە بەشی خوارەوەش وێنەی زۆرانبازی ئەسپسوارێك لەگەڵ شێرێك کێشراوەو لە پشت وێنەی ئەسپسوارەکەش چەند دێڕیك نووسین هەیە .

**دیمەنەکەی بەشی سەرەوە :**

لە بەشی سەرەوەدا، وێنەیەك بە بەرزی (٤٣)سم کیشراوە، بە هۆی شکانی رووی بەردەکە، دەم و چاو و پێی راستی زۆر باش دیار نییە، لە وێنەکەدا بوونەوەرێك دەردەکەوێت قژێکی لوولی هەیە، تاڵەکانی قژی بە شێوەی شەپۆڵ بە هەموو لایکدا بڵاوبوونەتەوە، هەر یەکێك لەو تاڵانەی قژی درێژیەکەیان نزیکەی (١٠ سم) دەبێت، هەر دوو باڵەکانی بە لای راستو چەپ ( باڵی راست بۆ لای راستو باڵی چەپ بۆ لای چەپ) بڵاوکردۆتەوەو لەپی دەستی کردۆتەوە، پەنجەکانی دەستی راستی پێنج پەنجەن، بەڵام پەنجەکانی دەستی چەپی چوار پەنجەن، پەنجەکانی دەستی چەپی نارێکنو دەستەکانی زۆر باریکن. ئەم بوونەوەرە بە شێوەیەکی قەڵەو و بە ڕەنگێکی کاڵ دەردەکەوێت، پانیی سنگی (٧سم) دەبێتو ئەستووری رانی (٣سم) دەبێت،

ڕانەکانی قەڵەون‌و قاچ (لاق)ەکانی باریکن، پێی ڕاستی ناڕێك‌و کولکنە (مووی درێژی پێوەیە).

**دیمەنەکەی خوارەوە :**

لە بەشی خوارەوە بە دووری (١٥سم) لە وێنەی بوونەوەرەکە، وێنەی زۆرانبازی ئەسپسوارێك لەگەڵ شێرێك کێشراوە، ئەسپسوارەکە بە بەرزی (٤٥سم)و پانی (٣٨سم) وێنە کیشراوە، کە کڵاوێکی تاڕاددەیەك شێوە قووچەکی لەسەر دایە، یان چەند چینێکی لەسەر یەك دەردەکەوێت‌و کڵاوەکە لە سەرەوەیدا ئاڵقەیەکی ناوبۆشی پێوەیە، دەم‌و چاوی سوارەکە تاڕاددەیەك بە شێوەیەکی بازنەی خڕ وێنە کێشراوەو دوو بڕۆی گەورەو دوو چاوی بچووکی هەیە، ژێر چەناگە و ڕوومەتی داپۆشراوە (کڵاوەکە بەشی خوارەوەی درێژەو بە شێوەیەك دروستکراوە کە چەناگەش داپۆشێت،



یان پێدەچێت ریشێکی کورتی هەبووبێت)، بە دەستی چەپی ڕێشمەی ئەسپەکەی گرتووەو بە دەستی ڕاستی ڕمێکی درێژی هەڵگرتووە، کە درێژیەکەی لە وێنەکەدا نزیکەی (٥٠ سم) دەبێت، (بەڵام ئەگەر بێت‌و بەراوردی پێوانەی ڕێژەی درێژیی ئەسپسوارو ئەسپەکە بە درێژیی رمەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕمەکە لە واقیعدا زیاتر لە دوومەتر درێژتر بووە)، ئەسپسوارەکە ڕمەکەی لە گەردنی شێرەکە چەقاندووە (ڕۆکردووە)، بە شێوەیەك کە ڕمەکە لە پشتی ملی شێرەکەوە دەرچووە، ئەسپەکە گوێچکەکانی بۆ سەرەوەیە و قاچی چەپی پێشەوەی بەرەو پێشەوە هەڵناوەو قاچەکانی دیکەشی لە حاڵەتی جووڵەدان، ئەسپەکە دەمی کردۆتەوەو بەرامبەر بە شێرەکە لە حاڵەتی سڵەمینەوەدایە. شێرەکە لە بەرامبەر ئەسپسوارەکە

بە بەرزی (٣٠سم) و بە پانی (٣٠سم) وێنەکێشراوە، دەمی کردۆتەوەو گوێکانی بەرزکردۆتەوە، هەرچەندە ڕمەکەی لە گەردنی ڕۆکردووەو لە پشتەملیەوە دەرچووە، بەڵام وەك دەردەکەوێت شێرەکە نەکەوتۆتە زەوی، شێرەکە کلکی بەرزکردۆتەوە بۆ پشتی، هەرچوار پەلی شێرەکە بە شێوەیەك کێشراون، کە دەبیندرێت و چنگ (پەنجە)کانی بە شێوەیەکی باریك و درێژ کێشراون.

**نووسینەکە :**

لەلای چەپی ئەم دوو وێنەیە چەند دێڕێکی نووسین هەیە، کە بە شێوەیەکی لار لەسەرەوە بۆ خوارەوە نووسراون، بەهۆی کاڵ بوونەوەی مەرەکەبەکە ناتوانرێت بە باشی بخوێندرێتەوە، لە هەندێك شوێندا نووسینەکە شکێندراوە، بەڵام دوای تێڕامان و لێوردبوونەوە توانیمان چەند وشەیەکی وەك { **الله ..محمد...علی.. الحق .. حل (محل؟)..**} لە نووسینەکەدا بخوێنینەوە .

**دۆزینەوەی پارچە شوێنەوار لە ئەشکەوتەکەدا:**

خەڵکی بە تەمەنی ناوچەکە ئاماژە بە دۆزینەوەی چەند کەلوپەلێکی گرنگ دەدەن لە ئەشکەوتەدا، وەك: دۆزینەوەی دەستنووسێك لە نهۆمی سەرەوەو پێڵاوی منداڵێك، کە لە چەرم دروستکراوە، هەروەها لیرەی عوسمانی (لیرەی مەجیدی)، دۆزینەوەی کووپە، کە ئێمە خۆشمان چەند پارچە گۆزەو سواڵەتمان لەوێ بەدی کرد. دەگوترێت لە نهۆمی سەرەوە نووسینێك هەیە و لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە نووسراوە: (**لااله الا الله، الملك الحق المبین**) هەرچەندە لەبەر سەرکەوتن بۆ ئەوێ، نەمانتوانی بچینە سەرەوەو ئەو نووسینە ببینین.

**دەستنیشانکردنی سەردەمی وێنە و نووسینەکەی سەر دیواری ئەشکەوتەکە :**

بە شێوەیەکی گشتی دەستنیشانکردنی مێژووی شوێنەوارەکان کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت لەم جۆرە وێنەیە، کە بۆ یەکەمجار لەسەر رووی دیواری ئەشکەوتەکانی کوردستان وێنەو دیمەنی لەو جۆرە بەدی دەکرێت و دەدۆزرێتەوە. دەستنیشانکردنی

مێژووی وێنەکانی (ئەشکەوتی کافران) کارێکی ئاسان نییەو دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بۆ سەردەمی دوای عەباسییەکانی بگێڕینەوە و تایبەتمەندییەکانی ئەم وێنانە لە مەدرەسەی وێنەکیشانی مەغۆلیو سەفەویدا بەرچاو دەکەون. ئەگەر سەیری نووسینەکە بکەین، دەبینین نووسینێکی عەرەبییە، بەهەمان شێوە ئەویش بە مەرەکەب نووسراوە، بەڵام ڕەنگی مەرەکەبەکە کەمێك جیاوازترە لە ڕەنگی هەردوو وێنەکە، بەهۆی کاڵ بوونەوەو ناڕوونی نووسینەکە ناتوانین لە ناوەڕۆکەکەی تێبگەینو نازانین ئەم نووسینە باسی چی دەکەنو بۆ چ مەبەستێك نووسراون؟ خوئەگەر ئەمەمان زانیبوایە، ئەوا یارمەتیدەرێکی باش دەبوو بۆ دەستنیشانکردنی سەردەمەکەیان. وێنەکەی سەرەوە (کە ئێمە بە وێنەی بوونەوەرێك ناومان هێناوە)، پێدەچێت وێنەیەکی ئەفسانەیی بێت (وێنەی جنۆکە، خێو، دێو) نیشان بدات، هەرچەندە قژەکانیو لاشەی شێوەی ژنێك دەدات! جێی ئاماژەیە دەرکەوتنی دیمەنی بوونەوەرە ئەفسانەییەکان لە وێنەکانی مەدرەسەی سەفەویدا بەدی دەکرێن. هەروەها شێوازی وێنەکێشانی ئەسپەکەو دەموچاوو کڵاوو ڕمە درێژەکەی ئەسپسوارەکەو زۆرانبازی کردن لەگەڵ شێر، هاوشێوەی وێنەکانی مەدرەسەی مەغۆلییە، هەروەها هاوشێوەی ئەم وێنانەش لە (شانامەی فردەوسی)دا بەدی دەکرێن.

**٢- قەڵاتەکان:**




بەپێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا لەبەر دەستمان دان، لەناوچەی ڕواندز چەند قەڵایەك هەیە، کە تائێستاش پاشماوەکانیان هەر ماوەو لەسەر شوێنێکی بەرز دروستکراون. ڕواندز کە مەڵبەندێکی گرنگی میرنشینی سۆران بووە، هەوڵدراوە کەوا ئەم مەڵبەندە گرنگە بەقەڵاو قونگرەو شوورە پتەو و قایم بکرێت، کە دواتر بە دوورودرێژی باسیان

دەکەین. ئەمانە لەگەڵ پێکهاتەی سروشتی ڕواندز، وایکردووە کەوا نەتوانرێ بەئاسانی دەستی بەسەردا بگیرێت، هەروەك لەکاتی هێرشکردن بۆسەر میرنشینی سۆران لەلایەن سوپای عوسمانیو والیەکانی ئەوکاتی عێراقەوە، (میر محەمەد) سوپاکەی خۆی کشاندەوە بۆ ڕواندز، ئەوەبوو نەتوانرا دەست بەسەر ڕواندزدا بگیرێت، تا دواتر پیلانیان بۆ میر گێڕاو خۆیو میرنشینە بەهێزەکەیان لەناو برد.

**ئیچ قەلا:**

ئەم قەڵایەی کە ئێستا تەنها بەشێك لەدیواری باکوور و کەمێك لەبناغەکەی ماوە، لەو وێنانەی کە نزیکەی (٦٠) ساڵ لەمەوبەر گیراون دەردەکەوێت کە ئەم قەڵایە لەهەندێك شوێن دیوارەکانی زۆر بەرزن، پێدەچێت دووقات بووبێت. هەروەها دەروازەیەکی گەورەی هەبووە، کە بەشی سەرەوەی دەروازەکە شێوەیەکی نیمچە کەوانەیی هەبووە.

**ناوەکەی:**

(ئیچ) وشەیەکی تورکیە، واتای (ناوەوە) دەدات، بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی (قەڵا)دا، واتای (قەڵای ناوەوە) دەدات، ئەم ناوەش بۆ ئەو قەڵایانە بەکاردێت، کە لەناوەوەی شارەکان دروست دەکرێن.

**شوێنی جوگرافی:**

دەکەوێتە باکووری (قەزای ڕواندز)، لەسەر ڕێگای سەرەکی (سۆران–ڕواندز)، لەلای چەپ لە کاتی چوون بۆ (ڕواندز).

**پێکهاتە و شێوەکەی:**

تاڕاددەیەك شێوەکەی چوارگۆشەیە، لەسەر ڕووبەری نزیکەی (١٩×١٧)م، لەهەر چوار سووچی قەڵاکە تاوەری بازنەیی هەیە، لەبەردو ماددەی قسڵ دروستکراوەو ئەستووری دیواری دەرەوە بەگشتی نزیکەی (١,٥)م دەبێت. دیواری لای باکوور کە ئێستا پاشماوەکەی ماوە، لەبەشی ژێرەوەیدا نزیکەی (١,٥)م ئەستوور دەبێت،

بەرزی (٣,٥)م دەبێت. لەژێر قەڵاکەدا، بەهاوتەریب لەگەڵ دیواری لای ڕۆژهەڵات، ژێرزەمینێکی لاکێشە هەیە، کە بەپێوانەی نزیکەی (١٤×٢٨٠)م، بەرزیەکەی نزیکەی (٣)م دەبێت، سەربانەکەی شێوەیەکی نیمچە کەوانەیی هەیە، کە لە بەردو قسلّ پێکهاتووەو لەچیای زۆزك بەبۆڕی گلێنەیی ئاو بۆ ئەم قەڵایە ڕاکێشراوەو لەو ژێر زەمینەدا کۆکراوەتەوە .

**سەردەمەکەی:**

لەڕووی بیناسازیو شێوازی دروستکردن، ئەم قەڵایە هاوشێوەی ئەو قەڵایانەیە کە میرنشینە کوردیەکان لەناوچەکەدا دروستیان کردوون. هەروەها لەسەرچاوە مێژووییەکان[٧٢] ئاماژە بەسەردەمی دروستکردنی ئەم قەڵایە دراوە، کە لەلایەن (میر محەمەد) کە ناسراوە بە(پاشای گەورە) لەدوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە دەوروبەری ساڵی (١٨١٣) دروستکراوە.

**مەبەست لەدروستکردنی ئەم قەڵایە:**

مەبەست لەدروستکردنی (ئیچ قەلا)، پاراستن و قایمکردنی شاری ڕواندز بووە، کە لەگەڵ هەردوو قونگرەی (شەمام و بەژنی ئایشە خەلان) و قونگرەو شوورەکانی ترو پێکهاتەی سروشتی ڕواندز، وایانکردووە کە ئەم شارە پارێزراوبێتو لەکاتی تەنگانە میر پەنای بۆ ببات .

**قەڵای ئاکۆیان:**

ئەم قەڵایە لەسەر شوێنێکی بەرز دروستکراوە لەگوندی (ئاکۆیان)، لەڕۆژهەڵاتی ڕواندز. بەهۆی ئەوەی لەم گوندە دروستکراوە پێی دەوترێت قەڵای ئاکۆیان. هەروەك (حوسێن حوزنی)، بە(قەڵای دمدم) ناوی هێناوە[٧٣]. ئەم قەڵایە ڕووخاوەو پاشماوەکەی وەکو گردێك دەردەکەوێتو ناتوانرێت بەشەکانی لەیەکتری جیابکرێنەوە. لە هەندێك شوێندا دیوارەکانی دیارن، کە لەبەرد دروستکراوە .
مێژوونووسی ناوبراو ئاماژەی بەوەداوە، کە دوای وازهێنانی (مستەفا بەگ)، لەدەسەڵات بۆ (میر محمد) کوڕی، قەڵای دمدم (قەڵای ئاکۆیان)ی دروستکرد و تیایدا

نیشتەجێ بوو [٧٤].

**قەڵای لۆکان:**

لەسەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دراوە، کە لە ڕواندزدا قەڵایەك هەبووە بەناوی (قەڵای لۆکان)ەوە [٧٥]. ئەو قەڵایە لەشوێنێکی بەرز لە باکووری ڕواندز لەناو لۆفەکانی کاولۆکان دروستکراوە، کە ئێستا پێی دەوترێت (قەڵاتی لۆکان). لەسەردانێکماندا بۆ ئەو شوێنە لە (٢١-١٠-٢٠١٢)، لەگەڵ تیمێك لەبنکەی شوێنەواری هەولێر، چەند پارچە گۆزەیەکمان دۆزییەوە، کە یەکێکیان بۆیاغێکی بریقەداری هەبوو، کە پێی دەڵێن (مزجج)، پارچەیەکی تریش لەپلەی گەرمای بەرز سوورکرابووەوە. بەپێی بۆچوونی یەکێك لەئەندامانی تیمەکە، پارچەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلامی، ئەویتریش بۆ پێش زایین. هەروەك بەدووری نزیکەی (١٠٠)م لەلای باکووری ڕۆژئاوای ئەم گردە، وە لەسەر لێواری شاخەکە پاشماوەی دیوارێکی لەخشت دروستکراو هەیە، کە بەپێی قسەی خەڵکی ڕواندز، (زیندان)ی سەردەمی پاشای گەورە بووە .

**٣-قونگرەکان :**

لەڕووی زمانەوانیەوە، خەڵکی ناوچەکە بە شوێنی (پاسەوانی و قوللە) دەڵێن (قونگرە)، بۆیە ئێمەش هەمان ئەو ناوەمان بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بەو قوللانەی، کە لە سەردەمی میرنشینی سۆراندا، لەناوچەی ڕواندز دروستکراون.
ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە ئەوەیە، کەوا ئەم قونگرانە تاچەندین ساڵ لەمەوبەر پاشماوەکەیان هەرمابوو، بەڵام بەهۆکاری کەش و هەواو دەستکاری کردنیان لەلایەن خەڵك و دروستکردنی ڕەبایەی سەربازی لەشوێنیاندا، ئەم قونگرانە تووشی لەناوچوون هاتوون، بەڵام لەساڵی (٢٠٠٩) و (٢٠١٢) لەلایەن قائمقامیەتی قەزای ڕواندز، بەسەرپەرشتی بنکەی شوێنەواری سۆران و لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، لەنزیك شوێنی پێشوویان مۆنۆمێنت بۆ ئەم قونگرانە دروستکراوەتەوە.

**قونگرەی شەمام:**

ئەم قونگرەیە لەسەر گردێکی بەرز لە باکووری ڕۆژهەڵاتی قەزای ڕواندز دروستکراوە. تا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پاشماوەکەی هەر مابوو، کە لە بەردو قسڵ دروستکرا بوو، بەڵام بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسکران، لەناوچووە. خۆشبەختانە چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی کۆنی ماوە، کە پێش لەناوچوونی ئەم قونگرەیە، گیراون.




لەبارەی ناوەکەی، چیرۆکێك هەیە کە (شەمام) ژنێکی ئازای خەڵکی ڕواندز بووە، یارمەتی (ئۆغز بەگ)ی میری سۆرانی داوە بۆ ڕزگارکردنی ڕواندز لەدەسەڵاتی دەرەکی. ئۆغز بەگیش بۆ یادگاری ئەم قونگرەیەی بەناوی (شەمام)ەوە ناو ناوە[٧٦]، بەم پێیەش بێت مێژووی دروستکردنی (قونگرەی شەمام) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (ئۆغز بەگ) لەسەدەی حەڤدەی زایینی . هەروەك (میر محەمەد ١٨١٣–١٨٣٦ ) کە ناسراوە بە(پاشای گەورە) دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست، لەنزیك قونگرەی شەمام (کە پێشتر ئۆغز بەگ دروستی کردووە) قونگرەیەکی دروستکردو ناوی نان (جووت قونگرەی شەمام)[٧٧]. هەروەها دەوترێت کەوا (وەستا برایم ماویلی)، کە لەسەردەمی (میر محەمەد)دا ژیاوە، ئەم قونگرەیەی دروستکردووە. بەم پێیە بێت، دوو قونگرە، لەدوو سەردەمی جیاواز لەنزیك یەکتری لەسەر هەمان گرد بەمەبەستی قایمکردنو پاراستنی شاری ڕواندز لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە دروستکراون. ئێستاش قونگرەیەکی مۆنۆمێنتی لەسەر ئەم گردە

دروستكراوه .

**قونگرەی بەژنی ئایشە خەلان [٧٨]:**

مێژونووس (حوسێن حوزنی) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە (میر محەمەد) دوای گرتنە دەستی دەسەڵات، دوو قونگرەی لەڕۆژئاوای ڕواندز لەسەر گردێك دروستکردو شیعرێکی فارسی لەسەر نووسین[٧٩]. ئەم قونگرەیە لەشوێنێکی تاڕاددەیەك بەرز لەڕۆژئاوای قەزای ڕواندز دروستکرابوو، تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو پاشماوەکەی هەر مابوو، کە لەبەردو قسڵ دروستکرا بوو، بەڵام بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسکران لەناوچووە. ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەو مێژوونووسە ناوی ئەم دوو قونگرەیە بە(قونگرەی بەژنی ئایشە خەلان)، یاخود (مەلاوسووی شێخە) ناهێنێت!.

لێرەدا دوو ئەگەر هەیە، یان یەکێك لەم دوو قونگرەیە ناوی هەبووە، بەڵام مێژوونووسی ناوبراو لەکاتی نووسینی کتێبەکەی ئاماژەی بەناوەکەی نەداوە، یان لەسەرەتادا هەر ناوی نەبووە و دواتر خەڵکی ناوچەکە ئەم ناوانەی لێناون. ئێمەش ئەو ناوەمان (قونگرەی بەژنی ئایشە خەلان) هەڵبژاردووە بۆ ئەو قونگرە مۆنۆمێنتیە، کە خەڵکی ناوچەکە بەکاری دێنێتو لە نووسراوە فەرمیەکانی قائمقامیەتی ڕواندزدا هاتووەو مۆنۆمێنتێك بەوناوە دروستکراوە.

**٤- پردەکان:**

لەسنووری بنکەکەمان پاشماوەی چەندین پرد هەیە، کە تا ئێستا سەردانمان کردوون، بەڵام یەکێك لەو پردانەی کە پاشماوەکەی لە بارودۆخێکی باش دایەو نموونەیەکی جوانی بیناسازیە، (پردی بەرسیرین)ە، لەگوندی (بەرسیرین)، لەقەزای ڕواندز. هەرچەندە ژمارەیەك پردی تر لەناوچەی ڕواندزدا هەن، کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر، یان وەکو خەڵکی ناوچەکە دەڵێن (پردی پاشای گەورە)ن، بەڵام وەکو وتمان (پردی بەرسیرین) نموونەیەکی جوانی

بیناسازییەو لەهەموو ئەو پردانە بارودۆخی باشترە، کە لە سنووری بنکەکەماندا هەیە، وە پردێکی شوێنەوارییە، بۆیە لەخوارەوە بەدوورو درێژی باسی دەکەین.

## پردی بەرسرین:

**شوێنی جوگرافی:** شوێنەواری پردی بەرسیرین دەکەویتە گوندی بەرسیرین لەڕۆژهەلاتی شاری رواندز بەدووری (٩)کم، لەسەر ڕێگای سەرەکی (سۆران–حاجی ئۆمەران).

**وەسف و پێکهاتەی پردەکە :** ئەم پردە بەقەبارەی (٤٠,٣٠ × ١,٧٠)م، لەسەر شەش دینگە دروستکراوە، کە هەر دینگەیەکیش (٦)م لەدینگەکەی تر دوورەو بەبەرزی (٦,٢٠)م و بەئەستووری (٢ تا ٣)م لەبەردی داتاشراوی رێك و پێك لەسەر شێوەی لاکێشەی قەبارەی جۆراوجۆر دروست




کراوە. جۆرە بەردێکی ڕەش لەم پردە بەکارهاتووە، کە توانای خۆڕاگرییەکی زۆری هەیە بەرامبەر بەگۆڕانکاریەکانی سروشتیی، وەکو کەش‌وهەوا و تیشکی خۆر و شیٚ. ئەم جۆرە بەردە لەخودی ناوچەکە دەست دەکەوێت، بەلاّم بەردەکانی بەشی خوارەوەو بناغەی دینگەکان بەردی سرووشتین و ئەو بەردانەن، کە لەخودی رووبارەکەدا هەن، کە وەکو شاخێکی پتەو بە شادەماری شاخە بەرزەکان بەستراونەتەوە. هەروەها ماددەی قسلٚ بەمەبەستی بەیەکتری بەستنەوەی بەردەکان‌و پتەوکردنی دینگەکان لەنێوان بەردەکاندا بەکارهاتووە. ئەم دینگانە بەشێوەیەکی ئەندازەیی سەرنجڕاکێش دروستکراون، بەشێوەیەك ئەو بەشەی کە ڕاستەوخۆ بەر ئاوی ڕووبارەکە دەکەوێت نووکێکی تیژی هەیەو بەشی دواوەی دینگەکە نزیکەی (٢)م دەبێت‌و تاڕاددەیەك شێوەیەکی کەوانەیی هەیە. ئەمەش

شێوەیەکی پێ بەخشیوە، کە زۆر لەشێوەی کەشتی دەچێت. بێ گومان دروستکردنی دینگە بەم شێوەیە مەبەستی تایبەتی خۆی هەبووەو بۆ ئەوەبووە تا ئاوی ڕووبارەکە بەئاسانی دابەش بکات بۆ هەردوو لای دینگەکەو ئەو پاڵەستۆیەی کە ئاو دروستی دەکات کەمی بکاتەوەو دینگەکە بەرگەی فشاری ئاوەکە بگرێت، بەتایبەت لەکاتی زۆربوونی ئاوی ڕووبارەکە لەوەرزی زستانو بەهار.

**دەستنیشانکردنی سەردەمەکەی:**




هاملتۆن یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لەکتێبەکەیدا[٨٠] ئاماژەی بەو پردە کردووەو دوای وەسف کردنی گوندەکە، دەڵێت: "پردەکە (پردی بەرسیرین) شوێنی پەڕینەوەی زۆر باریکەو تەنها یەك کەس یان یەك بارهەڵگر دەتوانێ لەیەك کاتدا بەسەریدا تێپەڕێت، پردەکە لە سەردەمی میری سۆران محەمەدی کوڕی مستەفا بەگ ناسراو بە پاشای کۆرە بۆ عالی مێرای سەرلەشکری سوپاکەی دروستکراوە". هەروەها ئاماژە بەچاککردنەوەی پردەکە دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی بەرسیرین و دەوروبەری بتوانن بەهۆی ئەم پردە سوود لە ڕێگای هاملتۆن وەربگرنو لە جیاتی دار، شێلمانی ئاسنی گەورەی بۆ داناوە، بۆئەوەی دانیشتوانی دەڤەرەکە بە ئاسانی بەسەریدا بپەڕنەوە. لەمەوە دەردەکەوێت کەوا هاملتۆن هەوڵی چاککردنەوەی ئەم پردەی داوەو دەستکاری کردووە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە، کەوا بەمەبەستی پاراستنی شوێنەوارەکە لە لەناوچوون ئەم پردە جارێکی تر لەلایەن قائمقامیەتی قەزای ڕواندزو بەسەرپەرشتی بنکەی شوێنەواری سۆران لەساڵی ٢٠١١ چاککراوەتەوەو سیانە کراوە. هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، ئەم پردە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (میر محەمەد) میری میرنشینی سۆران.

ئەم پردە لەبەر چەند هۆکارێك درووستکراوە، گونجاوی گوندەکە بەگشتیو ئەوشوێنەی پردەکەی تێدا درووستکراوە، بەتایبەتی هۆکارێك بووە. هەروەها مەبەستی سەربازیو هاتوچۆکردنی سەربازەکان بەئاسانی هۆکارێکی تر بووە. ئەمە جگە لە ئاسانکردنی هاتوچۆی خەڵکی .

## ٥- گۆڕستانەکان :



وێنەی دوو کێلی گۆڕستان

لەبەشی باشووری ئەو گردەی کە (ئیچ قەلاّ)ی لەسەر دروستکراوە، گۆڕستانێك هەیە. لەناو گۆڕەکان، گۆڕێك هەیە کە کێڵەکانی بەشێوەی ڕێکوپێك و ئەندازەیی جوان دروستکراون، لەسەر کێڵەکان نووسین هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر بەردەکەدا هاتوون، ناتوانرێت نووسینەکە بەباشی بخوێندرێتەوە و بەتەواوی لە ماناکەی بگەین. بەڵام (حوسێن حوزنی موکریانی)، کاتێ لەساڵی ١٩٢٨ سەردانی ئەو گۆڕەی کردووە، توانیویەتی بیخوێنێتەوە و دەڵێت:" ئێستا ئەم گۆڕانە وەکو خۆیەتی، لە کێلی لای پێیەکانی نووسراوە (**الدوام لله. هذا قبر المرحوم المغفور لە أحمد بگ ابن اوغز بگ رحمه الله. توفي في سنة الف ومائتين وخمسة عشرة من الهجرة)**". وە لە کێلی لای سەری ئەم شیعرانە بەفارسی نووسرابوون:

**یارب سببی ساز که یارم به سلامت ... باز اید و برهاندم از بند ملامت**(٨١)

هەروەها ئاماژە بەبوونی شیعری (شێخی سەعدی) دەکات لەسەر بەردی گۆڕەکە، بەڵام شیعرەکە تەواو ناکات و جگە لە ناونیشانی شیعرەکە، یان دێڕێکی شیعرەکە باس دەکاتو دەڵێت هەتا دوایی(٨٢). لەبەرامبەر ئەو گۆڕستانە، کەمێك سەرووتر، لەوبەری ڕووباری کاولۆکان، پاشماوەی چەند گۆڕێك هەیە، کە بە هەمان شێوە بەردی گۆڕەکان و کێلەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دروستکراون .

## ئاشەکان :-

لەبەرامبەر گۆڕستانی باشووری (ئیچ قەڵا)، لەوبەر ڕووبار، پاشماوەی ئاشێك هەیە، کە دیوارەکانی تاڕاددەیەکی باش ماون. دەگوترێت ئەم ئاشە لەسەردەمی (میر محەمەد، یان مستەفا بەگ)، دروستکراوە. هەروەك لەنزیك (کانی گەرمووکا)، ئاشێکی تر هەبووە، کە ئێستا بەشێکی زۆری پاشماوەکەی کەوتۆتە ژێر خۆڵ و کەمێك لەسەر ڕووی زەویەوە دیارە، بەهەمان شێوە دەوترێت ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (میر محەمەد).

## دووەم : شوێنە کەلتووریەکان :-


باولەی کەلوپەلی وەستا ڕەجەب

چەند شوێنێك لەڕواندز هەیە، کە دەکرێت بەشوێنی کەلتووریان دابنێین و لێرەدا گەر بەکورتیش بێت باسێکیان بکەین. یەکێك لەو شوێنانە، چەند خانوویێکە لەڕواندز کە لەناویاندا (خانووی وەستا ڕەجەب) هەیە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ئەم کەسە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەڕووی دروستکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ سوپای (میر محەمەد). هەروەها (خانووی حوسێن حوزنی موکریانی)، کە بەهەمان شێوە ئەویش ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە نووسینەوەی مێژووی میرنشینی سۆران. هەروەك سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ ئێمە لەکاتی باسکردنی بەشێکی زۆری ئەم شوێنە

شوێنەوارییانەی کە لێرەدا باسمان کردوون. هەروەك لەپێشەکی کتێبی (سەرجەم بەرهەمی حوسێن حوزنی/ بەرگی دووەم)دا باسی ئەم خانووە کراوە، کە لەڕواندزدا خانوویێکی دەگمەن بووە، بە (٣٠٠) دیناری ئەوکات دروستکراوە و شوێنی نیشتەجێ

بوونی خۆی‌و خانەوادەکەی بووە، لەهەمان کات چاپخانەکەی خۆی هەر لەو خانـووە داناوە.

**کانییێ گەرمووکا** [٨٣]:

یەکێکی ترە لەشوێنە کەلتوورییەکان، ئەو کانیە دەکەوێتـە کـاولۆکـان لـەباکـووری ڕواندز، بەدووری چەند مەترێك لەلای ڕاسـتی شـەقـامـی سـەرەکـی نـێـوان (ڕوانـدز-سۆران)، گەر لەڕواندزەوە بۆی بچیت. ئەم کانیە لە سێ بەشـی یـەك بـەدوای یـەك و هەیوانێك پێکهاتووە. بەشی یەکەم کە ئاوی کانـیـەکـەی تـێـدەڕژێت، شـێـوەیـەکـی لاکێشەیی هەیە. ئەو دووبەشەی تر کە بەدوای بـەشـی یـەکـەم دادێـن، شـێـوەیـەکـی ناڕێکیان وەرگرتووە، بەهۆی لاربوونەوەی دیواری دەرەوەی کانیەکە لەم شوێنانەدا.




هـەر ئـەمـەشـە وایـکـردووە کـە بـەشـی دووەم بچـووکـتربـێـت لەبـەشـی یـەکـەم‌و لـەسـووچـی سەرەوە نـاڕێـکـیـیـەك دروست بـێـت. بـەشـی سـێـیـەم کـە دوابـەشـە، زۆر بچـووکـترە لـە دووبەشی پـێـشـووتـر، بـەهـۆی لاربوونەوەی دیـواری دەرەوەی کانیەکە وەکو پێشتر باسکرا، سووچی بەشی سـەرەوەی زۆرتـەسـك بـووەتـەوە لـەو شوێنەدا. ئەم بەشەش بەهەمان شێوەی بەشەکانی تر، کـە بـە دیـوارێك لـەیـەکـتری جیادەکرێنەوە. تێکڕای دیوارەکان لـەبـەردو چـیـمـەنـتـۆ دروستـکـراون، هـەنـدێـك لەبەردەکان بەشێوەی هەڵکەندن بەزمانی عەرەبی نووسینـیـان لـەسـەر نـووسـراوە. هەروەها ڕووی زەویەکەش بەچیمەنتۆ داپۆشراوە. لەبەشی یەکەم بەهۆی بۆرییـەکـی باریك لەدیواری کانیەکە، ئاو دەڕژێتە ناو حەوزێك، کە لە چـیـمـەنـتـۆ دروسـتـکـراوە. ئاوی کانیەکە بەهۆی بۆریەکەوە دەڕژێتە بەشی دووەم، پاشان بەجۆگەیەکی تەسك‌و قووڵ بەشی دووەم‌و سێیەم دەبڕێت} ".

٧٠ – (عەبدولوەهاب سلێمان حەسەن)

٧١ – شوێنەوارناسێکی ئەمریکیی بوو، ساڵی ١٩٥١ هاتۆتە رواندزو رووپێوی بۆ هەندێك ئەشکەوتو شوێنی شوێنەواریو کەلتووری ئەنجامداوە، لەناویشیاندا ئەشکەوتی بێخاڵ.

٧٢ – سەرچاوە: (سەرجەم بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی/ چاپی دووەم)

٧٣ – (سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧)

٧٤ – (سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧)

٧٥ – (سەرچاوەی پێشوو، لا٢٨،٤٢).

٧٦ – (سەرچاوەی پێشوو، لا٢٩).

٧٧ – (سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧).

٧٨ – (ئەم قونگرانە بە جووت قونگرە ناسراون: حوسێن مستەفا)

٧٩ – (سەرچاوەی پێشوو، لا٢٩)

٨٠ – (road through kurdistan)

٨١ – تێبینی: حوسێن حوزنی موکریانی لە کتێبی خۆیدا ئەم شیعرەی بە شیعری شێخی سەعدی داناوە، لەکاتێکدا ئەمە غەزەلێکی حافزی شیرازییە.

٨٢ – سەرچاوە: (سەرجەم بەرهەمەکانی حوسێن حوزنی/ چاپی دووەم – (لا٢٢)

٨٣ – ئەم کانیە بەهۆی ئاوە گەرمەکەیەوە پێیگوتراوە کانیێ گەرمووکا، بەڵام لە رابردووێکی نزیك مەلایەکی کوردستانی ئێرانو فەقێیەکی هەولێری دەستکاری ئەو کانیەیان کردبووەو شتیان لەسەر دیوارەکانیش نووسیوە، بۆیە لەمدواییانە ناوی کانیێ مەلای، یان کانیێ فەقێی پێگوتراوە: وەستا مەجید کاولۆکەیی ئەم زانیاریانەی پێدام: ئا)

## • سروشت و گەشت و گوزار:

سروشتو ژینگەی ناوچەی رواندز بە شارو شاخو دۆڵو گوندەکانیەوە زۆر جوانو سەرنجڕاکێشە، ئەو ناوچەیە بە یەکێك لە جوانترین ناوچەی پڕ دیمەنی سیحراوی دەژمێردرێو پڕیشە لە شوێنەوارو ناوچەی گەشتیاریو سەیرانگا، بۆیە ساڵانە زۆرترین گەشتیاری ناوخۆییو بیانی سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن. گرنگترین هاوینە هەوارەکانیشی بریتین لە:



**بێخاڵ:** هاوینەهەوارێکی زۆر دڵڕفێنەو ئاوەکەی زۆر ساردو بە قەڵبەزە، تاڤگەکانی سپیو شیرینو کەوتۆتە دۆڵاییەکەوە لە نزیك گوندی بێخاڵ. (نادر روستی)[٨٤] سەبارەت بە بێخاڵ دەنووسێت:" بێخاڵ کەوتۆتە نێو دۆڵاییەك کە چواردەوری بە چیای گەورە دەورەدراوە. بەرزترین لووتکەش چیای کۆڕەکە، کە دەکەوێتە بەشی باشووری رۆژهەڵاتی، لە بەشی رۆژهەڵاتیشیەوە شاخی پانك هەیە، کە هەوارگەی پانکی گەشتیاری لەسەر دروستکراوە، بەشی رۆژئاواو باکووری بە لووتکە چیاکانی گەلی عەلی بەگ دەورەدراوە". نادر روستی لەدرێژەی باسەکەی سەبارەت بە بێخاڵ دەنووسێ:" زیاتر لە ٦ گازینۆو چێشتخانەی لێ دروستکراوە، لە هەمان شوێن نزیکەی ٢٠ دوکان دروست کراون، هەریەك لەو گازینۆو چێشتخانانە زیاتر لە ٢٠٠ گەشتیار لەخۆ دەگرن، کەواتە بێخاڵ توانای هەیە زیاتر لە ٢٠٠٠ گەشتیار لەخۆ بگرێت". ماوەتەوە بڵێین کە هاوینەهەواری بێخاڵ نزیکەی (٥کم) لە سەنتەری قەزای رواندزەوە دوورە.

**تەلەفریکی بێخاڵ- کۆڕەك:**

ئەم تەلەفریکە لەسەر رێی بێخاڵ– رواندز بەدووری (٣ کم) لە رواندز، لە ساڵی

(٢٠١٢) کەرتی تایبەت دروستی کردووە، کە بەهۆیەوە گەشتیار لە بێخاڵو رواندز دەتوانن بە ئاسانیو بە رێگاو مەودایەکی زۆر کورت بەسەر لوتکە چیای کۆڕەك سەربکەونو بچنە ئەو کوێستانە



فێنکە لە هاویندا و پڕ بەفرو بەستەڵەك لە وەرزی زستان، تەلەفریکەکە لە ئاسمانەوە بەسەر گەلیو دۆڵو گردو قووپە چیای بەرزو نەویدا دەڕواو گەشتیار دەخاتە حاڵەتێکی ئەفسووناوی لەناو سروشتێکی جوانو رازاوەی ناوچەکەدا، لەسەر لوتکە چیای کۆڕەکیشدا چێشتخانەو چەندین موتێلو گازینۆو یاری دروستکراون. نادر روستی[٨٥] دەنووسێتو دەڵێت:" ئەو لوتکە چیایە دەڕوانێتە سەر دەڤەری رواندزو سۆرانو مێرگەسۆرو خەلیفانو دۆڵی ئالانەو دۆڵی مەلەکانو دۆڵی ئاکۆیانو بەشێکی دەڤەری بارزانیش. لەسەر لوتکەی بەرزیشیەوە روانگەی فەلەکی عێراقی دروست کراوە".

**پانکی گەشتیاری:**

ئەم پانکە پرۆژەیەکی کەرتی تایبەتەو لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستی پێکردووەو لە ٢٠٠٧ کراوەتەوە، لە بەشی رۆژئاوی شارەو کەوتۆتە نێوان هەردوو گەڕەکی



شەهیدانو بانەزێوك، نادر روستی لە کتێبەکەیدا[٨٦] دەنووسێت:" {زیاتر لە ١٠٠ خانوو، موتێل، چێشتخانەو هۆڵو یاریگای تێدایە، چەندین یاری تێدایە بە تایبەتی یاری شنگلبانە} ". ئەم یارییە لە ناوچەکەدا تازەو بێوێنەیە. چوار وەرزەی ساڵ، نەخاسمە لە هاوینان گەشتیارێکی ئێجگار زۆر سەردانی ئەم پانکە دەکەنو تیایدا

دەمێننەوە. هێشتاش لە بەرنامەی دایە بەشی دیکەو پڕۆژەی دیکەی بۆ زیاد بکرێت، وەك لە راگەیاندنەکانیشەوە باس کرا بڕیاروایە پردێکیش لە پانکەوە بۆ ئەوبەری باپشتیان دروست بکرێو هەردوو بەری گەلی خارەڕەش بەیەك بگەیەنێ، بەڵام تا ئێستا نەچۆتە واری جێبەجێ کردن.


**هاوینەهەواری جندیان:**



ئەم هاوینەهەوارە کەوتۆتە باکووری رۆژهەڵاتی رواندز بە دووری (٥ کم)، نادر روستی [٨٧] لەبارەی جندیان دەنووسێ :" {هاوینەهەواری جندیان لە نیمچە قووڵاییەك دایەو بە چیای بەرز دەورە دراوە، لە باکوورەوە چیای زۆزك (١٨٦٣م)و لە باشوورەوە چیای هەندرێن (٢٥٨٤م)و (لە رۆژئاواوە: ئا) زنجیرە چیای کۆڕەك ( ٢١١٥م). هاوینەهەوارەکە لەناو گەلییەك دایەو بەدارو درەختی بەرز داپۆشراوەو تا سەر لێواری رووبارێك درێژ بۆتەوە، کە لەناوچەی باڵەکایەتییەوە درێژ دەبێتەوەو دەڕژێتە گەلی عەلی بەگ} ". سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی ئەو هاوینەهەوارە نادر روستی دەنووسێ:" {لەساڵی ٢٠٠٢ بەباشی نۆژەنکراوەتەوەو لەساڵی ٢٠٠٨ چێشتخانەو گازینۆی هاوینەی بە ٣ نهۆم لەبەردەم سەروچاوەکە بۆ دروستکراوە، لەژێر دارەکان کەپری حەسیرو قرمیت دروستکراونو جێگای ٢٠٠ خێزان دەبێتەوەو رەنگە جێی ٢٠٠٠ گەشتیاری تێدا ببێتەوە. لە ساڵی (٢٠١٠)ەشەوە ١٣ موتێلی گەشتیاری بۆ دروستکراوە، هەروەها بەدووری ١کم لەجندیانو لەسەر رێی رواندز چەند موتێلو چێشتخانەیەك دروستکراون} ". ماوەتەوە بڵێین کە ناوی جندیان لە زووەوە بۆ بیروباوەڕێك هاتووە، گوایە ئەو ئەشکەوتەی کە سەرچاوەی ئاوەکەی لێ هەڵدەقوڵێ جنۆکەی هەیە، چونکە لە هاوینان ناوە ناوە ئاوەکە زۆر دەبێ، هەندێ جاریش دەکشێتەوە دواوەو چك دەکات، بەڵام ئەمە پەیوەندی هەیە بە هەڵشکانو

داكشانی ئەو شەپۆڵە ئاویانەی ئەو شوێنەی، کە سەرچاوەی بنەڕەتی ئاوەکەی جندیانە.

**سەیرانگا و هەوارگەکان:**




وێڕای ئەو شوێنە گەشتیارییە دیارو بەرچاوانەی سەرەوە، چەندساڵێکە لەگەڵ سەقامگیری دۆخەکەو بوژانەوەی ئابووری خەڵكو ئاوەدانی گوندەکان، چەندین شوێنی دیکەی گەشتیاری دەرکەوتوونو خەڵك بۆ سەیرانی بەهاران، یان بۆ پشوو و جەژنەکان، یانیش لە گەرمەی هاویندا رووی تێدەکەن، بەتایبەتی سەیرانگای بەهاری **(بێرۆ)**، کە کەوتۆتە دۆڵی ئاکۆیان لە باشووری رۆژهەڵاتی رواندز بە دووری (٥کم) و تا زیخەکانی گەرەوان درێژ دەبێتەوە، ناوچەیەکی سەوزایی جوانو دڵڕفێنەو بەهاران بە هەزاران کەس لەخەڵکی سنووری حەوزی سۆرانو دوورتریش رووی تێدەکەن، بە تایبەتی لە بۆنەکانی ئادارو نەورۆز. هەروەها هاوینگەی **(گەلی ئاکۆیان)**، کە کەوتۆتە




ناو چەمی هەردوو گوندی ئاکۆیانو فەقیانو لەنێو دۆڵاییەکدایەو لە باکوورییەوە چیای زێڕینەو لە باشوورییەوە قیپکی کورەك بەسەریدا دەڕوانن، گەلیەکە پڕە لە باخو دراودرەختی بەردار، سەرچاوەیەکی ئاوی سازگاری هەیەو بە هاوینان خەڵکێکی زۆر گەشتو سەیرانی بۆ دەکەن، یاخود لە بۆنەی هاوسەرگیریدا رووی تێدەکەن. **(چۆمی گوندی فەقیان و گۆڕاکۆ)** ناوچەی دیکەی فێنكو دڵڕفێننو چەند ساڵێکە خەڵکی، نەخاسمە لە هاوینان بۆ

گەشتو سەیران رووی تێدەکەن، گوندی فەقیان لەناو دارودرەختی چڕو رەزەکانی گۆڕاکۆ ون بووە، ئاوێکی زۆر سازگارو ساردی هەیە، فەقیان کەوتۆتە دووری (١٠کم) لە باشووری رۆژهەڵاتی رواندز، رێ و جادەی بەناو گەلی ئاکۆیانەوە بۆ دروستکراوەو کارەبای نیشتمانی گەیشتۆتێ.. (**گەلی مێگر و نێرگزەجاڕی بێشۆران**) یەکێکی دیکەیە لەو شوێنە سروشتیە جوانو دڵڕفێنانەی، کە جاران خەڵك زۆر رووی تێدەکرد، بە تایبەتی بۆ چنینی نێرگز، ئەودەم بێشۆران مێرگێکی سەرتاپا رازاوە بوو بە نێرگز، بەڵام ئێستا زۆر لە کەمییان داوە، ئەویش بەهۆی کێڵانو کردنە رەزو باخ، هەروەها بەهۆی هەڵکەندنی سەڵکی بنەکانیان، دەبووایە تایبەتمەندی ئەو مێرگی نێرگزە بپارێزرێتو نەشێوێندرێ. هەرچی سەبارەت بە سەیرانگای (**دەنگارەو کونە ماسییە**)، ئەوا زریان ئەحمەد [٨٨] بەمشێوەیە بۆمان دوا: "{سەبارەت بە دەنگارە، دوو



هاوینە هەواری مەکێ

دەنگارە هەن، کەوتوونەتە بناری چیای هەندرێنو رۆژهەڵاتی گوندی جنێراوە لە بەرامبەر شارەدێی بەرزێوە، یەکێکە لەو شوێنە دڵڕفێنانەی بە بەهاران ئاوێکی سازگارو سپی لێ هەڵدەقوڵێو گەشتیار بۆ سەیرانو بەسەر بردنی کاتەکانیان رووی تێدەکەن، بەڵام کونەماسی کەوتۆتە رۆژئاوای گوندی جنێراوە لە بناری چیای هەندرێن، ئەوێش سەیرانگاو شوێنێکی گەشتیاری دڵڕفێنەو ئاوێکی باشی هەیەو بەهاوینانیش وشك نابێت، تەنانەت وەك سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی گوندەکانی دەوروبەری جنێراوەش بەکاردێتو پرۆژەی لێ دروستکراوە. ئەم سەیرانگایانە نزیکەی (١٠ کم) دوورن لە رواندز. هەرچی سەبارەت بە هەوارگەی (**مەکێ**) یە، ئەوا شۆڕش حەسەن[٨٩] وەها بۆمان دواو گوتی:" { مەکێ یەکێکی دیکەیە لەو ناوچە دڵڕفێنو سازگارانەی خەڵك بە هاوینان بۆ گەشتو سەیران رووی تێدەکەن، کەوتۆتە بناری چیای کارۆخو لەباشووری رۆژهەڵاتەوە بەسەریدا دەڕوانێ، لە باکوورریشەوە ناحیەی وەرتێو لە رۆژهەڵاتیەوە چیای سەری بارێو بێترخێن، لە رۆژئاواشیەوە چیای مامەڕووتەیە،

ئەم ناوچەیە زۆر فێنکەو کەوتۆتە ناو سنووری جوانو دڵڕفێنی ئەو گەلیو شاخانەی دەوری ناحیەی وەرتێیان داوەو دیمەنێکی زۆر جوانیان بە ناوچەکە بەخشیوە. مەکێ نزیکەی (٢ کم) لە ناحیەی وەرتێو (٣٨ کم) لە سەنتەری قەزای رواندزەوە دوورە.

---

٨٤ – سەرچاوە: کتێبی (گەشتێك بۆ گەشت و گوزار) بەرگی یەکەم.

٨٥ – سەرچاوەی پێشوو

٨٦ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

٨٧ – هەمان سەرچاوەی پێشوو

٨٨ – کاك زریان گەنجێکی گوندی میراجیانەو ئێستا لە سۆران دادەنیشێ.

٨٩ – مامۆستا شۆڕش خەڵکی ناحیەی وەرتێیە و ئێستا لە قەزای رواندز دادەنیشێ.

- **بواری پەروەردە و خوێندن:**

خوێندەواری زۆر دەمێکە لەڕێی حوجرەو خانەقاکان هاتۆتە ناو کۆمەڵگای کوردەواری، بۆیە تا سەرەتای سەدەی بیستیش خوێندەواری کورد هەر ئەوانە بوونە کە لە حوجرەو مەدرەسە ئایینیەکان پێگەیشتوون و نموونەشمان هەموو شاعیرو مێژوونووسانی سەردەمی کلاسیکە، ناوچەی ئێمەش وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردەواری، هەر لەو ڕێیەوە خوێندەواریی تێدا بڵاوبۆتەوە، بەتایبەتی لە سەردەمی میرنشینی سۆران، زانایانی شارەزاو هەڵکەوتووی وەك ئیبنو ئادەم و مەلای خەتیّ تا بە ئێستاش ڕائەگا شوێندەستو پێگەیان دیارە، بەڵام سەبارەت بە خوێندن لە قوتابخانەی میری لە ناوچەی ڕواندز، (ئومێد شێرکۆ)[٩٠] دەنووسێت:" {بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٣ لە سەردەمی سەید تەها ئەفەندی قوتابخانەی سەرەتایی کراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٣ لەسەردەمی عومەر میرانی قائمقام قوتابخانەی پاشای گەورە بە بەردو چیمەنتۆ دروست کراوە، کە ئێستاش هەر ماوە، بەڵام بەر لە سەید تەها قوتابخانەی ڕوشدیەی عوسمانی هەر هەبووە. یەکەم کچیش بەناوی ناجیە عەبدولرەحمان لە ساڵی ١٩٣٢ چۆتە بەر خوێندن} ". ئومێد شێرکۆ بەردەوام دەبیّو دەڵێت:" {ساڵی ١٩٣٤ قوتابخانەی کچان کراوەتەوەو لەساڵی ١٩٥٧ لە سەردەمی فەوزی بەگی قائمقام بینای قوتابخانەکە دروستکراوەو تا ئێستاش ماوە، لە ٢٤-٩-١٩٣٩ قوتابخانەی کاولۆکان کراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٢ قوتابخانەی ناوەندی کراوەتەوە، ساڵی ١٩٥٨ قوتابخانەی زۆزکی سەرەتایی کراوەتەوە..} ". بەڵام مامۆستا زرار سەبارەت بە کردنەوەی قوتابخانە پێی ڕاگەیاندمو گوتی:" {یەکەم قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان لە ڕواندز لە سەردەمی سەید تەهای شەمزینی لە ساڵی ١٩٢٦ کراوەتەوە، بەڵام


مامۆستا و قوتابییانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی قوتابخانەی (ڕواندزی کچان) لە ساڵی (١٩٤٤)


قوتابخانەی رواندزی سەرەتایی کچان لە ساڵی ١٩٣٤ کراوەتەوە، هەرچی قوتابخانەی دواناوەندی رواندزە ئەوا لە ساڵی ١٩٤٩ کراوەتەوە} ".

ئێستا لە سنووری قائمقامیەتی قەزای رواندز بە گشتی (٧٠) قوتابخانە هەیە. مامۆستا سەدیق سەعید [٩١]، سەبارەت بە رەوشی پەروەردەو خوێندن ئەم زانیاریانەی پێداین:" {بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رواندز بەفەرمی لە بەرواری ١٩-١٠-٢٠٠٩ کراوەتەوەو سەرپەرشتی سەرجەم ئەو قوتابخانانە دەکات، کە دەکەونە سنووری پەروەردەی رواندز، لە چوارچێوەی یەکەی کارگێڕی سەنتەری شارۆچکەی رواندزو شارەدێی وەرتێ‌و گوندەکانی دۆڵی ئاکۆیان. لە ئێستادا، واتە ساڵی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) تێکڕای (٧٠٧٣) قوتابی لە سنووری پەروەردەکەمان دەخوێنن، لەگەڵ (١٠٩٩) مامۆستاو فەرمانبەر. هەروەها (٧٠) قوتابخانە لە سنووری پەروەردەکەمان هەیە} ". وێڕای پرۆسەی پەروەردەو خوێندن،


فیستیڤاڵی وەرزشی قوتابخانەکان

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ساڵانە چەندین چالاکی‌و فیستیڤاڵیش ئەنجام دەدات، مامۆستا سەدیق سەعید لەمبارەوە دەڵێت:"

{بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رواندز تائێستا دوو فیستیڤاڵی وەرزشی‌و یەك فیستیڤاڵی هونەریی‌و چوار پیشانگای هونەریی ساڵانەی قوتابخانەکانی کردۆتەوە. هەروەها لەسەر ئاستی پەروەردەکانی دیکەی پارێزگای هەولێر بەشداری دەیان چالاکی وەرزشی‌و هونەری‌و پەروەردەیی کردووەو توانیویەتی نمرەو ئاستی باش بەدەست بێنێت. وەك پلەکانی یەکەم‌و دووەم. وێڕای ئەمەش ساڵ دوای ساڵ ئاستی زانست‌و خوێندن لە سنووری پەروەردەکەمان لە پێشکەوتن دایە، بەڕاددەیەك کە ساڵانە ڕێژەی دەرچوون لەسەر ئاستی هەردوو قۆناغی زانستی‌و وێژەیی لە بەرزبوونەوە دایە. لەماوەی ئەو چوار ساڵەی تەمەنی پەروەردەی ڕواندز، سەدان چالاکی جۆراوجۆر لە بوارەکانی وەرزشی‌و هونەریی‌و ڕۆشنبیری بۆ قوتابیان لە




قــوتــابخــانــەکــانــی ســنــووری پەروەردەکەمان ئەنجامدراوە. لە سـنــووری پــەروەردەی رواندز لــە مــاوەی ئــەو چــوار ســاڵــەدا (٣) قـوتـابخـانـەی هـەژدە پـۆلـیو (٢) قــوتــابخــانــەی نــۆ پــۆلــیو (٥) قــوتــابخــانــەی شــەش پــۆلــی دروستکراون، کە گوژمەکەیان بە تێکڕایی (چوار ملیارو دووسەتو حەوت ملیۆن دینار) بووە. هەروەها بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشەی باڵاخانەی قوتابخانەکان، چەندین (کابینە) بە مەبەستی سوود لێوەرگرتیان بۆ گوندەکانو قوتابخانەکان داندراون، ئەمەش گرفتی نەبوونی باڵاخانەی قوتابخانەکان تا ڕاددەیەکی زۆر چارەسەر دەکات. بەشێوەیەکی گشتی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رواندز دەسکەوتێکی گرنگی حکومەتی هەرێم بوو بۆ دانیشتووانی قەزای رواندزو دەوروبەری} ".

٩٠ — سەرچاوە: کتێبی (رواندز لە لاپەڕەکانی مێژوودا)

٩١ — نووسەرو بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رواندز

## ♦ لایەنی خزمەتگوزاری:


وێنەی چەند پرۆژەیەکی قەزای ڕواندز

لەو رۆژگارەی کە رواندز لە سەردەمی سەید تەهای شەمزینی کراوەتە قەزا تا ئەمرۆ، چەندین داودەزگای بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی هاوڵاتیان تێدا کراونەتەوە، لەوساتەوە تا ئەمرۆ هەندێ گۆڕانکاریش لە هەندێکیان



روویداوەو چەند دامەزراوەیەکی دیکەش کراونەتەوە، بەتایبەتی لە دوای راپەڕین و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەخاسمە لەو رۆژەی کە پێگەی کارگێری (قەزا) بۆ رواندز گەڕاوەتەوە. ئێمە لێرەدا نموونە بە چەند داوودەزگایەك دەهێنینەوە، کە زانیاریو داتاکانمان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە پێگەیشتووە:



### شارەوانی:

شارەوانی وەك دامەزراوەیەکی گرنگی خزمەتگوزاری، لە زووەوە لەو شارەدا بە ئەرکی خۆی هەڵساوەو رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە بەجێ گەیاندنی پرۆژەکانی رێگاوبانو ئاوەرۆ و بینایەو پاکراگرتنی ناوشار و کۆڵانی گەڕەکەکان. ئەگەرچی ئامارێکی دروستمان لەبەر دەستدا نییە، سەبارەت بە سەردەمی کۆنی شارەوانیو پرۆژەکانی، بەڵام مامۆستا زرار محەمەد مستەفا پێی راگەیاندین کە:" {بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٢٨ شارەوانی لە رواندز کراوەتەوەو یەکەم سەرۆك شارەوانیش محەمەد

عەلی ئاغا بووە} ". ئومێد شێرکۆ(٩٢) لە کتێبەکەیدا لەزاری شێخ سلێمان دەگێڕێتەوە کە:" {لە ساڵی ١٩٣٦ محەمەد عەلی ئاغا بە هەڵبژاردن بۆتە سەرۆکی شارەوانیو دوای ئەوەش کە بۆتە نائیب، مستەفا فەندی لەجێی ئەو بەوەکالەت بۆتە سەرۆکی شارەوانی} " بەپێی زانیارییەکانی دیوانی قائمقامیەتیش هەریەکە لە ( برایم ئاغا و خالد سەدیق ئاغا) سەردەمێك سەرۆکی شارەوانی ڕواندز بوونە، بەڵام ساڵەکەیان بۆ ئێمە دەستنیشان نەکردووە.




سەبارەت بە سنووری ئێستای بازێڕوانی ڕواندز، بەپێی زانیاریەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕواندز دەریدەخەن:" {سنووری شارەوانی لە ئێستا و پێشان وەکو یەك



بووەو دەستکاری نەکراوە، لەسەر ڕێگای (ڕواندز-سۆران) شەقامی کەمەربەندی باپشتیان، لەسەر ڕێگای ( ڕواندز-بێخاڵ) تاکو کۆمەڵگەی لاوان، لەسەر ڕێگای (ڕواندز-جوندیان) گازینۆی سەرباز عوسمان، لەسەر ڕێگای (ڕواندز-دۆڵی



ئاکۆیان) کۆنەبازگەی ئاساییشە} ". لەدوای ڕاپەڕینەوە هەڵبژاردنی شارەوانی ڕواندز لەساڵی (٢٠٠٠) بووەو سەرۆکەکانی شارەوانیش ئەمانە بوونە:" {سەعید حەمەدەمین ئیبراهیم، شاهۆ کەریم سەعید، عیسا محەمەد خدر} ". سەبارەت بە ژمارەی دانیشتووانو گەڕەکەکانی ڕواندز، شارەوانی دەیخاتەڕوو کە:" {ڕواندز لە ( ١٣) گەڕەك پێکدێت کە ئەمانەن: (پاشای گەورە، گوڵان، خەبات، ئازادی، گەردەگەرد، نەورۆز، شۆڕش، مێگر، شەهیدان، ڕاپەڕین، بانەزێوك، لاوان، ناوڕەزان}

". سەبارەت بە پرۆژەكانیش، ئەوا وەك خاریێ لە خەرواریێ ئاماژە بە چەند پرۆژەیەك دەكاتو دەنووسیێ:" {گرێبەستمان لەگەڵ كۆمپانیای پاپاگروپ هەیەو پەیوەندیمان بەستووە لەگەڵ (توركوی فینلەندا)و (بسمێلی ئامەد)و كاری لەسەر دەكرێت، بەڵام تا ئێستا نەكەوتۆتە واری جێبەجیێ كردن، ئەمە تەنها كاری لەسەر كراوە. ئەمانەش بەشێكی پرۆژەكانمانن: دروستكردنی شەقامی نویێ لەگەڕەكی (شۆڕش، كانی)، دروستكردنی شەقامو ئاوەڕۆی لوولەیی لەگەڕەكی ئازادی، دروستكردنی پاركی مۆنۆمێنتی شەهیدانو ئەنفالكراوانی رواندز، دروستكردنی ئاوەڕۆی شەقامی گەڕەكی كانی، كۆنكرێت كردنی بەشێك لەگەڕەكەكانی شۆڕشو نەورۆز، كانی، فراوانكردنی شەقامی سەرەكی، دروستكردنی بینایەكانی یەكەی ئیداری رواندز، بانك، ئاگركوژێنەوە، دانانی نەخشەی كەرتیی بۆ گەڕەكەكانی (شەهیدان، بانەزێوك، نەورۆز، راپەڕین، قیرتاوكردنی شەقامەكانی گەڕەكی شەهیدان، ئازادی، نەورۆز، شەقامی فەوزی بەگ. ئەم پرۆژانەوەی خوارەوەش لە جێبەجیێ كردن دانە: دروستكردنی بینایەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی رواندز لەگەڕەكی بانەزێوك، دروستكردنی بینایەی بنكەی چاودێری كۆمەڵایەتی لەگەڕەكی شەهیدان، قیرتاوكردنی شەقامەكانی ئازادی، شۆڕش، كانی. دروستكردنی ئاوەڕۆ لە بانەزێوك، شەهیدان، نەورۆز، راپەڕین، و دەیان پرۆژەی دیكە} ".

## خزمەتگوزاری ئاو:


هەرەوەزی خەڵكی رواندز لە پرۆژەی ئاوی مێگر

لەپێشدا سەرچاوەی ئاوی گشت ئاواییەكان كانیاوەكانو رووبارەكان بوونە، یان بە جۆگەلە یاخود هەڵێنجانو لە دەفردا گواستنەوە، ئاو گەیەندراوەتە ئاواییەكان. لە سەردەمی میرنشینی سۆرانیشدا شێوازی هێنانی ئاو بۆ ناو قەڵاو ئاواییەكان بە جۆگەلە بووە، جا چ ئەو جۆگەلانە بە گۆزە رۆنرابن، وەك ئەوەی كە لە ئێچ قەڵایەو لە گۆزەو

بۆڕی گڵێن ئاوی لە بناری زۆزك بۆ كێشراوە، یان ئەو جۆگەیەی كە لە گەلی ئاكۆیانەوە بۆ قەڵاتی ئاكۆیان لە نزمایییەوە بۆ بەرزایی كێشراوەو ئاو گەیاندراوەتە ناو قەڵا، یان هەردوو جۆگەی مێگر، كە یەكێكیان ئاوی بۆ قەڵاتی شۆشێ بردووەو لەوەی تریش ئاو بۆ رواندز هێنراوە.

مەولود بێخاڵیو تاریق جامباز[٩٣] دەنووسنو دەڵێن:" {پاشای گەورە بەر لە قایمكردنی رەواندز بە شوورەو قونگرەو سەنگەر، بیری لە ئاو كردۆتەوە، بۆیە نیازی پێگەیاندنی خەرەندو خاڵەڕەشی لە هزردا بووە، گیروگرفتەكانی رۆژگار دەرفەتی دروستكردنی ئەم پڕۆژەیەی نەدا تەواوی بكات، شوێنەواریشی تا ئەمڕۆ ماوە، بە ناچاری پشتی بە ئاوی مێگری بناری كۆڕەك بەستووەو بە جۆگەلەیەكی دوور و درێژ بە رەواندزی گەیاندووە} ".

بەڵام لەسەردەمی فەرمانڕەوایی میریدا پڕۆژەی نوێ بە بۆڕی راكێشراون، (تۆفیق رەفیق)[٩٤] سەبارەت بە رەوشی ئاو دەڵێت:" {بۆ یەكەم جار پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە لە مێگر بە هەرەوەزی خەڵكی رواندز لە ساڵی ١٩٥٣ بە بۆڕی ٤ ئینج راكێشراوەو لە ساڵی ١٩٧٢ جارێكی تر لە هەمان سەرچاوە بە بۆڕی ٦ ئینج ئاو بۆ رواندز گوازراوەتەوە} ". (ئومێد شێركۆ)[٩٥] لە كتێبەكەیدا دەڵێت:" {پڕۆژەی ئاوی مێگر لە ساڵی ١٩٥١ راكێشراوە}". تۆفیق رەفیق بەردەوام دەبێ و دەڵێت:" {لە بەهاری ١٩٧٩ فەرمانگەی ئاوی رواندز لە سەرۆكایەتی شارەوانی رواندز جیابووەوەو جەمال سەیدا ئیبراهیم كرا بە بەڕێوەبەری، بەڵام كە لە ١٩٨١ رواندز كرایەوە ناحیە، فەرمانگەكە گوازرایەوە قەزای سدیق و تۆفیق رەفیق حەمەد بوو بە بەڕێوەبەری، پاشان محەمەد شێخە حەسەن لە ١٩٨٣ بوو بە لێپرسراوی فەرمانگەو لە ١٩٨٤ ئەحمەد گەردیو لە ١٩٨٦ جارێكی تر تۆفیق رەفیق بووەوە بە لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی رواندز تا ئێستا} ". هەرچی سەبارەت بە پڕۆژەی ئاوی بێخاڵە ئەوا لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی رواندز دەڵێت:" {پڕۆژەی ئاوی بێخاڵ– رواندز لەساڵی ١٩٨٧ جێبەجێ كرا. وە لە ساڵی ٢٠٠٠ –٢٠٠١ توانیمان حەوزێك بە قەبارەی ٤٥٠٠ مەتر سێجا لەگەڵ ١٢كم بۆڕی جیاواز لەسەر ئەركی رێكخراوی هابیتات لە رواندز دروست بكەین، ئێستاش پڕۆژەیەكی نوێی ئاو لە پڕۆژەی بێخاڵ–سۆران جێبەجێ

دەكرێ، كە بریتییە لە دروستكردنی حەوزێك بە قەبارەی ٧٢٠٠ مەتر سێجا، لەگەڵ ٥ كم بۆڕی ١٦ ئینج} ".

**كارەبا:**




ناوەڕاستەكانی سەدەی رابردوو سەردەمێك بوو تازە تاكو تەرای شارو ئاواییەكانی كوردستانو عێراق بە تەزووی كارەبا رۆشن دەبوونەوە، ئومێد شێركۆ[٩٦] لە كتێبەكەیدا دەنووسێ:" {لەساڵی ١٩٥٣ پرۆژەی كارەبای رواندز دەستی پێكردووەو لە پاییزی ١٩٥٤ تەزووی كارەبا دراوەتە رواندزو رۆشنی كردۆتەوە} ". فەیزاد حەمەد عالی[٩٧] دەڵێت:" {پێشان كارەبا سەر بە شارەوانی بووە، كە لێی جیابۆتەوە حەسەن مەكتەبە بووە بە لێپرسراوی كارەبای رواندز، دوای ئەویش محەمەد عەبدوڵڵا سلێمان، بەڵام كاتێك بەعس رواندزی بچووك كردەوە بۆ ناحیە، فەرمانگەی كارەباش كراوەتە بنكەی كارەباو سلێمان كاكەحمەد، دوای ئەویش ئەندازیار پێشڕەو، ئینجا كامەران محەمەد شێخە كراوەتە لێپرسراوی بنكەی كارەبا، لە ٢-١١-٢٠٠٦ من بوومەتە لێپرسراوی بنكەی كارەباو خۆشبەختانە لەگەڵ بوونەوەی رواندز بە قەزا جارێكی تر بنكەكە كراوەتەوە بە فەرمانگە} ". سەبارەت بە پرۆژەكانیش لێپرسراوی فەرمانگەی كارەبا دەڵێت:" {فەرمانگەی ئێمە یەكێكە لە دەزگا هەرە خزمەتگوزاریەكانو شەو و رۆژ بە بەردەوامی لەكاردابن، هەروەها لە ٢٠١٠ پرۆژەی كارەبای نیشتمانیمان گەیاندۆتە نۆ گوندی دۆڵی ئاكۆیان، لە هەمانساڵ بە دوو قۆناغ، جارێكیان (١١) گوندو دوای ئەو بە (١٢) گوند كارەبامان گەیاندۆتە سنووری ناحیەی وەرتێ، لە ٢٠١١ كارەبامان گەیاندۆتە (٥) گوندی دۆڵ مەنجەڵ، هەروەها دانانی وێستگەی مۆبایل لە حافیز، دانانی تۆڕی كارەبا لە سێ گەڕەكی رواندز،

دانانی وێستگەیەکی مۆبایل لە رواندز، گەیاندنی کارەبا بۆ گوندی بنەکاول‌و تۆڕی کارەبا بۆ گەڕەکی بانەزێوك‌و راپەڕین، نۆژەنکردنەوەی تۆڕی کارەبای رواندز، فراوانکردنی تۆڕی کارەبای گوندی لۆغان‌و چەند گەڕەکێکی رواندزو کاولۆکان، پڕۆژەی گەیاندنی کارەبا بۆ گوندی سەرانیش دەرچووەو ئەمساڵ تەواو دەکرێت}
."

## تەندروستی:

بەو پێیەی کە رواندز لە سەردەمانێکی زوودا لەو ناوچەیە تاکە شارو مەڵبەندی کارگێڕی بووە، بۆیە گرنگی زۆریش بە بواری تەندروستی دراوەو نەخۆشخانەی بۆ دروستکراوە. ئەگەرچی ئومێد شێرکۆ(٩٨) لە کتێبەکەیدا دەنووسێت" {ساڵی ١٩٤٦ نەخۆشخانەی رواندز دروست دەکرێ‌و تا ئێستاش هەر بەکار دەهێنرێت}". کەچی (سەپان قادر)(٩٩) دەنووسێت‌و دەڵێت:" ساڵی ١٩٤٧ نەخۆشخانەی رواندز لە هەمان شوێنی ئێستای دروستکراوە، دواتر لە ساڵی ١٩٥٨ وەك هەر نەخۆشخانەیەکی


نەخۆشخانەی گشتی رواندز

دیکەی عێراق، نەخۆشخانەی رواندزیش بۆتە کۆماری‌و نۆژەنیش کراوەتەوە، لەکاتی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ فراوانکراوەو چەند بەشێکی بۆ زیاد کراوە، بەڵام لە ١٩٨٧ بچووککراوەتەوەو کراوەتە بنکەی تەندروستی‌و چەندین فەرمانبەری لێ گواستراونەتەوە قەزای سدیقی ئەوسا، خۆشبەختانە لەدوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ کراوەتەوە بە نەخۆشخانەی گشتی رواندز، وە ١٢ بنکەی تەندروستیشمان هەنە لە گوندەکان لەجۆری (C) و خەریکە دەکرێنە جۆری (B) کە ئەمانەن: بنکەی تەندروستی (کاولۆك، بێخاڵ، ئاکۆیان، گەروان، جوندیان، بەرزێوە، ماویلیان، زەروا، دەرگەڵە،

خانەقا، وەرتێ، زارگەلی)". هەرچی سەبارەت بە ناوی بەڕێوەبەرەکانی نەخۆشخانەی رواندزی گشتییە، سەپان قادر، بەرپرسی کارگێڕی نەخۆشخانە لیستی ناوەکان لە ساڵی ١٩٥٦ تا ٢٠١٣ بەم شێوەیە ریز دەکاتو دەنووسێت:" (د. یەحیا ئەمین، د. غالب یوسف، د.سەمیر، د.عەبدولڕەحمان، د.محەمەد ئەحمەد، د.ئەحمەد فەتاح، د.کبورك، د.لوقمان، د.ئیحسان، د.سەمیر گەرگەری، د.محەمەد ساڵح، د.ئەدیب، د.دەخیل سەعید، د.ئایدن عەباس، د.عەبدولقادر هادی، د.ریاز ئیبراهیم، د.خالد محەمەد عەلی، د.مەنال عەبدوڵلا، د.ڤیان عەبدولعەزیز، د.ئاسۆ عومەر رەشید، د.محەمەد قادر خۆشناو، د.رەفیق مەلا ئەحمەد، د.بایەزید عەبدولڕەحمان، د.تەها مستەفا عەلی، د.مەقسود ئیسماعیل، د.جوتیار عەبدوڵلا، د. سرود کەمال، د. کاروان جەمال، د.بێوار نایف، د. پشتیوان یەحیا، د.دیاری عەزیز". ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنیشە، بەپێی زانیارییەکانی دیوانی قائمقامیەت، بڕیار وایە ئەمساڵ نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەڵەویرەیی لە رواندز دروست بکرێت.

---

٩٢ – سەرچاوە: کتێبی (رواندز لە لاپەڕەکانی مێژوودا)

٩٣ – سەرچاوە: کتێبی (رەواندز شارەکەی پاشای گەورە).

٩٤ – لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی رواندز

٩٥ – سەرچاوە: کتێبی (رواندز لە لاپەڕەکانی مێژوودا)

٩٦ – سەرچاوە: کتێبی (رواندز لەلاپەڕەکانی مێژوودا)

٩٧ – لێپرسراوی فەرمانگەی کارەباری رواندزە

٩٨ – سەرچاوە: کتێبی (رواندز لەلاپەڕەکانی مێژوودا)

٩٩ – بەرپرسی کارگێڕی نەخۆشخانەی رواندز

## مافووری دەستکرد:

سەرەڕای ئەو دۆخە ناجێگیرانەی بەسەر کورددا هاتوون، بەڵام لێرەو لەوێ ژن و پیاوی کورد، بۆ رایی کردنی کاروبارەکانیان کەرەستەو ئامرازی پیشەسازی خۆماڵییان دروستکردووە، ئەگەرچی سادەو ساکاریش بووبن، مافووریش یەکێکە لەو کەرەستەو بەرهەمە خۆماڵیانە، کە بە سەلیقەو دەستو پەنجەی ژن و کچی کورد، بە هونەرێکی جوانەوە دروستکراون و پێداویستی رایەخی ماڵەوەیان بە خۆیان دابین کردووە. لە رواندزو دەوروبەریشدا دروستکردنی بەڕەو مافوورو جاجم و بەرماڵ و کڵاوو گۆرەوی و گوریس و دۆخین و چەندین کەرەستەی تر دروستکراون، بۆ ئەم مەبەستەش لە سەرەتای حەفتاکانەوە کارگەی مافوور لە رواندز دامەزراوە، (خۆشەوی عەلی باویل)[١٠٠]، بەم شێوەیە باس لە سەرەتای دامەزراندنی بنکەی مافوورو شێوازی کارەکانیان دەکات و دەڵێت:" {لە مانگی (٣)ی ساڵی ١٩٧١ دەستکراوە بە دامەزراندنی و لە ٢٢-٤-١٩٧٢ تەواوکراوە، لە مانگی٦-١٩٧٢ دەستبەکار بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤ بەهۆی بارودۆخی کوردستان لەکار کەوتووە، پاشان لە ساڵی ١٩٧٧ نۆژەن کراوەتەوەو لە ساڵی ١٩٧٨ تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ دەستبەکار بۆتەوە، پاشان دووبارە لەکار کەوتووە تاوەکو ساڵی ١٩٩٧، ئینجا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو قۆناغ دامەزراوەتەوە، قۆناغی یەکەم نۆژەن کردنەوەی بینایەکە بووەو قۆناغی دووەمیش دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی بووە، حاڵی حازریش لە نۆژەنکردنەوەدایە. کارگەی مافوور لە ساڵی ١٩٧٢ زیاتر لە (١٢٠) فەرمانبەری هەبووە، کە تەنها (١٢)


کارگەی مافووری رواندز

یان فەرمانبەری هەمیشەیی بوونە، هەروەها زۆر کچە قوتابی ئەوکات لە کاتی پشووی هاوین کاریان تێدا کردووە، تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئافرەتی ناوچەکەمان سوودیان وەرگرتووە لە ڕووی کەمکردنەوەی بێکاریو فێربوونی کاری مافووری دەستکرد. لە حەفتاکان بەسەرەوە مافووری جۆراوجۆر لێرە بەرهەم هێنراون و لە زۆربەی شارەکانی عێراق فرۆشاون، لەسالّی (٢٠٠١)ەوە مافووری ئێرانیمان بەرهەم هێناوەو لەڕێی بەلّێندەرەکان فرۆشراوەتەوە بە ئێران. لە کۆتایی سالّی (٢٠٠٣) لەبەر نەبوونی کرێکار بەرهەممان زۆر کەم بووە، تا سالّی ٢٠٠٧ کە بەرهەممان بەرەبەرە زیادی کردووە، ئەویش بەهۆی گواستنەوەمان بۆ سەر وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان، کە گرنگی زۆر زیاتر بەکارگەکان دراوەو هەموو پێداویستییەکان دابین کراون} " .

هەرچی سەبارەت بە ناوی ئەو بەڕێزانەیە، کە وەك بەڕێوەبەری بنکەی مافووری رواندز دەستبەکار بوونە، بەڕێوەبەری بنکەی مافوور ناوەکان یەك لەدوای یەك دێنیّو دەلّێت:" {تەواوی ئەو بەڕێزانەی کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا بەڕێوەبەری بنکەی مافووری دەستکردی رواندز بوونە بریتین لە: سەباح رۆستەم، عەبدوللّا رۆستەم، سەیفەددین، سەلاح جامباز، عسمەت، سوبحی خەیری، نەناسراوێك کە خەلّکی بەغدا بووە، شاهۆ کەریم سەعید، خۆشەوی عەلی باویل ئاغا}".

---

١٠٠ – بەڕێوەبەری بنکەی مافووری دەستکردی رواندز



## نووسەر لەچەند دێڕێكدا :

ناو: حوسێن مستەفا جەعفەر

لەدایكبووی: ١٩٦٦– رواندز

دەرچووی: پەیمانگای تەكنەلۆژیا– موسڵ– ١٩٨٩/١٩٨٨

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری قەڵا لە سەرەتای نەوەدەكان

ئەندامی دەستەی دامەزرێنەر و دەستەی كارگێڕی دەزگای زاری كرمانجی لە ٢٠٠٥– تا ٢٠١١

ئەندامی كارای رۆژنامەنووسانی كوردستان

لە ئێستادا: بەڕێوەبەری رۆشنبیری و هونەری رواندز بەوەكالەت

بەرهەمەكانی:

لە بنی دەریا...مرواری– ٢٠١٢ ئەندێشە (چاپكراوە)

ناوداران – ٢٠١٢ وەرگێڕانە لە عەرەبی (چاپكراوە)

بۆنی غەریبان دێ– كورتە چیرۆكو نۆڤلێت (لەژێر چاپە)

كورد لە مسڕ بە درێژایی سەدەكان– وەرگێڕانە لە عەرەبی (ئامادەی چاپە)

شوێنەوارەكانی خنس و گرنگییان– وەرگێڕانە لە عەرەبی (ئامادەی چاپە)

لەگەڵ كۆمەڵێك شیعر (ئامادەی چاپن)

دەیان وتاری لە گۆڤارو رۆژنامەكان بڵاوكراوەتەوە

# Rwanzd in the Past and Present

As we gather to celebrate the fifth festival of the day of Rwandz, which is the 26th anniversary of the Rwandz's uprising against the dictatorship of the Baath Party on May19,1987, that the people and Government of Rwandz made the date as the Day of Rwandz. Serwan Sereni, the District Governor of Rwandz, asked me to write a book about the history of Rwandz. I first found such commission very difficult since there is dearth literature available about Rwandz's past. With the Governoer's assistance, I managed in a short time to prepare this book that reflects the culture and history of Rwandz. Thus, this book speaks about the history of cultural, administrative, known figures, leaders and people of Rwandz in general. No doubt such attempt is not an easy mission, therefore, I have shown that further research is necessary to collect Rwandz's past. Without understanding the past, I would strongly argue, one cannot create future. This beautiful city has been the home of many political, social and cultural revolutions throughout history. Rwanzd is known not only for her attractive mountainous landscapes but also for socio-cultural contribution to Kurdish society.

Rwandz was the capital of the Soran Emirate, which is said to have lasted from 1399 to 1835. One the most prominent leaders of the Emirate was Mir Muhammed of Rwandz (also known as Pashay Kora "the Blind Pasha"). In the time of the Neo Assyrian Empire, from the 10th to the 7th centuries BC, Rwandz was the trading route to Nineveh. Wasta Rejeb found the first weapon factory in Rwandz around two hundred yeas ago. Various kinds of coin money for the first time in Kurdish history were launched in this part of Kurdistan. The very first publishing house was established in this city in the first quarter of the last century.

Finally, this book is not an academic study of the chronological past of Rwandz nor a comprehensive picture of her people, but rather an effort to lay the ground for future studies in the fields of oral literature, archeology, culture, social and political antiquity. By writing "Rwanzd in the Past and present" book, I hope I have achieved to shed the light on some aspects of Rawandz's past and present.

Hussain Mustafa